www.pertwk.com

# سۆسیۆلۆژیای خێزان

و: صابر بكر بۆكانی

2002

www.pertwk.com

❖ **ناوی کتێب: سۆسیۆلۆژیای خێزان**

❖ **بابەت: سۆسیۆلوژی**

❖ **نوسینی:** مليحة عوني القصير و صبيح عبدالمنعم احمد

❖ **وەرگێڕانی: صابر بكر بۆکانی**

❖ **تیراژ:** 600

❖ **ساڵ:** 2002

❖ **چاپی: یەکەم**

❖ **کۆمپیوتەر: چاوەڕێ ناصح**

❖ **چاپخانەی: داناز**

❖ **ژمارەی سپاردن: (** 247 **)ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی** 2002**ی دراوەتێ.**

**-لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیو تاوان.**

**زنجیرەی (** 1 **)**

وەك وەفایەك بۆ ئەو مرۆڤە نەخوێندەوارەی بێئاگا لەتیۆرەكانی سۆسیۆلۆژیا , سەر بەرزانە خێزانێكی بێگرفتی پەروەردەكرد

پێشكەش بەرۆحی باوكم

وەرگێڕ

www.pertwk.com

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ ........................................ | 7 |
| بەشی یەکەم: قەوارەی خێزانیی .............................. | 10 |
| - چەمکی خێزان ................................................ | 11 |
| - گرنگیی خێزان ................................................ | 14 |
| - پەرەسەندنی مێژوویی خێزان ................................ | 17 |
| - خێزان لە دیدوبۆچوونی چەند بیریارێکی کۆمەڵایەتیدا.................. | 20 |
| بەشی دووەم: سیستمی خزمایەتی ................................ | 24 |
| - شێوەکانی سیستمی خزمایەتی ................................ | 27 |
| - خێڵ .................................... | 27 |
| - شوێنەوارەکانی سیستمی خزمایەتی ................................ | 31 |
| بەشی سێیەم: رێکخراوە خێزانیەکان و شێوەکانیان .................. | 38 |
| - خێزانی لێکدراو ................................................ | 38 |
| - گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەخێزانی لێکدراودا .......................... | 43 |
| ا- فاکتەرە مێژووییەکان .......................................... | 44 |
| ب- فاکتەرە نوێیەکان .......................................... | 46 |
| - خێزانی (ناوک)ی نوێ .............................................. | 50 |
| - ئەرکەکانی خێزانی ناوک ...................................... | 52 |
| بەشی چوارەم: سروشتی پەیوەندیە خێزانیەکان .................. | 55 |
| - ئەو فاکتەرانەی پێکهێنەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن ............ | 57 |
| - ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەر سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان | 59 |
| - پەرەسەندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە خێزانیەکان ............... | 61 |
| - گونجاندنی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیە خێزانیەکاندا ................ | 63 |
| بەشی پێنجەم: هەڵبژاردنی هاوسەر ............................ | 66 |
| -هەڵبژاردنی هاوسەر .............................................. | 66 |
| - ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی هاوسەر ................ | 67 |

| | |
|---|---|
| بەشی شەشەم: چەمکی هاوسەرێتی ............................ | 84 |
| - سروشتی هاوسەرێتی ............................................ | 88 |
| - پاڵنەرەکانی هاوسەرێتی ....................................... | 91 |
| بەشی حەوتەم: وێنەکانی هاوسەرێتی .......................... | 95 |
| - جۆرەکانی هاوسەرێتی بەپێی ئەو لایەنەی کە گرێبەندی هاوسەرێتی لەبەردەمدا دەبەسترێت .............................. | 103 |
| - جۆرەکانی هاوسەرێتی بەپێی ئەو وابەستە داراییانەی پەیوەندارن | 107 |
| - ئەو جۆرە هاوسەرێتیانەی بەرئەنجامی تابۆی سێکسین ............... | 112 |
| - هاوسەرێتی سەرکەوتوو .......................................... | 113 |
| - بنەماکانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو ................................ | 115 |
| بەشی هەشتەم: رێکخستنی هاوسەرێتی ......................... | 126 |
| - گرێبەستی هاوسەرێتی ........................................... | 127 |
| - مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرێتی .............................. | 128 |
| - لەمپەرەکانی هاوسەرێتی ....................................... | 131 |
| بەشی نۆیەم: رێکخستنی جیابوونەوە ........................... | 139 |
| - جیابوونەوەی ژن و مێرد................................................ | 139 |
| - هۆکارەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد................................ | 142 |
| - شوێنەوارەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد.............................. | 145 |

www.pertwk.com

# پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز........

خێزان ئەو مەسەلە گشتی‌یەیە لەهەر گۆشەنیگایەکەوە بۆی بڕوانیتو, بەهەر فەلسەفەو میتۆدێکی مەعریفە ڕاڤەی بکەیتو, بەهەر شێوازو زمانێك لیێ بدوێتو, هەر بوارو لایەنێکی لێکبدەیتەوەو, سەرنج لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی بدەیتو... تاد, بتەوێتو نەتەوێت, راستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ" لەگەڵ باسکردنی دیاردەیەکی جیهانی‌دا باس لەخۆتو نزیکترین کەسەکانی دەوروپشت دەکەیتو بەژیانی ئاسایی‌و کێشەو گرفتەکاندا دەچیتە خوارەوە. هەر ئەمەیە وات لێدەکات بەتاسەوە بەدوایدا بچی‌و خۆشی لەو ماندوو بوونانەوە وەربگرێت کە ڕەنگە لەپانتایی‌یەکانیدا بێنە ڕێگات. ئالێرەوە سوسیولۆژیای خێزان وەك بابەتێکی زانستی‌و ئەکادیمی هێندە تایبەتمەندێتی‌و کەنارگیری لەخۆناگرێت کە بێزارت بکەن‌و دورت بخەنەوە لیێ. رەنگە ئەم حاڵەتە لەزانستە سروشتی‌یە ئەبستراکتەکاندا بەم بارەدا نەکەوێتەوەو ئەم جۆرە هەستەت لەلا دروست نەکەن, چونکە زیاتر بۆ دەستەبژێرێك لەخوێندەوارانن‌و کەمتر خۆیان لەڕەهەندەکانی رۆشنبیری گشتی‌و مەعریفەی والآدا دەبیننەوە. بۆیە خوێنەری ئاسایی ناپسپۆڕ, زیاتر تێکەڵ بەزانستە مرۆڤایەتی‌یەکان دەبێتو ئاشنایە پێیانو, بەپێویستی دەزانێت بەهۆیانەوە ئاسۆی بیرکردنەوەو رۆشنبیری خۆی فراوان بکاتو, لەمامەڵەکردنیاندا کێشەیەکی ئەوتۆی نایەتە رێگا, وای لێبکەن بەئاقارێکی تردا بیبەن.

ئـەم کتێبـەی لەبەردەسـتتدایە هـەروەك لەخوێندنـەوەی بەشـەکانی‌دا تێبـینی دەکـەیت, دورە لـەتێڕوانینی شەخسـی‌و, بۆچـوون‌و ئەندێشـەی تاکـە کەسـانەوە, بەڵکو دەرهاویشتەی دەیـان‌و سـەدان توێژینـەوەی ئـەکادیمی‌و زانسـتی‌و بابـەتی‌و وەسفی‌یەو, بەرهەمی رەنج‌و شەونخوونی زیاتر لەسی ساڵی دوو پرۆفیسۆری زانـای ئـەو بـوارەن کـە شـارەزایانە لەچوارچـێوەی کتێبێکـی زانکـۆیی‌دا دایانڕشـتووەو ئامادەیان کردووە.

ئێمـەش لـەلای خۆمانـەوە جەوهـەری بابەتـەکانمان بەئەمانـەتی زانسـتی‌و ئەمانەتی وەرگێڕانەوە, پوخت کردۆتەوەو بەهیچ جۆرێـك سـنورە سـەرەکی‌یەکانی هزرو بیرۆکـە بنچـینەیی‌یەکانمان نەبەزانـدووەو لامـان نـەداوە لێیـان, بەپێویسـتی ئەزانم هۆکارەکانی پوخـت کردنـەوەی دەقـە ئەسـڵی‌بەکەش لـەم چـەند خاڵـەدا بـۆ خوێنەری بەڕێز روون بکەمەوە:

+هەوڵدراوە بەشێوەیەکی رێك‌و پێك, ئەو بابەتانـەی کـە شـارەزاو پسـپۆڕانی بوارەکە لەزانکۆکانی کوردستاندا, لەسەری رێکـەوتوون‌و بڕیاریـان لەسـەری داوە, وەك پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی لەبەشەکانی کۆمەڵناسـی‌دا, تـەنها وابەسـتەبین بەو بابەت‌و بەشانەوە.

+چـەند بابـەتێك لەهەنـدێك لەبەشـەکانی کتێبـە ئەسـڵی‌یەکەدا دووبـارە بوونەتەوە, بەپێویستمان نەزانیوە جارێکی ترو لەشوێنێکی تردا بچینەوە سەریان.

+پوخت کردنەوەی ئەو بابەت‌و بەشانەی کە بەشێوەیەکی دوورو درێـژ باسـیان لێوەکراوەو خراونەتە ڕوو.

+ئەو بابەتو بەشانەمان دوورخستۆتەوە کە تایبـەتن بەکۆمـەڵگای عێراقـیو یاساکانی بارەکانی کەسێتی (الاحوال الشخصیە) عیراقیو, زیاتر خۆمان بەبابەتە جیهانیو توێژینەوە گشتیی‌یەکانەوە بەستۆتەوە.

+نایشارمەوە رەوشی چـاپ کـردنو تێچـوونەکانی ئـەمڕۆی دەڤـەری خۆمـان, رۆڵی خۆی هەبووە لەم پوخت کردنەوەیەدا.

لـــەکۆتایی وەك دیاری‌یـــەکی بچـــووك ئـــەم بەرهەمـــە (بەهـــەموو کەموکورتی‌یەکانی‌یەوە) پێش کەش بەخوێنەری کوردو کتێبخانەی کوردی دەکـەم بەو هیوایەی لەهـەر ناتـەواوی‌و کەموکوڕی‌یـەك کـە هەسـتی پێ‌دەکـەن, ببـورن, چونکە هیچ کارێکی مرۆڤ نموونـەیی‌و کـامڵ نییـە بەتایبـەتی ئەگـەر پێشـتر لـەو بوارەدا رەچە نەشکابێ‌و کارەکەش نۆبەرە بێت.

**سابیر بەکر بۆکانی**

2002/2/18

**سلێمانی**

## بەشی یەکەم
## قەوارەی خێزانیی

زاناو بیریاران هەر لەکۆنەوە هەتا ئـەمڕۆ گرنگی‌یـان بەتوێژینـەوەی کاروبـاری خێزان داوە, ئەمیش بەهۆی گرنگی ئەو ڕۆڵەی کـە خێـزان لـەژیانی تاکەکەسـانو گروپــە مرۆیی‌یەکانــدا دەیگێڕێــت, هەنــدێك توێــژەری بیرمەنــد (بەتایبــەتی هاوچــەرخەکان) پێیــان وایــە تونــدو تــۆڵی کۆمــەڵو هــێمنی ئــەم دامــەزراوە پەیوەندی‌یەکی بەهێزو پتەوی بەتوندوتۆڵی خێـزانو تاکەکانیـەوە هەیـە, هـەروەك چۆن داڕمانی ژیانی کۆمەڵایـەتی لەهـەر کۆمەڵێکدا بەهـەمان شـێوە پەیوەسـتە بەهەڵوەشانو لەبەریەکترازانی خێزانەکانی ناویەوە.

لەمێــژە فەیلەســوفو سیاســەتمەدارو بیریــارو ســەرکردەکان لەســنورەکانی لێکۆڵینــەوەی کۆمەڵــدا بایــەخیان بــەخێزانیش داوە. بــەڵام ســەرهەڵدانی سوسیولوژیای نوێ وەك زانستێکی سەربەخۆی بـەربلاو, بـووە هـۆی چـڕکردنەوەی

هەوڵــەکان بــۆ توێژینــەوەی خێــزان وەك بەشــێك لەبەشــەکانی مەعریفــە کــە بەشێوەیەکی زانسـتی لـەخێزانو کاروبارەکـانیو سروشـتو پەرەسـەندنو قـەوارەو کێشەکانی دەکۆڵێتەوە ئەم بەشەش ناونرا "سوسیولوژیای خێزان".

سوسیولوژیای خێزان گرنگی بەخێزان دەداتو وەك دامـەزراوەو ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتی بەمیتۆدێکی زانستیو بابەتیو شـیکاریو وەسـفی لیێ دەکۆڵێتـەوە بۆ زانینی چۆنیەتی پەرەسەندنیو سروشـتی پێکهاتـەو بونیـادو پەیوەندیـەکانی ناوی, کە ئەرکەکانو کێشەکانی خێزان لەخۆدەگرێتو هەوڵدەدات بگاتە بەرنامەو پلانێك تـا بەهۆیـەوە بەشـێوەیەکی کاریگـەر بونیـادی کۆمـەڵێکی هـێمنو ئـارام دەستەبەربکرێت.

## چەمکی خێزان:

وەك ئاشـکرایە خێـزان بچـوکترین یەکـەی کۆمەڵایەتیـەو شـانۆی کارلێـكو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەو, تیایدا تاکەکەس لـەدایك دەبـێو گەشـەدەکاتو پێدەگاتو دەبێتە ئەندامێکی سـەربەخۆی پشـت بەخۆبەسـتوو, بـەهۆی خێزانـەوە تاکەکەس ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لەناوو لـەدەرەوەی خێـزان وەردەگرێـتو فێریـان دەبێتو, بەهۆیەوە ڕۆڵو پلەو پایـەی کۆمەڵایـەتی لەکۆمـەڵگادا بـۆ دەستنیشـان دەکرێت.

بەهۆی جیاوازی دیدو بۆچوونەکانی ئەو توێژەرانـەی لـەخێزانیان کۆڵیوەتـەوە, تـاکو ئێسـتا نـەتوانراوە چـەمکی خێـزان بەیـەك شـێوە دیـاری بکرێـتو چـەندین چەمكو مانای جیاجیایان بۆ خێزان داناوە, لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

**بەچەمکی سێکسی:** بەپێی ئەم تێڕوانینە چەمکی خێزان بریتی‌یە لە پەیوەندی سێکسی‌یانەی نێوان پیاوو ژن کە ئەرکی ئەم پەیوەندی‌یەش نەوە خستنەوەو گرنگی دانە بەمندالّ.

**بەچەمکی رەفتاری:** لەم گۆشەنیگایەوە خێزان بەستراوەتەوە بەو چەشنانەی رەفتارەوە کە لەپرۆسەی هاوسەرێتی‌و, پەیوەندی‌یەکانی‌و, هەلّبژاردنی هاوسەرو, یاساکانی هاوسەرێتی, شوێنی ژن‌و گۆڕانکارییەکان کە بەسەر هاوسەرێتی‌و جیابوونەوە (الگلاق)دا هات بوون, پێیان وایە ئەم چەشنانە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر تاکەکانی خێزان هەیە.

**بەچەمکی کۆمەلاّیەتی:** لەم ڕوانگەیەوە خێزان بریتی‌یە لەیەکەیەکی کۆمەلاّیەتی رێکخراو وابەستە بەداب‌و نەریت‌و قانونەوە, بەو پەیوەندی‌یە تایبەتی‌یانەش جیادەکرێتەوە کە لەنێوان بەشدار بووان‌و پێکهێنەرانی ئەو یەکەیەدایە وەك پیاوو ژن‌و مندالّ, خۆ ئەگەر خێزانەکەش گەورە بێت ئەوا پەیوەندی‌یەکە خزمەکانیش دەگرێتەوە.

**لەچەمکێکی تردا خێزان:** بریتی‌یە لەو پەیوەندی‌یەی نێوان پیاوو ژن کەڕەنگە کورت بێ یان درێژەبکێشێت ئینجا مندالّیان هەبێت یاخود نەیانبێت.

خێزان جیایە لەهاوسەرێتی: چونکە هاوسەرێتی ئالّۆزترە لەخێزان‌و پەیوەستە بەداب‌و نەریتەکانی ناو کۆمەلّەوە, بەم پێیە هاوسەرێتی واتە ئەو رەفتارەی کە پەیوەندی‌یە کۆمەلاّیەتی‌یەکان‌و پەیوەست بوون‌و وابەستەیی هەمبەری دادەمەزرێنێت‌و پێویستە لەڕووی ناوچەیی‌یەوە دروست‌و شیاو بێت.

لەژێر رۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەکرێت بلّێین:

خێـزان جگـە لەرێکخسـتنو یـەکگرتنێك هیچـی تـر نییـە کـە بەهۆیانـەوە ئامادەباشـیو تواناشـاراوەکانی سروشـتی مرۆڤایـەتی لەهـەوڵو ململانێـی کۆبوونـەوەدان. خێـزان بـەرێو ڕەسـمو دۆخەکانیـەوە بریتی‌یـە لەدامـەزراوێکی کۆمەڵایەتیو پێویستی‌یەکی حەتمی‌یە بۆ مانەوەی نـەژادی مرۆڤایـەتیو بـەردەوام بوونی.

**خێزان وەك دەزگاو ڕێکخراوێکی نێو کۆمەڵ بەچەند قۆناغێکدا تێدەپـەڕێت, گرنگترینیان ئەمانەن:**

1-ئەو قۆناغەی راستەوخۆ دەکەوێتە پێش هاوسەرێتی‌یەوە. ئەو ماوەیە گرنگـەو کاریگـەری بەسـەر پێکهێنـانی ئـەو پەیوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یانـەوە بـەجێ دەهێڵێـت کـەژیانی هاوسـەرێتییان پێدەناسـرێتەوەو پـەرەدەگرن تیایـدا, بـەم قۆناغەش دەوترێت قۆناغی پێشەکی یان ئامادەکردن بۆ ژیـانی هاوسـەرێتیو سۆزو عاتیفە بەسەر پەیوەندی هەردوو لایەنەکەدا زاڵ دەبێت.

2-قۆنـاغی دوای دەسـپێکردنی هاوسـەرێتی (بـەکردەوە) کەتیایـدا ژنو پیـاو هاوکاری دەکەنو بەشدار دەبن لەچوارچێوەی خانویەکدا (نێشـتەجێ بـوون)و لێپرسراوێتی منداڵەکانیان لەئەستۆ دەگرن, لەم قۆناغـەدا دیـدو بۆچـوونەکان سەبارەت بەخۆیانو بەو گروپەی ئەندامن تیایدا دەستنیشانو دیاری دەکرێت.

3-قۆناغی سێیەم تیایدا گرنگی زیـاتر بەمنـداڵ دەدرێو لـەم قۆناغـەدا کـەشو هەوایەکی نوێ بـۆ هـەردوولا فەراهـەم دەبێـت بـۆ گەشـەپێدانو پێگەیانـدنی رۆڵەکانیان بەپێی پێوەرە باوەکانی کۆمەڵەکەیان. ئەگەر پەیوەندی نێوان ژنو پیاوەکە سروشتیو ئاسایی بوو ئەوا خێزان لـەم قۆناغـەدا زیـاتر تونـدو تـۆڵو پتەوتر دەبێت.

4-ئەم قۆناغـە لـەڕووی دەسـتبەتاڵی دایـكو باوكـەوە سـەبارەت بەلێپرسـراوێتی منداڵـەكانیان, لـەقۆناغی یەكـەم دەچـێت دوای ئـەوەی منداڵـەكانیان گـەورە كردووەو پێیان گەیاندوون تا ئەو ڕادەیەی پشت بەخۆیان ببەستن.

## گرنگیی خێزان:

خێـزان كـۆنترین دامـەزراوەی كۆمـەڵایەتی‌یـە لـەژیانی مرۆڤایـەتی‌دا لـەڕووی بـوونو گشـتایەتی‌یەوە لەتـەواوی كۆمـەڵەكانـدا بـەكۆنو نـوێوە بەسـەرەتاییو پێشـكەوتوو هاوچـەرخەوە, خێـزان تیایانـدا بـوونی هـەبووە لەهـەموو كـاتو زەمانێكدا لەهەر ناوچەیەكی جوگرافی كە ئادەمیزاد تیایدا ژیابێت.

## گرنگی خێزان سەبارەت بەتاكەكەس:

خێزان لێپرسراوە لەسەر لەدایك بوونو زۆربوونو پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ لـەكۆنو نـوێدا. ئـەم ڕێكخـراوە سـەبارەت بەتاكەكـەس, بـەگرۆپێكی سـەرەتایی هەژمار دەكرێتو بەرپرسە لەپێكهێنانو داڕشتنی: ڕەفتار و بۆچوونو هەڵوێسـتو بەهاكانو دابو نەریتو ڕەوشەكان, زیاتر لەهەر دامەزراوێكی تری كۆمەڵ.

زۆربەی كتێبو نوسراوە كۆنو نوێیەكان كـە تایبـەتن بەلێكۆڵینـەوی خێـزانو قوڵ بوونەتەوە تیایدا, ئەوەیان دەرخستووە كە خێزانی هەڵوەشاوەو بێ سەرو بەر, فاكتەری یەكەمینە بۆ سەرهەڵدانی لادانو كێشەكانی تاكەكەسان.

خێزان لەڕێگای پەیوەندی سێكسی‌یەكانی نێوان پیاوو ژنەوە ئەو پێداویستی‌یە سـەرەكی‌یەی مرۆڤـی لەكۆمـەڵـە كـۆنو نوێیەكانـدا تێركـردووەو سـنورو بنـەماو یاسای بۆ داڕشتووەو بەپیرۆزی هێشتویەتی‌یەوەو پاراستوویەتی.

هەر خێزانە چاودێری پێویست بۆ رۆڵەكانی فەراهەم دەكاتو مافەكانیان ئەپارێزێ لەرێگای میراتو موڵكایەتی‌یەوە یان لەرێی چاودێری كردنو خزمەتكردنی نەخۆشو پەككەتووەكانەوەو, بەهاكانیش لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەی ئایندە دەگوێزێتەوە.

خێزان رۆڵی سەرەكی دەبینێت لەسەر پێكهێنانی كەسێتی مرۆڤو كامڵكردنی, لەپێش هەموو دامەزراوێكی تردا, خێزان دەربڕینی هەستو نەستو سۆزو بەزەیی...تاد فێری تاكەكانی دەكاتو رایان دەهێنێ.

گرنگیی خێزان سەبارەت بەكۆمەڵ:

بەردەوامی هەر كۆمەڵگایەك بەدروست بوونی پەیوەندی هاوسەرێتی‌و پێكهێنانی خێزانەوە پەیوەستە. مانەوەو بەردەوامی كۆمەڵگا دەگەرێتەوە بۆ خێزان. ئەمەش لەكاتێكدا خێزان بەپێی خواستەكانی كۆمەڵگا تاكەكانی پەروەردە دەكاتو پێیان دەگەیەنێتو هەوڵدەدات بەپێی سیستەمو دابو نەریتەكان, پەروەردەو گۆشیان بكات.

سیستمی خێزانی لەكۆمەڵگا كۆنو نوێیەكاندا بوونی هەبووە بەڵام ئەم سیستمە جیاوازە لەسیستمە كۆمەڵایەتی‌یەكانی تری وەك دەوڵەتو خزمایەتی, مێژووی پەرەسەندی ئەم سیستمە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە لەمێژووی شارستانێتی‌دا خێزان گۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەردا نەهاتووە, خێزان لەكۆندا تارادەیەكی زۆر لەشێوە نوێیەكانی ئێستای چووە لەرووی قەبارەو ئەركە جۆربەجۆرەكانییەوە كە لە كۆمەڵگادا پێی هەستاوە. ئەم لێكچوونەش وامان لێناكات بڵێین سیستمی خێزان لەمێژووی مرۆڤایەتی‌دا چەسپاوەو نەگۆڕ نەبووە.

-لەلای دانیشتوانی ئەسڵی ئوستورالیاو ئەمریکا خێزان بریتی بووە لەتەواوی ئەندامانی تیرەو خێڵەکانو لەنێوان خێزانو خێڵدا جیاوازییان نەکردووە.

-لەسیستمی خێزانی یۆنانو رۆمانی کۆندا, خێزان بریتی بووە لەتەواوی خزمو کەسوکارو هەر کەسێك سەرۆکی خێزان پەروەردەی کردبێت بەئەندامی خێزان هەژمار کراوەو, ئەرکو مافەکانی وەك ئەندامەکانی تر بووە.

-لەلای عەرەبی جاهیلی: خێزان هەموو خزمو کەسوکارێکی لەخۆگرتووەو, خزمایەتیش پشتی بەبانگەشەو بڕیارێك بەستووە نەك پەیوەندی خوێن, ڕەنگە باوك کوڕی خۆی لەئەندامێتی خێزان بێبەری کردبێتو لەهەمان کاتدا بێگانەیەکی بەئەندام دانابێت.

خێزان لەکۆمەڵە هاوچەرخەکاندا جۆرێك لەئارامی بەخۆوە گرتووەو بەرتەسك بۆتەوەو وەك جاران نەماوە, لەزۆربەی حاڵەتدا بریتییە لەژنو پیاوو منداڵەکانیان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەشێوازی تری خێزان لەکۆمەڵە دواکەوتووو سەرەتاییەکاندا بوونی نەبێت.

**خێزان پەیوەندی بەدوو گرێی یەکگرتنەوە هەیە:**

1-پەیوەندییە سەرەتاییەکان کە یەکگرتوویی ناوخۆیین تایبەتن بەسەنتەری یەکەی کۆمەڵایەتییەوە.

2-پەیوەندییە دەرەکییەکان کەتایبەتن بەکۆمەڵی مرۆڤایەتیو نەتەوەوە.

یەکەمیان بۆ توندو تۆڵی تاکەکەسانی خێزان هەوڵدەداتو دووەم بۆ توندو تۆڵی خێزان لەچوارچێوە گشتییەکەی کۆمەڵدا تێدەکۆشێت.

**پەرەسەندنی مێژوویی خێزان:**

بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان بۆ خێزان لەکۆمەڵی هاوچەرخدا تەواوو بێکەمو کورتی بێت, پێویستە ئاماژەیەك بۆ قۆناغو پەرەسەندنەکانی مێژووی خێزان بکەین لەکۆمەڵ دێرینەکاندا, لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر رەوشی خێزان لەکۆمەڵگای یۆنانیو رۆمانی کۆندا.

1-خێزان لەلای یۆنانی‌یە کۆنەکان:

لەو کۆمەڵگایەدا خێزان لەشێوەی باوکسالاریدا دەناسرێتەوە Patriarchal. مێرد خاوەنی هێزو دەسەلاَت بووەو, بەسەر ژنو رۆڵەکانیدا بالاَدەست بووە. باوك یان پیاو توانیویەتی رۆڵەکانی خۆی بەتایبەتی کچەکانی لەهەموو شتێك بێبەری بکات. بنەماڵەو رەچەڵەکیش تەنها بۆ پیاو بووە.

خێزان" کوڕانو کچانی لەسەر ئاکار (مۆرال)و ئاینو پەروەردەو فێرکردنی ئەرکو مافەکان مەشق پێ کردووەو یەکسانی لەنێوان کچانو کوڕاندا هەتا تەمەنی حەوت ساڵی درێژەی کێشاوە. لەپاش ئەو تەمەنە کوڕان دەنێردرانە بەر خوێندن لەقوتابخانەو خوێندنگاکاندا بۆ فێربوونی زانستو هونەرو سیاسەتو بازرگانیو مەشقی سەربازی. کچانیش رێگایان پێنەدەدرا لەماڵ بێنە دەرەوە, لەرووی پەروەردەی کۆمەلاَیەتیو مەشقو راهێنانی مێشکیەوە هیچ گرنگییەکیان پێنەدەدرا تەنها فێری هونەرەکانی ماڵداری دەکران لەنێو ماڵی خۆیاندا. بەم پێیە یەکسانیو دادپەروەری لەنێوان کوڕانو کچان بەهیچ جۆرێك بوونی نەبووەو پیادەنەکراوە.

لەکۆمەڵی یۆنانیدا پەیوەندی پیاو بەکەنیسەو دەوڵەتەوە بەهێزبووەو توانیویەتی نارەزایی لەسەرهەڵەی ژنەکەی دەرببڕێتو مارەییەکەی وەربگرێتەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی جیابوونەوە کەمو نزم بووە.

دەکرێت بڵێین پەرەگرتنی خێزان بەم شێوەیە لەکۆمەڵی یۆنانی کۆندا دەگەرێتەوە بۆ هێزی بازووی پیاوانو, لاوازی ژنان لەرووی بایۆلۆژییەوە لەبەرامبەر پیاواندا, بۆیە ژن بەپلەی دووەم هاتووە لەدوای پیاوەوە.

2-خێزانی رۆمانی کۆن:

خێزانی باوکسالاری لەرۆما لەوپەری گەشەو مەزنایەتیدا بووەو, باوك خاوەنی هێزێکی گەورە بووەو مافی ئەوەی هەبووە بریار لەسەر چارەنووسی رۆڵەکانی بدا" بەبەخێوکردن یان بەرزگاربوون لێیان.

کچان تا لەماڵی باوکیاندا بوون لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی باوکیاندا بوون پاشان کەچوونەتە ماڵی مێردی خۆیان ئەو دەسەڵاتە گواستراوەتەوە بۆ مێردەکانیان.

باوك لەخێزانی رۆمانی کۆندا, پێشەوای پەروەردەییو ئابووریو ئایینی بووە, ئەو رێو رەسمو سروتو رێزو بەپیرۆز راگرتنانەی لەنێو ماڵدا پیادەدەکران, باوك راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردنو منداڵەکانی لەسەر رادەهێنان.

پێکهێنانی هاوسەرێتی لەخێزانی رۆمانی کۆندا بریتی بووە لەپەیمان بەستنی شەخسیو بەرەزامەندی باوکی هەردوو لایەن کراوە, بەڵام کور بۆی هەبووە ئەو هاوسەرێتییە هەڵبوەشێنێتەوە (ئەگەر بەزەبری هێزیش بووبێت, کردوویەتی) لەکاتێکدا ئارەزووی لەکچێك نەبووە کە باوکی ویستویەتی بۆی بخوازێت. گەرچی خێزان پێکهێنان لەسەر بنەمای هاوتاییو یەکسانی کۆمەڵایەتی هەردوو لایەن بووەو دەبووایە هەردووکیان لەیەك ئاستی کۆمەڵایەتیدا بوونایە. بەڵام پیاو

www.pertwk.com

هەرزوو دەسەڵاتی بەسەر ژندا دەگرتە دەستو پارێزگاری لەو دەسەڵاتەی دەکرد. تەنها لەو کاتانەدا نەبووایە کە پیاو بۆ خزمەتی سەربازی ماڵی بەجێدەهێشت لەم حاڵەتەدا ژن جێگای مێردی دەگرتەوەو بەئەرکەکانی پیاو هەڵدەستا. خۆ ئەگەر لەنێوان کەسوکاری ژنو مێردا (کورو کچدا) یەکسانی نەبووایە لەرووی کۆمەڵایەتی‌یەوە ئەوا منداڵەکانی ئەم جۆرە خێزانانە مافی هاوولاتێتی‌و میراتیان لێدەسەنرایەوە تەنانەت ئەگەر پرۆسەی هاوسەرێتی بوونەکەشیان یاسایی بوایە.

خێزانی رۆمانی رێگای دابوو بەجیابوونەوەی ژنو مێرد ئەگەر هاوسەرێتی بوونەکەیان ناحکومی بووایە, بەلام پرۆسەی جیابوونەوە بەشێوەیەکی گشتی کەمتر روویدەدا چونکە پێویستی بەوە دەکرد لەریو رەسمی ئاهەنگێکدا ئەنجام بدرایە کە تێچوونەکەی کەمتر نەبوو لەئاهەنگی هاوسەرێتی.

لەسەدەی سێیەمو دووەمی پێش زایینیدا گۆرانکاری بەسەر خێزانی رۆمانی‌دا هاتووە بەتایبەتی لەلای چینە بالاکان, تیایدا ژنان لەهەندێك كۆتو بەندو وابەستەبوون رزگاریان بووەو, هەندێك رۆڵیان وەرگرتووە کە جاران تەنها بۆ پیاوان بووە وەك: خزمەت کردنی سەربازی‌و بەدەستهێنانی ئازادی‌و" ئەوەش سەلمێنرا کە مافیان هەیە لەبریار دەرکردندا, ئەم گۆرانکارییانەش بوونە هۆی بالادەستی ژنان بەسەر پیاواندا. بەلام دوای ئەوەی کۆماری رۆمانیا گۆررا بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا ئەم رەوشەی خێزان وەك خۆی نەمایەوەو گۆرانی بەسەردا هات.

کێشەی جیابوونەوە بوو بەیەکێك لەدیاردە کۆمەلایەتی‌یەکان لەکۆماری رۆمانیادا بەتایبەتی لەقۆناغەکانی کۆتایی تەمەنیدا. جیابوونەوەی ژنو مێرد بوو بەکارێکی ئاسایی‌و ئاسانو بەئارەزووی یەکێکیان جێبەجێ دەکرا تەنانەت ئەگەر لاکەی بەرامبەر ئارەزووی لەمانەوەی هاوسەرێتیش ببووایە, بۆیە ژیانی ژنو مێردایەتی لەنێوەندی چینەبالاکاندا شلۆق بووو دارما.

**خێزان لەدیدو بۆچوونی چەند بیریارێکی کۆمەڵایەتیدا:**

هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە نووسەرو بیریاران بایەخیان داوە بەتوێژینەوەی خێزان لەڕووی پێکهاتنو ئەرکو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوەو لەگەڵ هەوڵداندا بۆ چاککردنی کاروباری خێزان چونکە بچوکترینو وردترین کۆئەندامی کۆمەڵەو ژیانو دروستی کۆمەڵ بەندە بەژیانو دروستی خێزانەوە, بەلاَم ئەو توێژینەوانە ئەزموونگەریو شیکاری نەبوونو زیاتر فەلسەفیو شەخسی بوونو دور بوون لە سیوسیولوژیای خێزانەوە. بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشنابوون بەهزرو بیرۆکەکانیان ئاماژە بۆ ڕای چەند بیریارێك دەکەین:

**أ-ئەفلاتون**

دیدو بۆچوونەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بەخێزان زۆر توندڕەوو رادیکالی بووەو لەکتێبی کۆمارەکەیدا هەندێك ڕاو بۆچوونی سەبارەت بەهاوسەرێتیو خێزان لەکۆمەڵ تۆتالیتاریەکان دەربڕیووەو دەڵێت: بۆ باشکردنی وەچەخستنەوە پێویست دەکات دەستەیەك لەپیاوانو ژنان هەڵبژێرین تا ئامادەیان بکەین بۆ گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی یان ئەوەی ناوی ناون چینی پاسەوانو, هاوسەرایەتیشیان دەبێت لەڕێگای تیروپشك (قرعە Lot) بێتو لەڕۆژەکانی پشوودا ئەنجام بدرێت, منداڵی ئەم خێزانانەش دەبێت لەدایكو باوکیان جیابکرێنەوەو بدرێن بەدەوڵەت تا سەرپەرشتییان بکاتو, باوكو دایکیان نابێت منداڵەکانی خۆیان بناسنەوەو منداڵەکانیش نابێت دایكو باوکی خۆیان بناسنەوە.

سەبارەت بەچینی کرێکار ئەوانەی منداڵی ناتەواوو کەم ئەندامیان دەبێت پێویستە بخرێنە ئەودیو ژیانی گشتییەوەو ڕێگایان نەدرێت زاوزێ بکەن.

ئەفلاتون پێی وایە باشترین تەمەن بۆ زاوزێی ژنان دەکەوێتە نێوان ساڵانی (20ـ40)وەو بۆ پیاویش دەکەوێتە نێوان ساڵانی (25-55) لەدوای ئەو دوو مەودایە بە هەردوو لایان ڕێگایان نەدرێت چالاکی سێکسییان هەبێت چونکە بەرهەمەکانی پیرێتی لەڕووی چاکیو کەڵکەوە ناگات بەقۆناغی لاوێتی.

شایانی باسە ئەم ڕاوبۆچوونانە هیچ بەڵگەیەکی زانسییان لەپشتەوە نییەو تەنها بەرئەنجامی تێبینیو ئەزموونی تاکەکەسی ئەم فەیلەسوفەیەو نابێت گشتاندنی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بۆ بکرێت.

**ب-ئەرستۆ**

ئەرستۆ رەخنەی لەدیدو بۆچوونەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بەخێزانو هاوسەرێتی گرتووەو پێی وایە دەوڵەت بەرپرسە لەڕێکخستنی ژیانی خێزانییو پێویستە یاساناسو دانەرانی یاسا (المشرعین) ئەو سیستەمە رێكو پێك بكەنو ئەو پەیوەندییانەش دەستنیشان بکەن کە ئەندامەکانی خێزان بەیەکەوە دەبەستێتەوە سەرەڕای پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان.

بەلای ئەرستۆوە خێزان لەمێردو منداڵو کۆیلەکان پێك دێتو, سروشت خۆی ئەم سەنتەرو پلە کۆمەڵایەتییانەی دیاری کردووەو هەندێکیانی بەسەر هەندێکی تردا باڵادەست کردووەو هەندێکی تریشی مل کەچ کردووە, هەندێکیان توانای مێشكو عەقڵی داونەتێو هەندێکیش هێزی بازووی پێبەخشیوون, بۆیە دەستەی یەکەم دەبێت دەسەڵاتدارو بڕیار دەربنو دەستەی دووەمیش مل کەچو بەرفرمان بن.

بەلای ئەرستۆوە باشترین تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرێتی ژن (18)یەو بۆ پیاویش (37) ساڵە چونکە لەم تەمەنەدا هەر دوولایان لە لوتکەی چالاکی

مێشـكیو عـەقڵی دان, سـەبارەت بـەدیاری كردنـی وەچـەش ئەرسـتۆ هـانی ئـەم دیاردەی داوە بەمەرجێك بەسەرپەرشـتی دەوڵـەت بكرێـتو بـەپێی بەرژەوەنـدیو ئامانجی دەوڵەت ئەنجام بدرێت.

پێویستە بـاوك لەلوتكـەی دەسـەڵاتدا بێـتو ژنو منداڵەكانیشـی بـەرفرمانی ئەوبن چونكە ژن بەبەراوردكردن لەگەڵ پیـاودا لـەزۆر لایەنـەوە ناتـەواوەو, نابێـت ئـازادی پێبـدرێت چـونكە بینیمـان (ئەرسـتۆ دەڵێـت) لەكۆمـەڵی ئەسـپارتەدا ژن لەڕادەی خۆی زیاتر ئازادی پێدرا بوو ئەوە بوو ئەم خاڵە بووە فاكتـەرێكی گـرنگ بۆ دارمانی كۆمەڵایەتی لەو كۆمەڵەدا.

## ج-ئۆگست كۆنت 1798-1857

پێویستە بگوترێت كۆنت یەكەم فەیلەسوفو زانایـە بانگەشـەی جیاكردنـەوەی سوسـیولوژیای لەفەلسـەفە كـردووە سـەبارەت بـەخێزان پـێی وایـە یەكەیـەكی كۆمەڵایەتی راستەقینەیە بـۆ راڤـەكردنی رەفتـاری تاكەكـەسو, بەلایـەوە عـەقڵ تـەنها لەحاڵـەتی كۆمەڵایـەتی بوونـدا گەشـە دەكـاتو دەڵێـت: هاوسـەرێتی یەكێتییـەكی ئۆتۆمـاتیكی نێـوان هـەردوو رەگەزەكەیـەو بەرئـەنجامی كـارلێكی غەریزەیە لەگەڵ ئەو ئارەزووە سروشتییەدا كە بونەوەری كۆمەڵایەتی بەهرەمەندە پێی. هاوسەرێتی دەبێت لەسەر بنـەمای تاكایـەتی ژنو پیـاو پێـك بێـت چـونكە هاوجوتـە لەگـەڵ سروشـتی مرۆڤایـەتی ئـادەمیزاددا تـاكو بونیـاتی كۆمەڵایـەتی بەهێزو پتەو بێتو دوا بەدوای ئەویش كۆمەڵگا بەهێزو پتەو بێت.

بۆیــە ئــەو زانایــە بەتــەواوی دیــاردەی جیابوونــەوە رەت دەكاتــەوە چــونكە بەفاكتەرێكی كاریگەری دادەنێت بۆ هەڵوەشاندنو لەبەر یەك ترازانی كۆمەڵ.

www.pertwk.com

لەپەیوەندی نێوان ژنو پیاودا کۆنت پێی وایە دەبێت ژن مل کەچی پیاو بێت بەڵام ئەم مل کەچ بوونە نابێت لایەنی سۆزو عاتیفە بگرێتەوە چونکە ژنان لەڕووی هاوبەشی ویژدانیو عاتیفی‌یەوە لەپیاوان ناسکترن.

کۆنت قسە لەسەر ئەرکەکانی خێزان دەکاتو دەڵێت: ئەرکەکە ئاکارییە چونکە یەکگرتنەکەی پیاوو ژن سروشتێکی ئاکاری هەیە, بۆیە جەخت لەسەر هۆگرییو پەیوەندی گیانی نێوان ئەندامەکانی خێزان دەکاتەوە. ئەرکەکەش پەروەردەیی‌یە کە خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی ئاکارییەو دەڵێت: منداڵ با تا تەمەنی حەوت ساڵی لەئامێزی دایکیدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی چاودێری بکاتو فێری زمانو ئاخاوتنی بکاتو ئاکاری جوانی تیادا بچێنێتو بەبنەماکانی ئاین گۆشی بکات. ئەم ئەرکانە بەلای کۆنتەوە لەئەستۆی دایکدان چونکە دایك سەنتەری سۆزو ویژدانەو بەرپرسە لەگەشەپێکردنی منداڵو تەمێ کردنی لەڕووی ئایینی‌یەوە.

## بەشی دووەم
## سیستمی خزمایەتی

مـادام جیـاوازی ئاشـکرا لەزۆربـەی کۆمەڵەکانـدا لـەنێوان ژنو پیـاودا هەیـە بەتایبەتی سەبارەت هەڵبژاردنی هاوسەرو هاوسەرێتیو, لەنێوان کاری پیـاوو ژنو نێرو مێدا, بۆیە ئاساییە کە لەنێوان کۆمەڵەکانیشدا جیاوازی هەبێت سـەبارەت بەخزمایەتی وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتی,و لە کۆمەڵیەکەوە بۆ کۆمـەڵێکی تـر بگۆڕێت بەپێی پێکهاتەو بەهاوبیرو باوەڕو باری رۆشنبیری کـە رێخکسـتنی ئـەو سیستمە پشتی پێ دەبەستێت.

خزمایەتی ئەو پەیوەندییەیە منداڵ یان لەدایك بووی نـوێ دەبەسـتێتەوە بـەو گروپــەوە کــە لەناویــدا دەژی گرێیــەکی کۆمەڵایەتییــە کــە لەبنچــینەدا پشــت بەپەیوەندی خوێن دەبەستێت لـەنێوان تاکەکانـدا لەخوشـكو بـراو بـاوكو دایـكو تەواوی ئەو دەستە کۆمەکەڵایەتییانەی تر.

www.pertwk.com

خزمایەتی وا تەماشا دەکرێ کە لێکەوتنەوەیان ریشەو رەچەڵەکێکی جیهانیﻯیەو هەموو کۆمەڵە مرۆییﻯیەکان تیایدا هاوبەشنو, تەواوی جۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئەم پەیوەندیﻯیەی بەخۆیەوە دیوە بەبێ جیاوازی.

خزمایەتی سەرەڕای پەیوەندی خوێنو بایولوژیا, ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە لەتەوەری وەچەو رەچەڵەکدا دەسوڕێتەوە, چونکە پێناسەیەکی کۆمەڵایەتی دەدات بەتاك لەنێو کۆمەڵدا کە ئەمەش لەرژێمی بۆماوەدا بە تەواوەتی روون دەبێتەوەو, گرنگیﻯیەکی گەورەی هەیەو, کۆمەڵەکان لەسەر ئەو بناغەیە سامانی کەسە مردووەکانیان بەسەر ئەو تاکانەدا دابەش دەکەن کە خزمایەتی دەیانبەستێت پێیانەوە.

خزمایەتی یەکەمین سیستمی کۆمەڵایەتی پەسەندە لەلای گروپە خێزانیﻯیەکانو کۆمەڵ ناوچەییﻯیەکان هەروەها لەلای کۆمەڵی گەورەی مرۆڤایەتیش, ئەم سیستمە لەدەرەوەی سنوری سیستمی خێزاندا گەشەی کردو پەرەی سەندووە, هەروەها بەدرێژکراوەی سیستمی خێزانی دادەنرێت, جیاوازی لەنێوان ئەو دوو سیستمەدا نیە چونکە خێزان بۆ زیاتر لەیەك نەوە درێژەی پێدەدرێتو پێویستی بەوەیە ئەو خزمانەی تێدا بێت کە پەیوەندی خوێنو هاوسەرخوازی دەیانگرێتەوە.

سیستمی خزمایەتی لەکۆمەڵ لۆکاڵیﻯیەکان (المجتمعات المحلیە) شێوەیەکی ئارامگرتووی بەخۆوە دیوە چونکە خێزانی بچوکی تیادایە, بەڵام پلەی دیسپلینو کۆنترۆڵ لەم سیستمەدا بەپێی کۆمەڵەکان دەگۆڕدرێت, گەرچی هیچ کۆمەڵەیەك نیﻯیە ئەم پەیوەندییەی تیادا نەبێت ئیتر سەرەتایی یان هاوچەرخ بێت کە لەخێزانی بچوك پێك هاتووەو جۆرێك لەگۆشەگیری پێوە دیارە.

لەکۆمەڵ سەرەتاییەکاندا سیستمی خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە (تەنانەت لەو کۆمەڵیانەشدا کە سەنگێکی قورس بۆ ئەم سیستمە دادەنێن) بووە بەهۆی دروست کردنی هاوکاریو هەرەوەزیو هێنانەدی پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو دورخستنەوەی مەترسی لەسەر تاكو گروپەکە. ئەم سیستمە وای لە گروپەکە کردووە بۆ هێنانەدی پێداویستییە سەرەکییەکانیانو دابین کردنی ژیانیان پشت بەخزم ببەستنو, هێزێکی گەورەی پێبەخشیوون.

گەرچی لەشارە نوێیەکاندا ئەم سیستمە لاواز بووە بەهۆی زاڵ بوونی پەیوەندییە شەخسییەکانو زیادبوونی ئاڵوگۆڕی شوێنو جێو بلاوبوونەوەی شارستانی, بەلام پەرەسەندنی دامەزراوە تایبەتمەندەکانو بلاوبوونەوە یان زیادبوونی کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی, ئەم سیستمەی زیاتر لاواز کردو وای لێهاتووە پەیوەندییە خۆویستییەکان (العلاقات الاختياريه) جێی پەیوەندییە ئۆرگانییە ناچارییەکان بگرێتەوە لەنێو گروپە ڕەسمییەکانی خزمایەتیدا.

تاکەکەس لەناوچەیەکی شارستانیدا دەژیو ئازادە لەهەڵبژاردنی ئەو خزمانەدا کە دەیەوێت پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵدا ببەستێ هەر وەك چۆن ئازادە لەدوور کەوتنەوە لەو خزمانەی کە نایەوێ پەیوەندی ببەستێ لەگەڵیاندا ئەمڕۆ هاوڕێ جێی خزمی گرتۆتەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕانە نەبوونەتە هۆی شاردنەوەو سڕینەوەی سیستمی خزمایەتی لەکۆمەڵ نوێیەکاندا بەڵکو توندو تۆڵی ئەو سیستمەیان خاوو لاواز کردۆتەوە. چونکە هەتا ئەمڕۆ خزم باشترە لەبێگانە بۆ بەستنی پەیوەندیو تێکەڵ بوونو کارلێك کردن بەتایبەتی لەکاتی بێئیشیو پرسەو بۆنەکانی خۆشیو ژن هێنانو خەمو ناخۆشیو نەخۆشی, لەم بۆنانەدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت.

www.pertwk.com

### شێوەکانی سیستمی خزمایەتی:

سیستمی خزمایەتی چەندین یەکەی جیاواز (لەقەبارەدا) لەخۆدەگرێت ئەم جیاوازییەش بەندە بەسروشتی پێکهاتنی ئەو رێکخراوانەوە لەرووی زاوزێو زۆربونیانەوە, زۆرێك لەتوێژەران دەریانخستووە کە خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی سیستمی خزمایەتییەو پاش ئەویش خێڵ دێت لەرووی گەورەییو قەبارەوە کە چەند خێزانێك لەخۆدەگرێت, ئینجا هۆز دێت کە ئەمیش لەچەند خێڵێك پێك دێت.

### خێڵ Lineage

خێڵ لەچەند گرۆپێك لەخزم پێك دێت کە ژمارەی ئەندامەکانیان دیاری کراوەو دەکرێت پەیوەندی خوێن لەنێوانیاندا (بەگەڕانەوە بۆرابردوو) دەست نیشان بکرێتو پشتیان بەو لقو پۆپە رەچەڵەکییە بەستووە کە بە بنەماڵەیەکی هاوبەشەوە دەیانبەستێتەوە.

خێڵ گروپێك لەخەڵك لەخۆدەگرێت کە لەیەك رەگەزەوە هاتوونو بەبۆنەی رەچەڵەکییەکایەتییەوە (النسب الاحادی) بەیەکەوە پەیوەستن.

توێژەرێکی وەك (مەردۆك) رەچەڵەکییەکایەتی بەسەر دوو پۆلی سەرەکیدا دابەش دەکات کە بریتین لە:

یەکەم: گروپی خزمان بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونەوە: ئەم گروپە چەند خێزانێکی بچوکی شێوە جیاواز لەخۆدەگرێت, سەرەڕای خێزانی فرەژنیو خێزانی درێژکراوە.

دووەم: گروپی خزمایەتی لەرێی خوێنەوە: ئەم گروپەش ئەو خزمانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی خوێن بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە, ئەم پەیوەندییەش

دەگەڕێتەوە بۆ چەند شێوەیەك كە ڕەچـەڵەكی باوكایـەتیو ڕەچـەڵەكی دایكایـەتی یان هەردووكیان بەیەكەوە كە پێی دەوترێت دووانەی ڕەچەڵەك.

خێڵ لەگەڵ هۆزدا لەو ڕووەوە جیاوازن كە خێڵ چەند گروپێـك لـەخۆدەگرێتو هـەر ئەنـدامێكی ئـەو گروپانـە لـەڕووی مێژوویی یـەوە كاریگـەری خـۆی هـەبوو بەئەندامێكی ترەوەو ئـەوەش دەزانـن كـە هـەموویان دەچـنەوە سـەریەك بـاپیرەی هاوبەشو زانراو لەلای هەموویان, بەڵام لەهۆزدا بـەهۆی فراوانـیو گەورەیی یـەوە ئەستەوە لەهەندێ باردا باپیرەیان دەست نیشان بكرێت.

## هۆز Clan

هـۆز لەكۆمـەڵێك مـرۆڤ پێـك دێـت كـە ڕەچـەڵەكێكی هاوبـەش (ڕەچـەڵەكی دایكایەتیو ڕەچەڵەكی باوكایەتی) گرێیان دەدات بەیەكەوە هـەر ئەنـدامێك پێـی وایە سەر بەو ڕەچەڵەكەیە, واتا ئەندامێتیان پشت بەبەڵگـەی سـەلمێنەر نابەسـتێ بەڵكو زیاتر وابەستەبوونە بەبڕوای خۆیانەوە بەوەی كە سەر بـەو هـۆزەن, ئەمـەش ئەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی قەبارەی هۆز.

سەرهەڵدانو پەیدابوونی هۆز بەرئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی خێڵـە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەكی درێژخایەن لەناوچەیەكی جوگرافی دیـاری كـراودا ژیـان بەسەر دەبەن, یان بۆ مل كەچێتی خێزان بۆ بنەمای نیشـتەجێ بـوونی یەكایـەتی (باوكایـەتی بـێ یـان دایكایـەتی) بـوونی ڕەچـەڵەكی باوكایـەتی دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەمای نیشتەجێ بوونی باوكایەتی, بەڵام ڕەچەڵەكی دایكایـەتی دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەمای نیشتەجێ بوونی كچان لەدوای شـووكردنیان لەگـەڵ گروپەكـەی خۆیانـداو هاتنی كوڕان بۆ ناو گروپە دەرەكی یـەكانو نیشـتەجێ بـوون لەگـەڵ كـەسو كـاری ژنەكەیاندا[1].

[1] لەكوردایەتی‌دا ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت زاوا ڕێوی.

www.pertwk.com

بەهۆی ئەم نیشتەجێ بوونو هاوسەرێتییە دەرەکییەوە, هۆز چەندین خزمی تیادا تواوەتەوە کە بەهاوبەشی لەگەڵیاندا ژیاون گەرچی لەبنەڕەتدا لەڕووی رەچەڵەکەوە ئەندامی ئەو خێڵە نەبوون.

**لەمەسەلەی پێکهێنانی هۆزدا چەند مەرجێك پێویستن لەوانە:**

+پراکتیزەکردنی رەچەڵەکییەکایەتی (دایکایەتی یان باوکایەتی).

+نیشتەجێ بوونی ئەندامەکان بەشێوەیەکی هاوبەش لەڕووی جوگرافییەوە.

+بوونی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەنێوان خێزاندا.

ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەر بوون بۆ پارێزگاری کردن لەسەر توندو تۆڵی هۆزو پەیوەست بوونی تاکەکان بەیەکترییەوەو لێپرسراو بوونیان بەرامبەر بەیەکتری.

ئەم شێوازانەی سیستمی خزمایەتی کە باسکران وەك خێڵو هۆز لەکۆمەڵ سەرەتاییەکاندا بەتایبەتی لەگوندەکاندا گرنگی خۆیان هەیەو تەوەری رێکخستنی سیاسی ئەو رێکخراوانەن, جگە لەوەی هێمای تۆکمەییو هاوکاری کۆمەڵایەتین بۆ تاکەکانی ئەو دامەزراوانە بەتایبەتی لەبەرامبەر هێرشە دەرەکییەکان یان بۆ هەرەوەزی نێوان ئەندامانی خێڵو هۆزەکان.

گۆڕان لەسیستمی خزمایەتیدا:

خزمایەتی وەك هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی تر بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵکانو بەشارستانێتی بوونەوە دووچاری گۆڕانکاری هاتووەو وەك خۆی نەماوەتەوە.

هەڵوەشانو لەبەریەکترازانی پەیوەندییەکانی خزمایەتی بەو بەڵگەیە هەژمار ناکرێت کە خێزانیش هەڵوەشابێتەوە, لاواز بوونی ئەم پەیوەندییە دەگەرێتەوە بۆ پێداویستیو داواکارییەکانی ژیانی هاوچەرخو مەدەنی.

زاڵ بوونی خێزانی بچوكو باڵادەست بوونی لەكۆمەڵی هاوچەرخداو, بڵاوبوونەوەی بنەمای دیموكراسیو, ئازادی لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانو, بڵاوبوونەوەی فێربوونو خوێندەواریو تێكەڵاوبوونی شارستانی‌یەكان, زاڵ بوونی شارستانی نوێ بەهەموو چەمكەكانی‌یەوە ئەمانە ئەو فاكتەرانەن كە بوونەتە هۆی لاواز كردنی ئەم پەیوەندی‌یە لەكۆمەڵدا, بەڵام لێرەدا ئاماژە بەدوو فاكتەری سەرەكیو گرنگ دەكەین كە رۆڵی سەرەكی‌یان دیووە لەگۆڕینی ئەم سیستەمەدا ئەوانیش: بڵاوبونەوەی بەشارستانێتی بوونو زیادبوونی بەپیشەسازی كردنە.

1-بەشارستانی بوون:

مەبەست لە بەشارستانی بوون بریتی‌یە لەپرۆسەی گواستنەوەی هەندێك چەشنی ژیانی كۆمەڵایەتی نوێ بۆ ژیانی تاكەكەسانو گروپەكان وەك چالاكی بازرگانیو پیشەسازی‌یەكانو بەرژەوەندی حكومەتو, بەكارهێنانی كەرەسەی نوێ لەژیانی گشتیو تایبەتی‌داو, زیاد بوونی پەیوەندی‌یەكانو گەیاندنو خێراتر بوونیان لەنێوان گروپەكانی دانیشتوانداو چڕبوونەوەی دانیشتوان لەناوچەكانی بەرهەم هێناندا كە چالاكی ئابوریو دارایی تیادا فەراهەم كراون.

بەشارستانی بوون پرۆسەی گواستنەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی‌یە لەقۆناغی گوندی كشتوكاڵی رۆتینی‌یەوە بۆ ژیانی شارستانی لەرێی پوكانەوەی هەندێ خوو نەریتو شێوازی گوزەرانو رەفتاركردن. كەواتە پرۆسەیەكی بەرفراوانەو لەتێكڕای سیستەمەكانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵدا روودەدات بەخێزانیشەوە. سیستەمی خزمایەتیش گۆڕانكاری بەرچاوی بەسەردا هات ئەمیش دوای ئەوەی پێكهاتەی خێزان گۆڕا لەو چەشنەوە كە لەگوندا باوبوو (خێزانی درێژكراوە) بۆ خێزانی بچوك لەشارەكاندا.

www.pertwk.com

2-بەپیشەسازی کردن:

بەپیشەسازی کردن شێوەیەکی نوێیە لەچالاکی ژیانی کۆمەڵایەتیو پەیوەستە بەمەشق کردن لەسەر کەرەسەو ئامێرەکانو بەکارهێنانیان لەبەرهەم هێنانی پیشەسازیدا, هەروەها پشت دەبەستێت بەداهێنانو دەستکەوتە زانستیەکانو, دۆزینەوەی ڕێی نوێو باشتر لەپرۆسەی بەرهەم هێناندا. بەپیشەسازی کردن بوو بەهۆی چڕکردنەوەی دانیشتوان لەشارداو بەگەڕخستنی هێزە مرۆییەکان لەپیشەسازیدا هەروەها بەپیشەسازی کردن پەرەپێدانی پیشەیە لەکاری دەستییەوە بۆ بەرهەمی میکانیکیو ئەم قۆناغەش بەدوای خۆیدا گۆڕانکاری لەژیانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابوریدا هێنا.

بەپیشەسازی کردن ڕەفتاری گونجاوو سەربەخۆی دەوێت خوازیاری چینێکی کراوەیە لەهەموو بوارەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتیو جوگرافیو, تاکە کەسی ئازاد بوو لەجوڵەو جێ گۆڕکێ لە بوارێکی کارکردنەوە بۆبوارێکی تر, ئەمەو سەرەڕای ئەوەی خێزان شوێنێکی سەربەخۆی دەوێت بۆ نیشتەجێ بوونو بەمەش تاکەکەس لەتۆڕی پەیوەندییە خزمایەتییەکان ڕزگاری بوو بەهەموو واتایەکییەوە, هەر لەگۆڕینی شێوازی ڕەفتارو ژیانو جلو بەرگو ئاخاوتن تاکو بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا کە هەیەتی لەچینە نوێیەکەیدا بەبێ گوێدان بەڕەخنەو دەست تێوەردانی کەسوکار.

بەپیشەسازی کردن شوێنو پایەی ژنی لەنێو کۆمەڵدا گۆڕی جگە لەگۆڕینی داهاتو پیشەو هێز کە چیتر پشتی بەپەیوەندی خزمایەتی نەدەبەست.

## شوێنەوارەکانی سیستمی خزمایەتی:

هەموو مرۆڤێك لەژیانی ئاساییدا سەر بە دوو خێزانە یان خەسڵەتی ئەندامێتی لەدوو خێزاندا هەیە, یەکەمیان سەر بە(خێزانی ناوك)ە کە ئەو کەسەو

دایكو باوكو خوشكو براكانی دەگرێتەوە, ئەم خێزانـەش پـێی دەوترێـت خێزانـی ئاراسـتەكەر (العائلـە التوجیهیـە). كاتێـك هاوسـەر دەگـرێ (ژن دەهێنـێ یـان شوودەكات) دەچێتە (خێزانی ئەتۆمی)یەوە (عائلە نوویە) كە لەو كەسەو (ژن یان مێرد)و منداڵەكانیان پێك دێـتو پـێی ئـەوترێت خێزانـی زاوزێیایـەتی (العائلـە التناسلیە).

كاتیك مرۆڤ ئەنـدامی ئـەو دوو خێزانـە بێـت ئـەوا پەیوەنـدی رەچـەڵەكایەتی دەبەستێت لەگـەڵ كەسـانیداو, هـەروەها لەگـەڵ خێزانـی ئـەتۆمی تـردا. ئینجـا بەهۆی ئەندامێتییەوە تاكەكەس ئەتوانێت پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەگـەڵ كەسـانی تردا ببەستێ كە پشت بەخزمایەتی دەبەستێت لـەدەرەوەی ئـەو دوو خێزانـەدا كـە ئاماژەمان بۆ كردن.

## دایك نشینی: Matrilocal

سیستمی دایك نشینی پشت بەخزمایەتی دایك دەبەستێ چونكە منداڵ تیایدا وابەستەیە بەدایك یان خێزانی دایكەوە, ئەندامەكانی خێزانـی باوكیـان بەبێگانـە دەزانـنو هـیچ پەیوەندییـەكیان پێیـەوە نییـە. لەهەنـدێ كۆمـەڵدا (تیرەكـانی ئوسترالیا) خێزان (باوك)یان دەكوشت ئەگەر بەلایانەوە پێویست بووایە.

هەندێك لەتوێژەران پێیان وایە ئەم سیسـتمە لەكۆمـەڵ سـەرەتاییەكاندا بـاو بووە, بڵاوبوونەوەی ئەم سیستمە دەگەرێتەوە (واتا رەچـەڵەكی دایكایـەتیو دایـك نشینی) بـۆ ئـەو رۆڵـەی ژن هـەیبووەو لەگـەڵ پیـاودا یـەك رەوشـی كۆمەڵایـەتی یەكسانیان هەبووەو هەندێ جاریش لەپیاو باڵادەستر بـووە, ئەمـەش ببـووە هـۆی فـەرامۆش كردنـی باوكایـەتی لـەو كۆمـەڵ سـەرەتاییانەدا. لـەو كۆمەڵیانـەدا خۆشەویستیو غیرە, بـوونی نـەبووە لـەنێوان پیـاوو ژنـداو لـەرووی سێكسـیەوە

www.pertwk.com

هاوتابوونو, پێیان وابووە شێوەی یەکەمی خێزان دایکایەتی بووە. گەرچی بەڵگەیەکی زانستی ئەوتۆیان لەبەردەستا نییە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەیان*.

هەندێك لەبیریارەکان گواستنەوەی خزمایەتی لەسیستمی دایکایەتییەوە بۆ باوکایەتی بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێننەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1-جێگیر بوونی مرۆڤ بەهۆی فێربوونی کشتوکاڵەوە, لەناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراوداو مانەوەی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا لەو ناوچەیەدا.

---

* جگە لەم بەڵگانەی کە لێرە ئاماژەیان پێدەکەین:

ئەگەری زۆر هەیە کە ژن کشتوکاڵی دۆزیبێتەوە چونکە لەکاتی دووگیانیو منداڵبوونو شیرداندا لاواز بووەو چالاکی کەم بووەو نەیتوانیوە بۆ دوور بڕوات بۆیە لەئەشکەوتو دەورو بەریدا ماوەتەوە بۆ پارێزگاری کردن لەخۆیو حەسانەوەی. لێرەشدا بۆ ئەوەی بژێوی خۆیو منداڵی پەیدا بکات ناچار بووە دانەوێلەو گژو گیا بەروبوومی رووەکی دەوروبەرەکەی کۆبکاتەوەو راوی ماسی بکاو ئەو گیانلەبەرانەش راو بکات کە راوکردنیان ئاسان بووە پاشان تۆوی دانەوێڵەی فڕێداوەو, بەهۆی بارانو شێو خۆرەوە ئەو تۆوانە گەشەو چەکەرەیان کردووەو لێرەوە کشتوکاڵ دۆزراوەتەوە بەڵام پیاو بەهێزو بەتوانا بووەو دورکەوتۆتەوەو بەدوای نێچیردا لەگەڕاندا بووە.

+بۆیە پێشینان زەوییان بەهێمای دایکی مرۆڤ ناوبردووەو, ئێستاش لەزۆربەی زمانەکاندا زەوی مێیە. لەزۆربەی شارستانییە کۆنەکاندا خواوەندی زەوی مێ بووەو خواوەندی ئاسمانیش نێر.

+رۆمانییە کۆنەکان ووتەیەکیان هەیە دەڵێت "دایك هەردەم زانراو بووە". فیرعەونەکان لەڕێی دایکەوە موڵکەکانیان گواستۆتەوە.

+لەزۆربەی تیرە سەرەتاییەکانی ئەفریقاو ئەمریکای باشور هەتا ئێستاش سیستمی دایکایەتی تیایاندا باوە.

+لەشارستانی دۆڵی رافدەین (میزۆپۆتامیا) خواوەندی ژن هەبووە وەك خواوەندی عەشتار, لای گریکەکان ئەفرۆدیت کە ژنە خواوەندی خۆشەویستیو جوانی بووە, ڤینۆس لای رۆمان, ئایریس لای میسریەکانو, قیبیلیا لە وڵاتی ئەنادۆڵ ئەمانە هەموویان مێ بوون.

هەموو ئەم بەڵگانە ئاماژەن بۆ ئەوەی دایك شوێنو پایەیەکی بەرزی هەبووەو گەشتۆتە ڕادەی خواوەندی. (وەرگێڕ)

2-بەهۆی راوەوە لەو قۆناغانەدا پیاو بازووی بەهێز بووەو ئەمەش بووە هۆی سەپاندنی دەسەلاتی بەسەر ژندا, دیارە ژن لەڕووی جەستەو ماسولکەوە لەپیاو لاواز تر بووە.

3-بەکارهێنانی کۆیلەو دەستو پێوەند لەلایەن پیاوەوەو, بەکارهێنانیان بۆ کارە سەختو دژوارەکان, ئەمەش وای لەپیاو کردووە بەخێزانەوە بیانلکێنیو دانیان پێدا بێنێت وەك ئەندامی خێزان.

4-بلاوبوونەوەی هەندێ خورافەو بیرو باوەڕ کە دەڵێ ژن گیانی شەڕو شەیتانی لەناخیدایەو ئەمەش بووە مایەی لەکەدارکردنی ژن.

5-بلاوبوونەوەی جەنگو کوشتار لەنێوان خێڵو هۆزەکاندا کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێویستی بەهێزی ماسولکەو بازوو هەبووە کە هەر بەپیاو دەکرا.

هەندێ بیریارو پسپۆڕ پێیان وایە سیستمی دایکایەتی مەرج نییە لەهەموو کۆمەڵەکاندا کۆنترین رژێم بوبێت چونکە هەر کۆمەڵێك سروشتی تایبەتی خۆی هەبووە بەهۆی رەوشە ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتییەکانییەوە لەهەمان کاتیشدا ناکرێت بوونی ئەم سیستمە وەك کۆنترین سیستم رەت بکەینەوە چونکە لەهەندێ کۆمەڵی سەرەتاییدا بوونی هەبووەو زاناکانی ئەنسرۆپۆلوژیا سەلماندوویانە.

لاوازی بەڵگەکان لەوەدایە کە ژن هەردەم لەپیاو لاواز تر بووە لەڕووی جەستەییەوەو نەیتوانیوە چاودێری پێویست بۆ منداڵەکانی دەستەبەر بکات بەبێ مێردەکەی, چونکە ئاشکرایە ژیانی مرۆڤایەتی لەو کۆمەڵ رۆتینییانەدا سەختو دژوار بووە, کاتێك پیاو بۆ راووشکار لەکۆچو رەودا بووە مەرج نییە بەتەنها رۆشتبێو خێزانی لەگەڵدا نەبوو بێت, دەشێت لەگەڵ خۆیدا تەواوی خێزانەکەی کۆچ پێکردبێو لەنزیك خۆیەوە یان لەشوێنێکی بێمەترسیدا چاودێری کردبێت, چونکە کۆچو رەوو شوێن گۆڕین کارێکی هەروا ئاسانو سوك

www.pertwk.com

نەبووە. بۆیە سەلماندنی سیستمی دایکایـەتی پێویسـتی بەبەڵگـەی بـەهێزو زیـاتر هەیە.

## باوك نشنیی: Patrilocal

لەم سیستمەدا تەوەری خزمایەتی پشت بەباوك یان خێزانی باوك دەبەسـتێت, دایـكو خێزانـی دایـك وەك بێگانــە تەماشـادەکرێنو منـداڵ هـیچ سـۆزێکی لەبەرامبەریاندا نییە. ئەم سیستمە لەهەندێ خێڵو هۆزی ئوسـترالیاو ئـەمریکادا باو بووە. بـوونی ئـەم سیسـتمە لەهەنـدێ کۆمـەڵی سـەرەتاییدا دەگەڕێتـەوە بـۆ بایەخو رۆڵی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی پیاوو کـۆنترۆڵکردنی خێـزان لەلایـەن باوکەوە.

ژنە توێژەرێکی وەك (هێنری مین) بۆ بەدوادا چوونی ئەم بابەتە توێژینەوەی بۆ کۆمەل رۆمانی کۆن کردووەو دەڵێت:

خێزانی باوکایەتی مل کەچی دەسەڵاتی باوك بووەو, بنەمای میراتی منـداڵو جێنشینیو پیشەوایەتی لەڕێی رەچەڵەکی باوکـەوە بـووە, ئـەم سیسـتمە ئەڵقـەی یەکەم بووە لەزنجیرەی پەرەسەندنی خزمایەتیدا ئینجا دەسەڵاتی دایـك لـەقۆناغی دووەمدا بووە. بۆ ئەم رایەش (مین)و هاوبیرەکانی ئەم بەڵگانە دەهێننەوە:

لەقۆناغی جێگۆڕکێدا بەتایبەتی لەراودا کە بەزەرورەت پیاو ناچار بووە مـاڵ بـەجێ بهێڵـێ, بۆیـە دەسـەڵاتی لەدەسـتداوەو ژن جـێی گرتۆتـەوەو ئەگـەر پیـاو بەرپرسیار بووبێت لەسـەر بـژێوی رۆڵـەکانیو لـەپێناوی پارویـەك نانـدا سـەختیو دژواری زۆری چەشـتبێ, بۆیـە دەبێـت لـەنێو خێزانـدا خـاوەنی دەسـەڵاتو بڕیـار بووبێــت. کــاتێکیش پیـــاو مـــاڵی بەجێهێشـــتووە, لـــەم قۆناغـــەی کۆمـــەڵی مرۆڤایەتیدا, پێویستی بەوە بووە کەسوکارەکەی سەرپەرشتی منداڵەکانی بکەنو یارمەتی بدەن کەواتـە بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دەسـەڵاتی وون نـەکردووە. یـان

لەگەڵ خۆیدا بۆ دابین کردنی ژیانو گوزەرانیـان خێزانـی بردۆتـە لای کەسـوکاریو خۆشی بەردەوام بووە لەکۆچو گەڕاندا.

بـەڵام کاتێـك خێـزان بـەهۆی دۆزینـەوەی کشـتوکاڵەوە جـێگیر بـووە زۆربـەی بیریارو توێـژەران پێیانوایـە بـاوك نشـینی بـووە بـەباو, چـونکە خێـزان پێویسـتی بەچـاودێریو سەرپەرشـتی هـەبووەو هـەروەها لەکۆمـەڵی کشـتوکاڵیدا بـاوك سەنتەری چالاکی ئابوری بووەو خاوەنی هێزی جەسـتە بـووە سـەرەڕای ئـەو هێـزو دەسەڵاتەی لەقۆناغەکانی پێشترەوە بۆی ماوەتەوە.

## باوان نشینی: Martr-Patrilocal

ئـەو توێژینەوانـەی سـەبارەت بـەخێزانو سیسـتمی خزمایـەتی ئـەنجام دراون, سەلماندوویانە هەندێ کۆمەڵ سیستمێکی تریان پەرەپێداوە کـە ئـاڵۆزتر بـووە لـەو دوو سیستمەی ئاماژەمان بۆ کردن ئەویش سیسـتمی (دایـك-بـاوك نشـینی) یـان باوان نشینییە.

ژیانی هاوسەرێتی لەسەرەتادا (بەتایبەتی) وای پێویست کردووە کە کچو کـوڕ بەشـێوەیەکی کـاتیو بـۆ ماوەیـەکی دیـاری کـراو لەگـەڵ کەسـوکاری ژنەکـەدا نیشتەجێ بن کە زیاتر لەساڵێکی خایاندووەو هەنـدێ جـاریش تـا لـەدایك بـوونی منـداڵی یەکـەم درێـژەی کێشـاوە, لـەدوای ئـەوە ژنو مێردەکـە لەوابەسـتەبوون بەخێزانی ژنەوە رزگاریان بووو چوونەتە نێو خێزانی مێردەکەوەو جێگیر بوون.

ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە کچ لەسەرەتای شووکردنیدا زانیاری تەواوی نییە سەبارەت بەماڵ بەڕێوەبردنو پەروەردەی منداڵ, بۆیە ئەم بارودۆخە یارمەتی داوە کە لەدایکییەوە ئەو کاروبارانە فێر ببێت پاشان گواستویانەتەوە بـۆ لای خێزانـی کوڕەکەو لەگەڵ ئەواندا گوزەراندویەتی.

www.pertwk.com

کۆمــەڵی کشــتوکاڵی یــان پیشەســازی هاوچــەرخ ئــەم دیاردەیــەیان تیــادا دەبینرێت, خۆئەگەر لەسەرەتادا بــەرەسمیش لەگــەڵ کەســوکاری ژنــدا نــەژین ئــەوا بەشێوەیەکی زۆر سەردانی کردوون‌و زوو بــەزوو چــۆتە لایــان, یــان کەســوکاری ژن هاوکــاری کچــەکەیان کــردووە لەپــەروەردە کردنــی منــداڵ بەتایبــەتی ئەگــەر لــەو بارەیەوە شارەزایی نەبووبێت. ئــەم جــۆرە سیســتمەش نیشــانەی هاوکــاری کردنــی هەردوو خێزانەکەیە بۆ لەئەستۆ گرتنی بەشێك لەلێپرسراوێتی رۆڵەکانیان تــا ئــەو کاتەی خۆیان توانیویانە کاروبارەکانیان بەرێك‌و پێکی بەرێوەبەرن.

## بەشی سێیەم
## ڕێکخراوە خێزانی‌یەکانو شێوەکانیان

### خێزانی لێکدراو:

خێزانی لێکدراو یان درێژکراوە لەڕێی تێکەڵاوبوونو پەیوەست بوونی چەند خێزانێکی ئەتۆمی‌یەوە لەخێزانێکی فراواندا پێك دێت, لەڕێی ئەم درێژبوونەوەیەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان منداڵو تەواوی ئەندامانی ئەو خێزانەدا دروست دەبێت.

ئەم جۆرە خێزانە زیاتر لەسێ نەوە لەخۆدەگرێت (باپیرەو باوكو نەوە) یان چەند ژنێکی یەك پیاو.

کۆمەڵ سەرەتایی‌و کشتوکاڵی‌و رۆتینی‌یەکان ئەم جۆرەیان لەخێزان بەخۆوە دیوە (خێزانی درێژکراوە-خێزانی هەمەجۆر-خێزانی گەورە- لێکدراو) لەبەر ئەوەی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی‌یاندا گونجاوو لەبار بووە.

www.pertwk.com

تیۆره کۆمەڵایەتی‌یەکانی خێزان, وەك پەیوەندی سێکسی تەماشای هاوسەر ناکەن‌و لێکی نادەنەوە بەڵکو بەبناغەی پەیوەندی پەیوەندی خوێن‌و پەیوەندی رەچەڵەك بۆی دەڕوانن‌و خێزان بەم جۆره پێناسە دەکەن:

کۆمەڵێك کەس‌و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دیاری کرا بەیەکەوە گرێیان دەدات‌و تاکەکانی بەچەندین ئەرك هەڵدەستن کە گرنگترینیان پەروەردەکردنی منداڵ‌و چاودێری کردن‌و دەستەبەرکردنی شوێنی کۆمەڵایەتی‌یە بۆیان, ئەمەو جگە لەوەی خێزان پردێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی شارستانی لەنێوان نەوەکاندا.

خێزانی لێکدراو بەوە دەناسرێتەوە کەیەکەیەکی بەرهەم هێنان‌و بەکاربردنەو خۆیان پێداویستی‌یەکانی خۆیان دابین دەکەن‌و پشت بەدەرەوەی خێزان نابەستن, تیایدا کەرەسەو ئامێرو پۆشاك دروست دەکەن‌و, خواردن‌و پێداویستی‌یەکانی تر ئامادە دەکەن‌و, جگە لەوەی هەر ئەندامێك هەر لەسەرتاوە بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت‌و هەموویان بەشدارن لەبەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ‌و کێڵگەدا, کار دابەش کردن لەسەر بنەمای رەگەزو تەمەن‌و پلەو پایەو... تاد دەبێت.

مەرجی سەرەکی بۆ گۆڕینی خێزانی ناوك بۆ لێکدراو یان درێژکراوە بریتی‌یە لەسیستمی نیشتەجێ بوونی یەکایەتی (الاقامە الاحادی) کە دەبێت یەکێك لەدوو رەگەزەکە (کوڕو کچ) لەدوای هاوسەر گرتن لەگەڵ خێزانەکەی باوك‌و دایکیدا بمێنێتەوە لێرەدا نموونەکانی پێکهێنانی ئەم جۆره خێزانە دەخەینە ڕوو:

1-خێزانی لێکدراو لەئاکامی باوکنشینی‌یەوە:

لێرەدا مەرجە کوڕ (کورەکانی باوك) لەدوای ژن هێنان لەگەڵ باوکیدا لەهەمان خانوودا بمێنێتەوە بەژن‌و منداڵەکانیەوە, ئەم جۆره خێزانە پشت بەپەیوەندی خوێن دەبەستێ‌و لەهێڵی باوکەوە درێژ دەبێتەوە لەباوك‌و منداڵ‌و منداڵی کوڕ پێك دێت.

لەزۆربەی کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتدا ئەم جۆرە نمونەیە باوەو تیایدا ژن مل کەچی فرمانەکانی پیاوو فرمانەکانی کەسی پیاوەکەیە, چونکە پیاو بەرپرسە لەسەر بژێوی‌و چاودێری خێزانەکەی (ژنەکەی) لەدوای جیابوونەوەی لەکەسوکاری.

2-خێزانی لێکدراو لەئاکامی دایکنشینی‌یەوە:

لێرەدا پێویستە کچ لەدوای شوکردنی لەگەڵ مێردەکەیدا لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو لەرووی کۆمەڵایەتی‌یەوە تێکەڵیان بێت.

خێزانی لێکدراو لەم نموونەیەدا لەدایك‌و منداڵ‌و منداڵی کچ‌و, منداڵی منداڵی کچ‌و... تاد پێك دێت‌و نەوە لەدوای نەوە بەم ئاقارەدا درێژ دەبێتەوە ئەم جۆرە لەکۆمەل سەرەتایی‌یەکان باوو بووە, بەڵام لەکۆمەڵی هاوچەرخدا حاڵەتێکی دەگمەن‌و کەمەو لەکۆمەڵی رۆژهەڵاتی‌دا پەسەند نی‌یەو نەبووە بەنەریت.

3-خێزانی لێکدراو لەئاکامی دوانەی نیشتەجێ بوون:

لەم جۆرەدا ژن‌و مێرد بۆیان هەیە لەگەڵ خێزانی یەکێکیاندا ژیان بەسەربەرن, هەندێ بارودۆخی دیاری کراو دەستنیشانی ئەوە دەکەن کامیان هەڵبژێرن دایکایەتی‌یان باوکایەتی. لەهەندێ کۆمەلدا هیچ بوارێك نادەن بەژن‌و مێردەکە کامیان هەڵبژێرن, بەڵکو دارایی‌و سامان‌و پلەو پایەی بەرز ئەمانە بریار دەرن, ئەو خێزانەی سامانی زۆربێ‌و خاوەن پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەرز بێت ئەتوانێت پێداویستی‌یەکانی ئەو ژن‌و مێردە دابین بکات لەکاتێکدا زۆر نەداربن.

لەکۆمەل سەرەتایی‌یەکاندا بەدەگمەن رێکەوتووە (مێردو ژن) لەخانوویەکی سەربەخۆی خۆیاندا دوور لەخێزانەکانیان ژیابێتن, هەر دوانەی نیشتەجێ بوون بووە کە دەستنیشانی ژیانیانی کردووە لەگەڵ یەکێك لەخێزانەکاندا (خێزانی مێرد یان خێزانی ژن). چونکە ئەوان پێیان وانەبووە کە ئەم جۆرە خزمایەتی‌یە پرۆسەی مل

کـەچ کردنـی ژنو مێردەکـە بێـت بـۆ خێزانـەکانیان, بـەڵکو پێیـان وابـووە ئـەم هەڵبژاردنە هێـزو دەسـەڵات دەدات بەرۆڵـەکانیان گەرچـی هەنـدێ زیانیشـیان لێ دەکەوێت.

نیشتەجێ بوونی سەربەخۆیانەی ژنو مێرد لەخانوویـەکی سـەربەخۆدا لـەدایك بووی ژیانی پیشەسازیو شارستانی هاوچەرخەو پێشتر نەبووە.

پێویستە بگوترێت نیشتەجێ بوونی لەم جۆرە لەکۆمەڵ سەرەتاییو رۆتینی‌یـە کشتوکاڵی‌یەکاندا سودو کەڵکێکی زۆری هەبووە بۆ ژنو مێردەکە. چونکە باپیرەو کورو نەوەکان هـەموویان پێکـەوە بـوون, یـان براکـانو ژنـەکانیان, خوشـکەکانو مێردەکانیان لەهەمان خانودا ژیاوون, یان خاڵو مام (رەبەن) هەموویان لەبازنـەی ئەم گروپە خزمایەتی‌یەدا ژیاونو فراوانتر بووە لەخێزانی ناوك.

نیشتەجێ بوونی هاوبەشی نێوان خێزانە ئەتۆمی‌یـەکانو خزمـەکانیان گـەلێك ئـەركو دەسـتکەوتی بـۆ فەراهـەم کـردوون هـەر لـەئامادەکردنی خـواردنو دەسـتەبەرکردنی حەسـانەوەو, کـات بەسـەر بـردن بەخۆشـیو, گەشـەپێکردنو پەروەردەکردنی منداڵ بۆ هەموو ئەندامان, ئەمانەو لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر یـەکێ لەو خێزانە بچوکانە ژیانی تایبەتی خۆی هەبووەو نیمچە سەربەخۆ بووە.

4-خێزانی لێکدراو لەئاکامی سیستمی نیشتەجێ بوون لەگەڵ خاڵو مامدا:

ئـەم جـۆرە ئـاڵۆزترەو لـەوانیتریش کـەمتر بـاوو بـڵاو بـووە لـەنێو کۆمـەڵی مرۆڤایەتی‌دا, هەندێ جار پێیدەوترێت خاڵنشینی. کاتێك کور (کـە ژن دەهێنـێ) یان کچ (کە شوودەکات)و ماڵ بەجێ دەهێڵێت. لەهـەمان کاتـدا باوکـان منـداڵی مێردی خوشکەکانیان (خوشکەزا) لەئامێز دەگرنو بەخێویان دەکەن, یان منـداڵی براکانیان (برازا) لەلای خۆیان لەهەمان خانوودا بەخێودەکەن.

لـەم حاڵەتـــەدا (ژنو مێـــرد) بەرەزامەنـــدی هـــەردوو لایـــان منداڵـــەکانیان لێوەردەگرنو بەخێویان دەکەن.

ئـــەم جـــۆرە سیســـتمە لەکۆمـــەل کشـــتوکاڵی‌یە رۆتینی‌یەکانـــدا (بەتایبـــەتی لەکۆمەڵی عەرەبی‌دا) هەیەو روودەدات کە خاڵ یان مـام لەگـەڵ منـداڵی خوشـك یان منداڵی برادا ژیان بەسەر دەبـات, ئەمـە لەکاتێکدا کـە بـاوك یـان دایکیـان بەهۆی رووداوێکەوە نەمابنو مردبن یان تووشی نەخۆشی قورسو کوشـندە هـاتبن لەم بارەدا کورو کچ لەگەڵ مام یان خاڵی خۆیاندا دەژین. یان خێزان منداڵی خۆی دەنێرێتە لای خاڵ یان مام بۆ ماوەیەکی دیاری کراو (کورت یان درێژ) ژیان لەلای ئەوان بەسەر دەبەن بەم شێوەیە ئەوان چاودێرییان دەکـەنو پەیوەندی‌یـەکی بـەهێز لەنێوانیاندا دروست دەبێت, کە لەئاکامدا ئەبێتە هۆی بڵاوبوونـەوەی هاوسـەرێتی لە نێوان کوری مامو کچی مام لەو کۆمەڵانەدا.

5-خێزانی لێکدراو لەئاکامی ژیانی چەندمێردێك لەگەڵ گروپێك ژندا:

هەندێ لەتوێژەران لەدورگەکانی مارکیزدا سیستمێکی هاوسەرێتیان لەشێوەی خێزانی لێکدراودا دۆزییەوە. لەم سیستـمەدا خێزانـەکان لەکۆمـەڵێك مێـرد پێـك هـاتووە کـە لەگـەڵ کۆمـەڵێك ژنـدا دەژیـن. سـەرەتای ئـەم خێزانـە لێکـدراوە بەهاوسـەرێتی ژنو مێردێـك دەسـت پێ‌دەکـات پاشـان درێـژە دەکێشـێو فـراوان دەبێتو لەرێی بـەکرێ گرتنـەوە (کرێکـاری نوێـوە) پیـاوێکی تـر لەگـەڵ خۆیانـدا لەهەمان خانودا نیشتەجێ دەکەن بەشێوەی مێردی دووەم یـان مێـردی سـێیەمو, هەمان مافی دەبێت کە مێردی دووەم هەیەتی. لێرەدا مێردی یەکـەم (سـەرەکی) ماڵ لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایەو ئەو مافە بۆ خۆی دەپارێزێت. یـان مێـردی یەکـەم ژنی دووەم دەهێنێو مێـردی دووەمو سـێیەمی بـۆ بـەکرێ دەگرێـت پەیوەندی‌یـە سێکسی‌یەکە تەنها لەگەڵ ژنەکەی دووەمـی دەبێـتو بۆیـان نییـە پەیوەنـدی لـەو

www.pertwk.com

جۆره لەگەڵ ژنی یەکەمی‌دا ببەستن گەرچی ئەم جۆره بـوونی دەگمەنـە لەکۆمەڵـە سەرەتاییەکاندا بەڵام هەندێ کۆمەڵ تیایدا بووه بەباوو بڵاوبۆتەوه لەناویاندا ئەم سیســتمە لەگــەڵ زۆربــەی داب‌و نــەریت‌و بــەها کۆمەڵایەتی‌یــەکانی زۆربــەی کۆمەلکاندا یەکی نەگرتۆتەوەو نەشیاو بووه.

لـەئاکامی توێژینەوەکانـەوه دەرکـەوتووه کـە بـاوترین خێزانـی لێکـدراو ئـەو خێزانە بوه کەسیستمی نیشتەجێ بـوونی یـەکاتی‌یان پیـادەکردووه. بـەڵام بـەهۆی تێکەڵ بوونی چەند خێزانێکـی بچـوکەوه. لـەژێر نـاوی (کـۆ هاوسـەری ـــ الـزواج الجماعی) رێ خۆش بوو بۆ سەرهەڵدانی فرەژنی. لێرەدا پیاوێك رۆڵی باوك‌و مێرد لەژمارەیەك خێزانی بچوکدا دەگێڕێت.

لەهەندێ کۆمەلی تردا هاوسەرێتی پیاوێـك لەگـەڵ چـەند خوشـکێکدا سـەری هەڵداوه, واتا پیاوێك خوشکی ژنەکەی دەهێنێ وەك ژنـی دووەمـی بەرەزامەنـدی ژنەکەی, کە ئەمەش دەبووه هۆی گونجان‌و ئیرەیی نەکردن لەنێوان هەردوو ژنەکەدا (هەردوو خوشکەکەدا).

دوای خستنەڕووی جۆرەکانی خێزانی لێکدراو لەکۆمەڵ جیاجیاکاندا, ئەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە خێزانـی لێکـدراو لـەئاکامی باوکنشـینی‌یەوه لەزۆربـەی کۆمەڵەکانـدا بـاوو بـڵاو بـووه (کۆمــەڵی ســەرەتایی‌و کشــتوکاڵی‌دا) پاشــان دایکنشینی بەپلەی دووەم هاتووه. بەڵام نموونەکانی تـر دەگمـەن بـوون‌و لەهەنـدێ کۆمەڵدا بەهیچ جۆرێك ئاشنایەتی‌یان لەگەڵیاندا نەبووه.

## گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەخێزانی لێکدراودا:

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەلی مرۆڤایەتی بەخۆیەوه دیویەتی, هەر وەك لەسیســتمی خزمایــەتی‌دا ئاماژەمــان بــۆ کــرد ســەبارەت بەپیشەســازی کــردن‌و بەشارستانی بوون, خێزانیش بەهەمان شێوه گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووەو لەڕەوشـە فراوانەکەیەوه گۆڕاوەو بەرتەسك‌و بچوك بۆتەوه لەقەوارەدا.

دوای ئەوەی خێزان لەکۆمەڵی کشتوکاڵیدا پشتی بەخۆی دەبەست, ئەو بارە گۆڕاو خێزانی ژینگەی پیشەسازی ناچار بوو بۆ مانەوەو تێرکردنی پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی لەپۆشاكو خۆراكو تەندروستی فێربوون... پشت بەهێزەکانی دەرەوەی خۆی ببەستێ, لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پارێزگاری لەهەندێ ئەرك دەکردو وەك خۆیان ماونەتەوە.

بەهۆی بەشارستانی بوونو بەپیشەسازی کردنەوە دەسەڵات لەسەرۆکی خێزانەوە چووە دەست کەسانی دەرەوەی خێزانو ئەوانەی لەبواری پیشەسازیدا کاریان دەکرد وەك بەڕێوەبەرەکانو تەکنیکارەکانو هیتر, ئەمەو جگە لە لەدەستدانی کۆنترۆڵو دیسپیلین بەسەر ئەندامەکانی خێزانی پیشەسازیدا.

بەهۆی گۆڕانکاری‌یە خێراو بەردەوامەکانەوە لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا, گۆڕانکاری لەشێوەو سیستەمو ئەرکی خێزاندا بەدی هات. لێرەدا ئاماژە بەوفاکتەرانە دەکەین کە سەرچاوەی ئەو گۆڕانکاریانەنو دەیانکەین بەدوو گروپەوە بەم شێوەیە:

### أ-فاکتەرە مێژوویی‌یەکان:

#### 1-عەلمانیەت:

دەکرێت بڵێین داب نەریتو بەهاکان دەرهاویشتەی کاری مرۆڤەکان خۆیانن, پێکهاتەی کۆمەڵ سەرەتایی‌یەکان مۆرکێك بوونو تایبەت بوون بەقۆناغێکی مێژوویی دیاری کراوەوە. کاتێك کۆمەڵ گۆڕاوو ئەو بونیاتەکشتوکاڵی‌یەی نەماو شێوەی کۆمەڵی پیشەسازی نوێی بەخۆوە گرت. ئیدی مرۆڤ لەبارودۆخە نوێ‌یەکەیدا هێزو توانای زیاتر بوو بۆ خوڵقاندنو راست کردنەوەی ئەو دابو نەریتو بەهایانەی کە جاران لەکۆمەڵی رۆتینی‌دا باو بوو, زیاتر باوەڕی بەوە هێنا کە پرۆسەی گۆڕان لەئاستەکانی کۆمەڵدا پێویستەو ناکرێت نەکرێت.

زاڵ بوونی بیرکردنەوەی عەلمانی بەو مانایە دێت تاکەکەس نەك هەر ئازادە لەهەڵبــژاردنی ئــەو ئاســتانەدا (ئاســتی دابو نــەریتو بــەهاکان) بــەڵکو ئــەو توانایەشی هەیە بەبێ ترسو سڵەمینەوە بیانگۆڕێت. چونکە بەپێی بیرکردنــەوەی عەلمانی رێو شێوازەکانی ژیان مل کەچی تاقیکردنەوەی بەردەوامن. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەژیان لەحاڵەتی گۆڕاندایە.

پرۆسەی گۆڕان هەموو بەشەکانی سیستمی کۆمەڵی گرتەوە, ئەگەرچی پلـەی گۆڕانەکە لەنێو سیستمی کۆمەڵدا جیاوازی هەبوو, بەڵام خێـزان یـەکێك بـوو لـەو سیســتمانەی گۆڕانکــاری گــەورەی بــەخۆوە دیــوە ســەبارەت بــەو هەڵوێســتو بۆچـوونانەی لەمێشـکی مرۆڤەکانـدا بـوونو لەنـەوە کۆنەکانـەوە مابوونـەوە وەك هەڵوێستی پیاو بەرامبەر بەژنو یان دایكو باوك بۆ منداڵەکانیان یان بـۆ هەنـدێ بەهای تر.

2-باڵادەستی باهۆزی مرۆڤایەتی:

بیروباوەڕەکـانی بـاهۆزی مرۆڤایـەتی لەبزوتنـەوەکانی: سیاسـەتو هونـەرو ئەدەبو فەلسەفەدا کاری خـۆی کردۆتـە سـەر خێـزان, ئـەم رەنگدانەوەیـە بەسـەر کەسـێتی تاکەکەسـاندا وای کـردووە بەشـێوەیەکی پۆزەتیڤانـە هاوبەشـی بکـەن لەژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر عەلمانیەت فاکتـەری یاریـدەدەر بـوو بـۆ ناسـاندنی تاکەکەس بەتواناکانیو هاندانی بۆ بەشـداری کـردن لـە دەستنیشـانکردنی ئاسـتە کۆمەڵایەتییەکاندا, ئەوا گەشەکردنی ئـەم بـاهۆزە مرۆڤایەتییانـە وای لێ کـردن زیاتر هۆگری ئەو توانایانە بنو حەزی پێ بکەن کە لەئاکامدا دەسـەڵاتی خێزانـی بەسـەر ئەندامـەکانیدا کـەمو لاواز کردۆتـەوە. تاکەکـەس وای لێهـاتووە هەنـدێ بنەماو پرانسیپ بگـۆڕێو راسـتی بکاتـەوە بەشـێوەیەك کـە لەگـەڵ پەرەسـەندنو پێشکەوتنی هاوچەرخدا بگونجێت.

3-بڵاوبوونەوەی هۆشیاری دیموکراسی:

بڵاوبوونـــەوەی دیموکراســـیو ســـەقامگیر بـــوونی بـــەهاکانی لەکۆمـــەڵکانی مرۆڤایەتیدا کاری کردۆتە سەر گۆڕینی دەسەڵاتی خێزانو سەروەری پێشەواکانیو مل کەچ کردنی ئەندامانی خێزان بۆ ئەو راو حوکمانـەی کەسـانی سـەرو خۆیـان, لەپلەو پایەدا کە لە سەر هەندێ بنەمای لاوازو نادروست, دایانڕشتیوون.

دیموکراســی سیاســیو پیــادەکردنی مافــەکانی تاکەکــەس بــوون بەبەشــێك لەکەسێتی تاکەکەسانو وایـان لێکـرد لـەو بڕوایـەدا بێـت کـە توانـای هەیـە بـۆ بەڕێوەبردنی خۆیو باوەڕی زیادکرد بەخۆی کە دەتوانێت یـاخی بێـت لـەدژی هـەر رەوشێك کە نەتوانێت بەشێوەیەکی رێكو دروست کەسەکە ئاراستە بکات.

هەر دیموکراسی بوو کاری کردە سەر ئەندامانی خێزانو لاوازکردنی دەسـەڵاتی خێزان بەشێوە باوەکەی, بەجۆرێك تاکەکانی خێـزان بەگشـتی بـواری گفتوگـۆو را گۆڕینەوەیان هەبێت لەسەر هەر شـتێك پـێش ئـەوەی بڕیـاری یـەکجاری لـەبارەوە بدرێتو هەموویان بەشداربن بەگەورەو بچوكو کچو کوڕەوە لەدەرکردنی بڕیاردا.

قوڵبوونــەوەی دیموکراســی لــەنێو خێزانــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ بڵاوبوونــەوەی خوێندەواریو زیاد بـوونی هۆشـیاری لـەنێو کۆمـەوڵگادا بـەو جـۆرەی تاکەکـەس بتوانێت گوزاشت لە دیدو بۆچونەکانی بکات لەو مەسەلانەدا کەتایبەتن بە ژیانو ئایندەی خۆیەوە.

**ب ــ فاکتەرە نوێیەکان:**

جگەلە فاکتەرە مێژووییـیە کۆمەڵایەتیـیـەکان, هەنـدێ فاکتـەری شارسـتانی هەن کە کاریگەری دورتریان بەسەر خێزانـەوە بەجێهێشـتووە لـەڕووی پێکهاتـەی دەروونیو کۆمەڵایەتی ئەندامەکانەوە. کە بریتین لەمانە:

www.pertwk.com

1) تاکایەتی (الفردیە) Individualism

تاکایەتی بەواتای مافی تاکەکەس دێت لەکاریگەر بوونی زیاتری لەهەڵبژاردنی ئەوانەی کە حەزی لێیانە دوور لەهەر ڕێکخستنو ستستمێکی لەلایەن کەسانی ترەوە, واتا تاکەکەس ئازاد بێت لەهێنانەدی ئەو ئامانجانەدا کە خۆی هەڵیبژاردوون, بەدەر لەناچاکردن بۆ پەسەند کردنی کۆمەڵێك ئامانج لەلایەن خێزانەوە.

تاکایەتی جیاوازە لەیاخی بوون. چونکە یاخی بوون بریتییە لەکارکردنی تاکەکەس لەچوارچێوەی تایبەتی خۆیدا بەبێ ئەوەی نرخو بەها بۆ مافەکانی کەسانی تر دابنێت.

بەڵام تاکایەتی ئەو بنەمایانە بۆ تاکەکەس دەخولقێنێت کە بەهۆیانەوە ڕێز لەمافی کەسانی تر دەگرێتو کەرامەتییان دەپارێزێت. لەهەمان کاتدا ئازادی بەرئەنجامی سەرکەوتنی تاکەکەسانە لەپەیوەندییەکانی ناو خێزاندا, بەڵام یاخی بوون ئاکامی شکستهێنانی تاکەکەسانە لەپەیوەندییەکانی ناوخێزان (وەك پەیوەندی منداڵان بەباوكو دایکیانەوە)

تاکایەتیو یاخی بوون دوو چەمکی جیاوازن لەڕووی پاڵنەرەکانیانەوە کە وەڵامدانەوە لای تاکەکەسان دروست دەکەن, چونکە بریتین لەپرۆسەی وەڵامدانەوەو وەڵام نەدانەوە یان گونجانو نەگونجان لەناوەندی خێزاندا بەهەموو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی ناویەوە. کاریگەری تاکایەتی زیاتر لەگەڵاڵەکردنو پێکهێنانی کەسێتی سەربەخۆی تاکەکەسدا دەردەکەوێت بۆ پشت بەستن بەخۆی لەمەسەلەکانی دوارۆژی خۆیدا, ئینجا کارکردن یان هاوسەرێتی یان لەهەر مەسەلەیەکی تردا بێت.

2) دیموکراسی

خێزانـی دیموکراسـی بایـەخو گرنگـی بەهـەموو ئەندامـەکانی نـاوی دەدات, لەوەرگرتنی هەر بڕیارو حوکمێکدا بەوپەڕی کردەییو تواناوە.

ڕێکخسـتنی دیموکراسـییانەی خێـزان بۆتـە هـۆی دەرخسـتنی دوو روخسـاری بنچینەیی لەناویاندا:

یەکەم/ پشتبەستنی خێزان بەدەسەڵاتی عەقڵ, چونکە گرنگی بەڕاو بۆچوونی تاکەکانی دەداتو بـەرز دەیاننرخێنێت, بەتایبـەتی ئەوانـەیان کـە سـەلماندوویانە بەتوانان لەڕایی کردنی کاروباری خێزاندا, ئەمەش پێچەوانەی خێزانـی ڕۆتینیـیـە کە دەسەڵات تیایدا بۆ تاکەکەسە لەبەڕێوەبردنی خێزاندا.

دووەم/ بریتییە لەپەیوەست کردنەوەی ئارەزووی دروست بـەوەی هـەر تاکێـك مافی هەیە لەگەڵاڵەکردنی حوکمەکانیدا بـەبێ ئـەوەی رەخنـەی لێ بگرێـت, یـان کەسانی تر دەستیان هەبێت لەگەڵاڵەکردنیدا. تاکەکەس بەبێ سانسۆرو ناچاکردن مافی هەڵبژاردنی ئەوەی هەیە کە دەیەوێت بڕیاری لەسەر بدات.

واتا دەسەڵاتی بەخێوکەری خێزان یان سەرۆکی خێزان بـەهۆی دیموکراسـییەوە وەك جاران نەماوە ئەندامەکانی نـاو خێزانـی نـوێ ئـەتوانن سـەبارەت بەمەسـەلە پەیوەنـدارەکانی خۆیـان رایـان هـەبێتو ئـەتوانن بڕیـاری پەسـەندکردن یـان پەسەندنەکردن, حەز لێ بوون یان لێ نەبوون بدەن.

3) یەکسانی

خێزانی دیموکراسی تاکایەتی ئەندامەکانی بـۆ چـەند گروپێـك پـۆلێن ناکـات, یـاخود هەنـدێکیان لەهەنـدێکیتر بەباشـتر بزانێـت, یـان هەنـدێکیان بـەلاوازو بێدەسەڵات لەدەرکردنی بڕیاردا پیاگۆ بکات هەر وەك خێزانی ڕۆتینی دەیکات.

www.pertwk.com

ئـەم یەکسـانی‌یە وەك فاکتـەرێك هـەر تـاکێکی خێـزان دەگرێتـەوەو بواریـان پێدەدات بـەبێ جیـاوازی رای خۆیـان دەربـبڕنو لەڕەخنـەی کەسـانی تـر نەترسـن, هەروها ژنانو کچانیش دەگرێتەوە وەك ئەندامێکی پێگەیشتوو خاوەن راو بۆچوون چ وەك دەربڕین لەبارەی کاروباری خێزانەوە یاخود وەك ئـەو کاروبارانـەی تایبـەتن بەچارەنووسو ئایندەی خۆیانەوە. تیایدا ژنان ئەوەندە بوارو هێزیان پێدەدرێت کـە بتوانن پلەو پایەو شوێنی شیاوی خۆیانو وەربگرنو بەشێوەیەکی یەکسـان لەگـەڵ پیاواندا پەیوەندی‌یەکان بەرجەستە بکەنو بەرقەراری بکەن.

سەبارەت بەمنداڵیش ئەوەیان بۆ رەخسا کە حەزو ئاواتـەکانیان تێـر بکرێـتو هێـزو تواناکانیـان گەشـەی پێبـدرێو چـیتر وەك (گـەورە) تەماشـایان نـەکرێو مافەکانیان پێشێل نەکرێتو بەپێی تەمـەنو توانـای ئـەقڵیو جەسـتەیی‌یەکانیان رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت.

ئەمانـە روخسـارەکانی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـوون کـەباڵیان بەسـەرخێزاندا کێشاوە لەم چەرخە نوێیەدا. پێویستە ئەوەش بوترێ هەموو گۆڕانکارییەك لەهەر سیستمێکدا رووبدات, ئیدی هەموو لایەنەکانی باشنو لایەنی خراپی تیادا بـەدی ناکرێت, ناتوانرێت هەموو گۆڕانێك تەنها بەباش یان بەخراپ پیاگۆ بکرێت, بەڵام بۆ چارەسەرکردنی لایەنی خراپ دەبێت رێنماییو ئاراسـتە کـردن هـەبێتو نابێـت هەموو کۆنێك بەخراپ بزانـرێو رەت بکرێتـەوەو هاوکـات هـەموو نوێگەری‌یـەك بەچاكو بێ‌کەمو کورتی بزانرێت. بۆیە پێویست بەوە دەکـات پرۆگـرامو بەرنامـەی دروستو تەواو بۆ گەشەپێکردنی تاکەکەسان دابڕێژرێت تاکو خۆ بـەدوور بگیرێـت لەو کێشەو دژواری‌یانەی رووبەڕووی خێزانی نوێ دەبنەوە.

**خێزانی (ناوك)ی نویێ:**

لەپێناسـەکردنی خێزانـی ناوکـدا دەکرێـت بڵـێین: بریتییـە لەیەکەیـەکی کۆمەڵایەتی کە پێك هاتووە لەژنو مێردو منداڵەکانیان (کوڕو کچ).


بەڕای زۆربەی توێژەرانی بواری ئەنسروپۆلۆژیا ئـەم جـۆرە لـەخێزان لەزۆربـەی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی هەبووەو بەشێکە لەسیستمی خزمایـەتی بـەرفراوان, کـە لەتۆڕێك پەیوەندی نێوان (باپیرەو نەوەو خاڵو مام) پێك هاتووە. ئەم جـۆرە بـەوە جیادەکرێتەوە کـەژیانی تایبـەتی خۆیـان هەیـەو بچـوکترین یەکـەی کۆمەڵایـەتی خزمایەتینو دەکرێت وەك یەکەیەکی سەربەخۆو جیا لەکۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵـدا بکرێت.

هەندێك لەتوێژەران پێیانوایە خێزانـی نـاوك گروپێکـی جیهانییـەو لەهـەموو کۆمەڵەکانـدا بـوونی هەیـەو, ئـەو چـاوگەیە کـە خێزانـی گـەورەو ئـاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام هەندێکی تر لەگەڵ ئەم رایەدا نـینو دەڵـێن گروپێکـی جیهـانی نییـەو گومانیـان هەیـە کـە لەکۆمـەڵی سـەرەتاییدا هـەبوو بێـت, نموونـەی ئـەم توێژەرانەش (سپیرۆو کـاپلین)ن, کـاپلین لەتوێژینەوەکەیـدا بـۆ کۆمـەڵی (نـەیرس) لەباشووری هندستان ئەوەی دیوە کە ژنـان لـەو کۆمەڵـەدا هـەموویان بـێمێردنو منـداڵانیش بـێ بـاوکن. بەواتایـەکی تـر بـەخێزانی نـاوك ئاشـنایەتییان نییـەو نەیانبووە.

ئەو رایەیان کە پێی وایـە خێزانـی نـاوك جیهانییـە دەڵێـت: هـەموو تاکێـك لەکۆمەڵدا ئەندامی دوو خێزانی جیاوازو تیێهەڵکێشـە. کاتێـك لـەدایك دەبێـت لەخێزانی ناوکدا, خۆیو خوشكو براو دایكو باوکی لەگەڵدا (واتا خێزانی نـاوکی ئاراسـتەکەر)و کـاتێکیش پێگەیشـتوو دەبـێ ئـەم خێزانـە ئاراسـتەکەرە بـەجێ دەهێڵێو خێزانێکی تر پێك دەهێنێ کە لەخۆیو هاوسەرو منداڵەکانی پێك دێت, ئەم خێزانەیان پێی دەوترێت خێزانی ئەتۆمی زاوزێیایەتی.

www.pertwk.com

**دەکرێت لەم هێلکارییەدا روونی بکەینەوە:**




خێزانی ناوك لەزۆربەی شارستانی‌یە کۆنەکاندا بوونی هەبووە, هەر بەهۆی ئەم چەشنە لەخێزانەوە چەندین بەهاو نەریتو ڕەفتاری هاوبەش لەنێو دانیشتوانی جیهاندا بەدی دەکرێت. لەم بارەیەوە هەندێك تێبینی دەخەینەڕوو:

1-سیستمی خێزان لەکۆمەڵەکانی جیهاندا بەئاراستەی ئەم چەشنە خێزانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە, گەرچی جیاوازی هەبووە لەشێوەی پەرەسەندنەکانیاندا, بۆ نموونە سیستمی لەیەك جیابوونەوەو منداڵی زۆڵ (ناشەرعی)و منداڵ هەڵگرتنەوە...تاد ئەمانە لەهەموو کۆمەلکاندا بوونیان هەیەو ناسراون.

2-بەپیشەسازی کردنو بەشارستانی بوون کاریگەرییەکی فراوانیان کردۆتە سەر گۆڕانی سیستمی خێزان لەڕووی پێکهاتنو ئەرکەکانەوە (هەر وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە).

زانای کۆمەڵناسی (پارسۆنس) پێی وایە خێزانی ناوك لەکۆمەڵی پیشەسازیدا جۆرە گۆشەگیرییەکی (رێژەیی) پێوە دیارە, ئەمەش بەهۆی سروشتی ئەو کۆمەلیە کە وا دەخوازێت پیاو شوێنی خۆی لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تر بگوێزێتەوە, بەلام (گۆد)و (لاسلێت) پێچەوانەی ئەم رایەیان هەیەو دەڵێن خێزانی

ئینگلیزی لەپێش شۆڕشی پیشەسازیدا گۆڕانکاری بەسەر قەوارەکەیدا هاتووەو مەرج نییە (بەپیشەسازیکردن) تەنها فاکتەرێك بێت بۆ گۆڕانی پێکهاتەی خێزان بەڵکو بەیەکێك لەفاکتەرە یاریدەدەرەکان دەژمێردرێت لەپرۆسەی گۆڕانی پێکهێنانی ئەرکی خێزانی رۆتینییەوە بۆ خێزانی ناوك.

**ئەرکەکانی خێزانی ناوك:**

گەرچی تێهەڵکێشەیەك لەنێوان ئەرکی کۆمەڵایەتی هەردوو خێزانی لێکدراوو ناوکدا هەیە, بەڵام دوابەدوای گواستنەوەی هەندێ ئەرکی خێزانی لێکدراو بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێرەوە خودی پێکهاتەی خێزانیش رووەو خێزانی ناوك گۆڕاوە, لەگەڵ ئەوەشدا خێزانی ناوك هەندێ ئەرك‌و خزمەتگوزاری گشتی بۆ ماوەتەوە کە پێشکەش بەئەندامەکانی دەکات وەك: گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی, پارێزگاری کردن لەسەر هەندێ پاڵنەری تاکایەتی کە وەك فاکتەری گرنگ پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بەشداری کردن لەکۆمەڵدا, پێکهێنانی کەسێتی ئەندامەکان‌و پێدانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و جگە لەکەمکردنەوەو خاوکردنەوەی نائارامی دەروونی‌و دڵەڕاوکێ...تاد.

سەرەڕای ئەو ئاڵۆزی‌و تەمومژەی کە بەسیمای ئەرکەکانی خێزانی ناوکەوە دیارە, بەڵام هەندێ ئەرکی گشتی هەیە کە هاوبەشە لەهەموو خێزانەکانی کۆمەڵ جیاجیاکاندا لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

1-پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان ژن‌و پیاو لەخێزاندا, ئامانجی تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانە, ئەم تێرکردنەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی شاردنەوەو سڕینەوەی چەندین هەڵچوونی نارێك‌و لادەر لەڕووی

کۆمەڵایەتی‌یەوە. کۆمەل بۆ خۆی ئەو پەیوەندی‌یە سێکسی‌یەی نێوان کەسانی باڵق بوو رێکدەخات, گەرچی هیچ کۆمەڵێك سەڵتی‌و قەیرەیی* رەت ناکاتەوە, بەڵام بەرەڵا کردنی پرۆسەی سێکسی بەبێ هیچ کۆتو بەندێك هەرەشە لەسەر ئارامی‌و مانەوەو بەردەوامی کۆمەل دەکات.

2-خێزانی ناوك بەوە جیادەکرێتەوە کە یەکەیەکە بۆ زاووزێ, وەك بەرهەمێك بۆ پەیوەندییە سێکسی‌یەکانی نێوان ژنو پیاو, منداڵ بوون لەکۆمەڵدا بایەخو گرنگی‌یەکی کۆمەڵایەتی باڵادەدات بەو خێزانانەی کە دەیان بێت (واتە وەجاخ کوێرنین), هەندێ کۆمەڵی رۆتینی یەکێك لەدوو رەگەزەکە (کچ یان کور) بەباشتر دەزانن لە رەگەزەکەی تر. زۆربەی کۆمەڵەکان لەپرۆسەی سێکسی‌دا مەسەلەی منداڵ بوون بەگرنگو پڕ بایەخ دەزانن.

بانارۆ Banaro لەتوێژینەوەیەکیدا کە لەکینیای نوێ ئەنجامی داوە بۆی دەرکەوتووە کە دابو نەریتی ئەو دەڤەرە رێ بەمێرد نادات (تازە زاوا) پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنەکەیدا ببەستێ, هەتا ئەو ژنە لەپیاوێکی تر منداڵێکی نەبێت, ئەم مێردەش (تازەزاوا) بۆی هەیەو دەتوانێت رەزامەندی بدات یان نەیدات بەپەیوەندی‌یە سێکسیەکە لەگەڵ ژنەکەیدا تاکو دڵنیا نەبێت لەتوانای منداڵ دروستکردنی پیاوەکە.

ئەمرۆ لەکۆمەڵ پێشکەوتووەکاندا پشکنینی پزیشکی تەواو دەکرێت بۆ کورو کچ لەپێش هاوسەرێتیدا, بۆ دڵنیابوون لەتوانای منداڵ دروست کردن ئەم کارەش بەپێویست دەزانرێت بۆ پارێزگاری کردن لەزاووزێیایەتی.

---

* لەکوردەواریدا ووشەی سەڵت زیاتر بۆ کور بەکاردەهێنرێو قەیرەش بۆ کچ, لەکاتێکدا کە هاوسەریان نەبێت یاخود لەهاوسەرگرتندا دواکەوتبێتن.

3-یەکێك لەنیشانە دیارەکانی خێزانی ناوك نیشتەجێ بوونی هاوبەشە, ئەمیش ئەو واتایەی هەیە خێزان ئازادەو دەتوانێت لەگەڵ هەر گروپێکی کەسوکاردا (باپیرەو داپیرە, خوشكو برا, خوشكو زاوا, براو براژن) لەهەمان خانودا نیشتەجێ ببێت, یاخود لەگەڵ خاڵو مامەکاندا (کە هێشتا سەڵتن). ئەم نیشتەجێ بوونە هاوبەشە لەنێوان خێزانی ئەتۆمیو خزمو کەسوکاردا چەندین ئەرکو فرمانی بۆ دەستەبەرو ئاسان کردوون وەك ئامادەکردنی خواردن, پشوودانو حەوانەوە, رابواردنو خۆشگوزەرانیو, گەشەپێکردنی منداڵو پەروەردەکردنیو چەندین ئەرکی تر, شایانی باسە ئەم خێزانانە ژیانی تایبەتی سەربەخۆی خۆیان بەهیچ جۆرێك لەدەست نەداوە.

4-پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییانەی منداڵان یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی خێزانی ناوك, لەساڵەکانی سەرەتای تەمەندا پەیوەندی منداڵ بەدایکەوە زۆر پتەوەو هەر دایکە هەموو ئەرکەکان (واتە تێرکردن, پاككرنەوە, پاراستن, فێرکردنو گەورەکردن...) لەئەستۆ دەگرێت, پاشان باوك ئەم ئەرکە تەواو دەکاتو درێژەی پێدەدات لەقۆناغەکانی دواتردا. کەواتە هەردوولا (دایكو باوك) ئەرکی گەشەپێکردنی منداڵیان لەئەستۆدایە, ئەمانەو جگە لەو رۆڵە سەرەکییەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ (دایەنگا, باخچەی ساوایان, قوتابخانە...تاد) دەیان ئەرکو خزمەتگوزاری پێشکەش بەخێزانی ناوك یان ئەتۆمی دەکەن کە هەموویان بەتەواوکەری ئەرکی خێزان هەژمار دەکرێن, لەگەڵ ئەم هەموو خزمەتگوزارییەدا هێشتا ناتوانین رۆڵو بایەخی خێزان لەپرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی کەم بکەینەوەو لەیادی بکەین.

www.pertwk.com

# بەشی چوارەم
# سروشتی پەیوەندییە خێزانییەکان

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێداویستییەکی گرنگی ژیانن‌و, هیچ دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی بەخێزانیشەوە ناتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەبرێت بەبێ پەیوەندی ناوخۆیی نێوان ئەندامەکانی‌و, پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ دامەزراوەی تردا, بەم هۆیەوە ئەتوانێت دیدو بۆچوونە دەروونییەکان‌و رەوشی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی‌و, ڕێگاکانی مامەڵەکردنی نێوانیان, بناسێ‌و شارەزا بێت پێیان.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان سێ خەسڵەتی سەرەکی یان هەیە کە ئەمانەن:

1-پەیوەندییەکە ئاڵۆزو لێکدراوو هەمەلایەنەو تێهەڵکێشە لەگەڵ یەکتریدا.

2-پەیوەندییـەکان هەنـدێکیان کـاتیو هەنووکـەییو کتـوپڕینو بەهۆیەکـەوە دەردەکەونو بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك سەرهەڵدەدەن, پاشـان کۆتاییـان پێدێتو نامێنن, بەنەمانو کۆتایی هاتنی هۆکارەکـانی. هەنـدێکی تریشـیان ماوەکـەیان درێـژترو زیـاتر دەخایـەنن, هەنـدێ پەیوەنـدی تـریش هەیـە هەمیشـەییو بەردەوامـەو نابڕێتـەوە وەك پەیوەنـدی نێـوان دایـكو بـاوكو منداڵەکانیان.

3-پەیوەندییـەکان روخسـاری کۆمەڵایـەتیو ئاکـاریو سـایکۆلۆژییان هەیـە. روخسارە کۆمەڵایەتییەکان کە بـریتین لەیارمـەتی تاکـەکان بـۆ تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ گروپەکـەداو راهـاتن لەگـەڵ ئـەو سیسـتمو پێوەرانـەدا کـە کۆمـەڵگا دەیسەپێنێت بەسەریاندا. روخساری ئاکاریش بریتییە لـەپێکهێنانی بنـەمای مرۆڤایـەتی گشـتی کـە لەسـەر رێزگرتنـی تاکەکـەسو پیرۆزراگرتنـی ئازادییەکانی راگیرە (رێزنان لەبەها کۆمەڵایەتییـەکانو هاوبەشـی ویـژدانیو بنـەماکانی کـامڵ بـوونی کۆمەڵایـەتی). روخسـاری سـایکۆلۆژیش بریتییـە لەرادەی کاریگەری هەمبەری نێوان دەروونی تاکەکەسانو هەسـتو نەسـتیان لەلایەكو, لەگەڵ پێشەوا جەماوەرییەکانو مل کـەچ کـردن بۆیـان لەلایـەکی ترەوە.

پەیوەندییەکان سـەرجەم ئـەو پێـوەرو بنـەماو چەشـنی رەفتارانـە دەگرێتـەوە (رەسمیو نارەسمی)و بەسەر هەموو رواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خێزاندا زاڵـنو باڵ دەکێشن بەسەریدا. تاکەکانی خێزانیش ئەم پێوەرو بنەمایانە لـەرێی پرۆسـەی گەشـەپێکردنی کۆمەڵایەتییـەوە فێـردەبن, سـەرەرای ئـەوەی پەیوەندییـەکانی خێزانیش بەدامەزراوە کۆمەڵایەتییـەکانی وەك دامـەزراوە (ئـابووریو ئـایینیو, سیاسیو, پەروەردەییەکان... هیتر) رێکدەخاتو پێکیدەهێنێت.

گەرچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆڕا و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەهۆی پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤەکانەوە دروست دەبن بەڵام چەندین فاکتەری گرنگ هەن کە یارمەتیدەرن بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو پەیوەندییانە و لێرە بەدواوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

**ئەو فاکتەرانەی پێکهێنەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن:**

1- تێرکردنی پێداویستییە شەخسییەکان:

تاکەکەس و گروپەکان بۆ فەراهەمکردن و تێرکردنی پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانیان پەرە بە پەویەندییە کۆمەلایەتییەکان دەدەن و خەسڵەتی بەردەوامییان پێدەبەخشن. ژیانی مرۆڤایەتی بەگشتی و ژیانی خێزانی بەتایبەتی پێویستی بە خولقاندنی چەشنەکانی ئەو پەیوەندییانە هەیە بۆ ژیاندنەوە و چاندنی تۆوی شادی و ئاسودەیی لەنێو دەروونیاندا, جۆری ئەم پەیوەندییانەش وەك هاوڕێیەتی لەنێوان تاکەکەساندا یان پەیوەندی خۆشەویستی و هۆگری و هاوکاری نێوان گروپەکان, ئەمانە و سەرەڕای پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئەندامەکانی خێزان (باوك و دایك و منداڵەکانیان یان لەگەڵ خزم و کەسوکاریاندا..).

2- ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش:

فاکتەری گرنگ بۆ کۆکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆئەوەی کاروبارە تایبەتی و گشتییەکان بەڕێوەبچێت, بریتییە لە ئارەزووەکانی تاکەکەس و بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشی نێوان ئەندامەکانی خێزان. بۆیە تاکەکان ڕێکدەکەون و هاوکاری یەکتر دەکەن بۆئەوەی بەو ئامانجانە بگەن لەناو خێزان و لە دەرەوەیدا واتە لە کۆمەڵگادا. لەسەر ئەم بناغەیە پێویستییان بە پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە لەنێوانیاندا.

3- پێشبینی و وابەستەبوون:

لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەستێك هەیە کە ئەندامەکان بەلای یەکتریدا کێش دەکاتو وایان لێدەکات پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەنو وابەستەبن پێیەوە تەنانەت ئەگەر حەزیش بە پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە نەکەن لەگەڵ یەکتردا, چونکە هەندێك بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەش هەیە کە ناچاریان دەکات وا بکەن, رەنگە داب و نەریتی دێرینی رۆشنبیری و شارستانێتییەکە فاکتەربن وەك لە چەشنی ئەو پەیوەندییانەی نێوان دەرەبەگ و جوتیارەکاندا هەیە یاخود لەنێوان باوك و دایك و منداڵەکانیاندا هەیە کە ئەشێت لە بیروباوەڕە ئاینی و ئاکاری و ئەدەبییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

4- ئاڵوگۆڕی هاوبەش:

تاك و گروپەکان لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوکاری و هاوبەشی ژیانی یەکتر دەکەن, لە ئەنجامی ئەو هاوبەشیکردنەدا چەندین چەشنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەدا پەیدادەبێ و سەرهەڵدەدات. ئەم پەیوەندییانەش پەرەدەسێنێ و تازەدەبێتەوە تا ئەوکاتەی درێژە بکێشێ و بەردەوامی وەربگرێت, هەروەك لە چالاکی ئابوریدا دەردەکەوێت و ئاشکرایە لەنێوان کرێکارەکانی یەك دامەزراودا کە هەریەکە لەلای خۆیەوە لەنێو دامەزراوەکەدا بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێت. ئینجا بەهۆی کاردابەشکردن و سەرهەڵدانی پسپۆڕییەوە لە کۆمەڵی هاوچەرخدا زیاتر ئاڵۆزبوون و گەشەیان کردووە و چەندین پەیوەندی نوێ بەهۆی پێویستییەکانی ژیانەوە هاتونەتە گۆڕێ بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی هاوبەش لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵ بەگشتی و خێزاندا بەتایبەتی.

www.pertwk.com

5- هێز:

هێز و ناچارکردن خەسڵەتی تری سەرەکین و درێژەپێدان و بەردەوامییان داوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان, دیارترین نمونەش پێدانی کرێیە بە کرێکاران یان خەڵاتکردن و پشتگیریکردنیانە, لەم بارەدا خاوەن کار ناچارە و دەبێت بەو ئەرکانە هەڵبسێت.

*ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:*

**ئەو هۆکارانەی خرانە روو گرنگن بۆ دروستکردن و پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان, بەڵام هەندێ فاکتەری تر هەن کە کاردەکەنە سەر سروشتی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە پێکهاتوون و لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:**

**1- خەسڵەتە بایۆلۆژییەکان:**

پێکهاتەی ئەندامی و جەستەیی تاکەکەس بەشێوەیەکی گەورە کاردەکاتە سەر رەفتار و هەڵسوکەوتەکان و ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ ئەندامانی خێزان و تاکەکانی تری کۆمەڵدا, بۆ نموونە ئەو کەسەی ئەندامێکی لەشی ناتەواوبێت یاخود کەمئەندام بێت, ئەم ناتەواوییە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ گروپەکەیدا ڕەنگدەداتەوە. هەروەها سەبارەت بە توانا عەقڵییەکان و رادەی دروستی کۆئەندامی دەماری هەمان رەنگدانەوە بەسەر رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کەسەکەدا (بە چاك و خراپ) دەردەکەوێ لەناو خێزان و لە دەرەوەی خێزاندا و, وەك بارێکی نائاسایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەخاتەڕوو.

## 2- ژینگەی رۆشنبیری:

ژینگەی رۆشنبیری تێکڕای داب و نەریت و بەهاکان و چەشنەکانی رەفتار دەگرێتەوە کە تاکەکەس لەناویاندا پێ‌دەگات و گەشەدەکات, ئەم میراتی‌یەش لە نەوەکانی پێشترەوە نەوە لە دوای نەوە کەڵەکە دەبێت و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەی نوێ و لە ویژدانیاندا دەچەسپێ و رەگدادەکوتێ و دەبێتە بەشێك لە کەسێتی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و رۆڵێکی مەزن دەگێڕێ لە کردەوە و چەشنەکانی رەفتاری کەسەکەدا لەنێو کۆمەڵدا. ئینجا بەهۆی جیاوازی نێوان رۆشنبیری کۆمەڵەکانەوە, جیاوازیش لە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی گروپەکاندا دەردەکەوێت. بۆیە هەر توێژینەوەیەك لەسەر پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بکرێت پێویستە چوارچێوەی رۆشنبیری ئەو گروپە رەچاوبکرێ و بەهەند وەربگیرێ خێزانیش وەك بەشێك لە گروپ و کۆمەڵدا, هەڵگری هەمان پێکهاتەی رۆشنبیری‌یە و جیانابێتەوە لە کۆمەڵگاکەی و بەشێکە لێی و, لەپەیوەندی ئەندامەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

3- ئەزموونی کەسێتی:

تاکەکەس لە ژیانی رۆژانەیدا رووبەڕووی چەندین بارودۆخ و رەوشی دیاریکراو دەبێتەوە و, هەریەکەیان شوێنەواری خۆیان بەسەر هەست و نەستەکانیەوە بەجێ دەهێڵن و ئەزموونی تایبەتی بۆ دروست دەکەن کە دواتر کاردەکەنە سەر پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەو کەسە, ئەم بەها و هزر و بۆچوونانەی کە وەریان دەگرێت, لە ژیانی رۆژانەیدا بەرەفتارەکانیەوە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەکەون و کاریگەرییان بەسەر پەیوەندی‌یەکانی بە کەسانی ترەوە رەنگدەداتەوە ئەم ئەزموونانەش لە سەرەتای تەمەنەوە دەستپێدەکەن و تا دەوای ساتەکانی تەمەن درێژە دەکێشن.

سەرەڕای ئەم فاکتەرانە سیستمی چینایەتیش کاریگەری بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەجێدەهێڵێت, واتا خەسڵەتە چینایەتییەکان: هەر لە پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی لەناو خێزان و نەریتەکانی تایبەت بە هەرچینێك وەك رێو رەسمی ژنهێنان و شوکردن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.. تاد.

هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵی کشتوکاڵی رۆتینیدا جیاوازە لە کۆمەڵی نوێ و هاوچەرخ و شارستانی.

**پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکان:**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکان بەوە دەناسرێتەوە کە سروشتێکی تایبەتی و شێوازی هەمەجۆری هەیە و, ئەو پەیوەندییە بە نیشانەکردن دەستپێدەکات و بە هاوسەرێتی کامڵ دەبێ و پاشان منداڵ دروستکردن و جیابوونەوەو مردنی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە و ئینجا پشت بەستن بە کەسوکار و میراتی و مسۆگەرکردنی ژیان و بوونی هەتیوو کارکردنی بێوەژن... تاد. کەواتە پەیوەندییە خێزانییەکان هەمەچەشنە و پڕ لق و پۆپن و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ و ژیانی تاکەکان ئاڵۆزدەکات.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا گۆڕانکاری و تەبایی لەنێوان پیاو و ژندا بووە بەپێویست بۆ تێرکردنی پێداویستییە مرۆییەکان. زۆربەی زانا و نوسەرانی ئەم بوارە گرنگی بەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو ئەدەن چونکە شوێنەواری پۆزەتیف بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی بەجێدەهێڵێ و دەبێتە هۆی پێکهێنانی پەیوندی هاوسەرێتی دروست پاشان ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی تاکەکان.

ئەمڕۆ باهۆزی مادەگەرایی و بەها دژبەیەکەکان و کێشمەکێشەکانی ژیان کارێکی وایان کردووە کەمتر گرنگی و بایەخ بە پەیوەندی ناوەکی و گیانییەکان

بدرێ و زیاتر گرنگی بە ڕواڵەتە دەرەکیەکان دەدرێت. ژیان ئەو سروشتەی داوە بە مرۆڤ کە وەربگرێ و ببەخشێت, بۆیە باڵادەستی لایەنی مادی بەسەر پەیوەندی ژن و پیاودا تێڕوانینێکی وای دروستکردوە کە پێکهێنانی پەیوەندی گیانی لەنێوانیاندا سەخت و دژوار بێت.

ئەوەتا پیاو هەموو مەسەلە مادیەکان دەستەبەردەکات هەر لە کڕینی خانوو ئۆتۆمبیل و کەرەسەو پێداویستیە مادیەکانی تری ناوماڵ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ژنەکەیدا ناتوانێت بە ئاسودەیی بژی و, نازانێت سەرچاوەی ئاسوودەیی لە کوێوەیە.

پەیوەندی خۆشەویستی نێوان باوان و منداڵان لە قۆناغی منداڵیەوە پەرەدەگرێ و گەشەدەکات چونکە دەبێتەهۆی گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ بۆ خۆشەویستی لەو قۆناغەی تەمەندا, منداڵ وایلێدێت سۆز و خۆشەویستییان لێوە وەردەگرێت ئەگەر ئەو پەیوەندیە بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بێ و جیابوونەوەی تێنەکەوێت (جیابوونەوە یان مردنی یەکێکیان..) ئەوکاتە بڕوای بەخۆی دەبێ و هەست بە پەیوەندیە مرۆییەکان دەکات و فێری دەبێت و, پێداویستی فسیولۆژی و دەروونیەکانی دێنە تێرکردن و هەست بە ئاسودەیی و دڵئارامی دەکات.

لە قۆناغی دووەمدا کە دەکەوێتە دوای ساوایەتیەوە, منداڵ فێردەبێت خودی خۆی لەکەسانی تر جیابکاتەوە و لە تەمەنی دوو سێ ساڵیدا ئەتوانێت هەڵوێست وەربگرێ و بڕیار بدات و کاردانەوەی باش یان خراپ فێردەبێت بەپێی پەروەردە و هەڵسوکەوتی گەورە لەگەڵیدا.

لە قۆناغی سێیەمدا کە هەرزەکاریە, مرۆڤ کامڵتر توانای خۆشەویستیکردنی دەبێ و ئەتوانێت بۆ کەسانی تری دەربڕێت و تواناکانی مرۆڤ

www.pertwk.com

لــە دەرەوە و نــاوەوەی خێزانــدا زیــاتر گەشــەی پێــدەدرێت و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتر دەبن.

## گونجاندنی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا:

گەرچـی ژن و مێـرد هەریەکـەیان لـە بـار و رەوشـێکی کۆمەڵایـەتی جیـاواز لـەویتردا گەشـەدەکات و کـەم تـا زۆر لـە رووی کەسـێتی و بـەهاکان و چەشـنی رەفتـارکردن و باگراونـدی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری جیـاوازەوە پـەروەردە دەکـرێن و پێکهاتەی جەستەیی و سۆزداری لە یەکتر ناچێت, بـەڵام ئـەم جیاوازییانـە نابنـە مەترسی لەسەر پێکهێنانی هاوسەرێتی لەنێوانیاندا ئەگەر بێتو لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دابمەزرێنن و لە یەك تێگەیشـتن و هاوسـۆزی و رێزگرتنـی بەرامبـەر لەنێوانیانـدا بەرقـەراربێت. بۆیـە هاوکـاری و هەماهــەنگی لەنێوانیانــدا بایــەخ و گرنگــی تــەواوی دەبێــت لەســەر بنیاتنــانی پەیوەندی خێزانی دروست و کەمکردنەوەی مەودای جیاوازی نێوانیـان بـە ئاقـاری ئاسوودەیی خێزاندا.

خۆگونجانـدن پرۆسـەیەکی زۆر گرنگـە بـۆ دارشـتن و پێکهێنـانی پەیوەندییـە خێزانییەکان, چونکە کۆتایی بـە نـاکۆکی و ناتـەبایی دەهێنـێ و پەیوەندییـەکی درێژخایەنی پۆزەتیـف دادەمـەزرێنێ کـە بەهۆیـەوە کەسـێتی هەردوولایـەن رووەو کامڵبوون هەنگاوهەڵدەگرێ و کێشـەکان کـەمتر و کـەمتر دەبێتـەوە و نامێنێـت. لێرەدا ئاماژە بە چەند سیمایەکی خۆگونجاندن دەکەین:

### 1- گونجانی سۆزداری:

بۆئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزانی بەرقەراربێ دەبێت ژن و مێرد هاوسۆز بن و لە رووی سۆزەوە بگونجێن و یەکتریان خۆشبووێتو رێز بـۆ یـەکتری دابنـێن و راستگۆیانە هەست و نەستەکانیان بۆ یەکتری دەربڕن و چاوپۆشی لە هەڵەی یـەکتر

بکەن و بڕوا و متمانەیان بەیەکتر هەبێت و گومان و دودڵی لە ڕەفتارەکانی یەکتردا دروست نەکەن و هەوڵ بدەن کێشەو گرفتەکان بچوك بکەنەوە و بەشێوەیەکی سروشتی بۆی بڕوانن, ئەگەر وابوو ئاسوودەیی لە خێزاندا دێتە ئاراوە و بەسەر کەسێتی منداڵەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە.

## 2- گونجانی سێکسی:

مادام پاڵنەری سێکس یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دروستبونی ژیانی هاوسەرێتی کەوابوو ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە سەرکەوتنیدا, ئەو تاکەکەسەی بۆ هاوسەرگرتن دەچێتە پێشەوە دەبێت لەلایەنی جەستەیی و دەروونیو سێکسییەوە (وەك مێرد یان ژن) ئاسایی و تەواوبێت, کەم توانایی سێکسی لەلای هەر لایەکیان شیرازەی خێزان بەرەو هەڵوەشاندن دەبات و ناهاوسەنگی دروست دەکات (نەبوونی توانای منداڵ دروستکردن — نەزۆکی) ئەم ناهاوسەنگییەش لە پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و مێردەوە بۆ منداڵەکانیان و کەسوکار و دۆست و ناسیاوانیش پەرەدەگرێ.

## 3- گونجانی ئابوری:

کاروبار و دۆزە ئابورییەکان لە ژیانی خێزاندا بەبەردەوامی کاریگەری خۆیان هەیە و لە هیچ کات و ماوەیەکی ژیاندا بێبایەخ نابن, تێرکردنی پێداویستییە مادییەکان لە خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و کەرەسە پێویستەکانی ناوماڵ هەرگیز نکولیان لێناکرێ و ناکرێت فەرامۆش بکرێن, هەردولایەن بۆئەو مەبەستە دەبێ تێبکۆشن ئەمەش بە ڕەچاوکردن و بە هەند وەرگرتنی توانای ئابورییان, زیادەڕەوی لە خەرجییەکاندا ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان, ناکامڵیو ناڕاستڕوو بوونی هەرلایەك لە خەرج کردندا هاوسەنگی پەیوەندییەکان دەشێوێنێ و تێکیدەدات و چەندین کێشە دەهێنێتەئاراوە,

سەختی و دژواری ئابوری کە رووبەرووی ژن مێرد دەبێتەوە نێگەتیفانە کاردەکاتـە سەر پەیوەندییان بە منداڵەکانیانەوە.

### 4- گونجانی رۆشنبیری:

هەریەك لە ژن و مێرد لە ژینگەیـەکی رۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و دەروونی جیـاوازەوە پـەروەردەکراون, ژن یـان مێـرد ئەگـەر لـە ژینگـەی گونـدەوە هاتبــێ ئــەوا داب و نــەریت و بــەهای کۆمەڵایــەتی ئــەو ژینگەیــە بەســەر رەفتارەکانیەوە بەئاشکرا دیـارە و کەسـێتییەکەی دەنەخشـێنن. لـەم پێودانگـەوە شێوازی بیرکردنەوە بەسەر پەیوەندییەکانی ژن و مێردا رەنگدەداتەوە و دواتریش بەســەر پەیوەنـدیان بـە منداڵـەوە, دوری مــەودای دیـد و بۆچـونەکانیان, ژیـانی کۆمەڵایەتییان لەبەریەك دەترازێنێ و چەندین کێشە و گرفت لە ژیانی رۆژانەیاندا دروست دەکات و پرۆسەی گونجانیان لاواز و کەم دەکاتەوە, بەپێچەوانەوە تا چـەند ژینگەکەیان هاوشێوە و نزیك بێت لەیەکەوە, کەمتر کێشە و گرفت دروست دەبـێ زیاتر ئەگەری چارەسەرکردنیان لەئارادایە.

# بەشی پێنجەم
# هەڵبژاردنی هاو سەر

## هەڵبژاردنی هاوسەر Mate Selection

گرنگترین ئیش و بڕیار لەژیانی مرۆڤدا هەڵبژاردنی هاوسەرە, ئەم بڕیاری هەڵبژاردنە پێویستی بەڕادەیەکی بالاّ لە ئەقڵو کامڵ بوونو کاری هوشیارانە هەیەو دوورە لەخەونو خەیاڵ وئەندێشەوە. هەڵبژاردنی هاوسەربەشێوەیەکی دروست, ڕێیە بۆ ژیانی خێزانی ئارام وجێگیرو سەرکەوتوو, ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لەهەڵبژاردنی هاوڕێو هاوسێو هاوکار... تاد (چونکە گۆڕینی هاوڕێو هاوسێو هاوکار کارێکی ئاسانەو بەدیلیان هەیە بەلاّم گۆڕینی ژن یان مێرد سەخت ودژوارە), چونکە هاوسەر هاوڕێی هەموو تەمەنەو هاوبەشی ژیانە.

لەبەر ئەمە ئەو خەسڵەتانەی لەهاوسەردا هەن دەبێت ئەوەندە هێزو توانایان هەبێت کە بتوانێت لەبەردەم زەمەن و دژوارییەکانیدا بوەستێو, لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ نوێو ڕەوشی گۆڕاودا خۆی بگونجێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی هاوسەر پرۆسەیەکەو وابەستەیە بەچەندین فاکتەری هەمەجۆرەوەو دەکرێت بۆ فاکتەرەکانی (کۆمەڵایەتی, شارستانی- کەسێتی ) پۆلێنیان بکەین.

**ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی هاوسەر :**

ئاشکرایە لەناو سەرجەم شارستانیەتەکان (سەرەتایی ومەدەنییەکان )دا ژمارەیەکی گەورە لەتاکەکانی ڕەگەزی بەرامبەر هەن کە دەکرێت وەك هاوسەر هەڵبژێردرێن, لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا هیچ شارستانێتییەك و هیچ کۆمەڵێك نەبووەو نییەو نابێت کەتیایدا ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە ئازادو ڕەها بێت, هەردەمو هەمیشە چەندین کۆتو بەندو فاکتەر سنور بۆ ڕادەو بواری ئەو هەڵبژاردنە دیاری دەکەنو لەسنوری دەستەو گروپێکی دیاری کراودا بچوکی دەکەنەوە, لێرەدا بەدرێژی دەیانخەینەڕوو:

**1-هاوتایی** Homogomy

مەبەست لەهاوتای لەیەك چوونە کە بەفاکتەرێکی ئوتوماتیکی بەهێز هەژمار دەکرێت لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو دەتوانێت بوارەکەی بچوكو بەرتەسك بکاتەوە. هەرچەندە مرۆڤ لەڕووی تیورییەوە لەمەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا لەبوارێکی فراوانو کراوە دایە بەلاَم پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی و بەها شارستانییەکان ئەو بوارەی سنوردار دەکەنو بەشێوەیەك بچوکی دەکەنەوە کە تەنها چەند دەستەیەکی جیاواز لەخۆیو گروپەکەی بگرێتەوە.

تاکەکەس پێبزانێ یان نەزانێ لەهەڵبژاردنی هاوسەردا بۆ ئەو دەستەو گروپانە دەگەڕێت کە هاوتای خۆینو, لەڕووەکانی (نەژاد, ئایین, تەمەن, ڕۆشنبیری,

ئابووریو کۆمەلاّیەتی)یەوە هاوشانی خۆین, هەروەها لەو کەسانە هەلّدەبژێ کە لەخەسلّەتە فسیۆلۆجیو دەروونیو میزاجی خولیاو ئارەزودا لەخۆیەوە نزیکن. لێرەدا هاوتایی ئەو دەستەیە دیاری دەکات کە لەخۆی دەچنو ئەوانەش دووردەخاتەوە کە لەخۆی ناچن .

چەندین زانای وەك (برگیس Burgess و وایلی Wiley و هولینگشید Holingshed وستراوس Strouss سلڤۆرس Selvorce ولوك Loek...) لەنوسینەکانیاندا گرنگیان بەفاکتەری هاوتایی داوە وئەم بوارانەیان بۆ دەستنیشانکردووە:

هاوتایی نەژادی:

تارادەیەکی گەورە بەشێوەیەکی هەستی ونەستی ڕۆلّی مەزن دەگێڕێت لەپرۆسەی هەلّبژاردنی هاوسەردا . ئەو کەسانەی لەڕووی نەژادەوە لەیەك دەچن هەردەم کێش کردنی کۆمەلاّیەتی لەنێوانیاندایە,جگەلەوەی لەڕووی کۆمەلاّیەتیەوە بە ئاشکرا لەمەسەلەی هاوسەرگرتندا لەنێو ئەندامەکانی یەك نەژاددا هاندانو پالّپێوەنان هەیەو, دژایەتی بیرۆکەی هاوسەرگرتن دەکرێت لەنێو دەستەی نەژادە جیاوازەکاندا .

ئەگەر پێچەوانەی ئەم بنەمایە هاوسەرێتی ڕووبدات ئەوا چەندین کێشەی هەمەجۆر پەرە دەگرێ بۆ ژن ومێردەکەو بۆمنالّەکانیان و فشاری کۆمەلاّیەتی لەلایەن خێزانی کوڕو کچەوە یان لەلایەن کەس‌وکارو هاوڕێو هاوکارو کۆمەلّەوە بەگشتی زۆر گەورەو دلّڕەقەو ڕێژەی جیابوونەوە بەرز دەبێتەوە وڕێژەی منالّبوون نزم دەبێتەوە, منالّەکانیشیان لەلایەن کۆمەلّگاوە پەسەندناکرێن وەك ڕەتکردنەوەی ڕەش پێست لەلایەن سپی پێست یان زۆرینە بۆ کەمایەتی .

www.pertwk.com

هاوتایی ئایینی:

فاکتەرێکی گرنگە لەدیاری کردنی هەڵبژاردنی هاوسەردا تەنانـەت لەکۆمەڵـە پێشکەوتووەکانیشدا .هۆلینگشید لەتوێژینەوەیەکی دا کەلە ئـەمریکا ئـەنجامی‌دا وە دەریخستووەلە94٪ جولەکە لـەنێو هـاو ئایینـەکانی خۆیانـدا هاوسـەر دەگـرن و93.8٪ کاسـۆلیکەکان و74٪ی پرۆتسـتانت, هاوسـەرەکانیان هـاو ئـایینی خۆیـانن,شـایانی باسـە هـیچ یاسـاو شـەریعەتێکیش نییـە هاوسـەرگرتن لـەنێوان ئەوئایین ومەزهەبانەدا بەنادروست و تابۆ بزانێت.

هاوتـایی ئـاینی فاکتـەرێکی بـەهێزە بـۆ لەیەکچـوونی شـێوازی بیرکردنـەوە وبیروباوەڕو لێکتێگەیشتن وگونجان, خۆئەگەر نەبێت ئـەوا چـەندین ڕێگـر و کێشـە دێنە بەردەم سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرێتی.

هاوتایی تەمەن:

ئەمیش فاکتەرێکی یاریدەدەرە لەهەڵبژاردنـدا هـەر تاکـە کەسـێك هاوسـەری ژیانی لەنێو ئەودەستانەدا هەڵدەبژێرێت کەتەمـەنیان لەتەمـەنی خۆیـەوە نزیکـەو ئەوانەش پەسەند ناکات کە تەمەنیان زۆر گەورە تر یان بچوکترن لەتەمەنی خۆی.

(برجینـاڵ لی ) لەتوێژینەوەیەکـدا دەریخسـتووە کـە بـەرز بوونـەوەی جیـاوازی تەمـەن سـەبارەت بـەو کەسـانەی لەتەمـەنی گەورەیـدا هاوسـەر دەگـرن چـەندین بەرئەنجامی بۆ ژن وپیاوەکـە لێدەکەوێتـەوە. بـۆ ئـەو پیاوانـەی کەتەمـەنیان زۆرە بوارێکی فراوان هەیە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرچونکە ژمارەیـەکی گـەورە لەکچـانی شونەکردوو هەیە کەلە خۆی بچـوکترن ,بـەلاّم ئـەو کچـانەی تەمـەنیان گەورەیـەو شوویان نەکردووە بواری هەڵبژاردن بچوکە بەهۆی کەمی ژمارەی ئەو پیاوانەی کە لەخۆی گەورەترن و ژنیان نەهێناوە .

لەزۆربەی توێژینەوەکانـدا دەرکـەوتووە کەهـەتا تەمـەنی پیـاو گـەورەتر بێـت لەکاتی  هاوسەر گرتنـدا ئـەوا جیـاوازی تەمـەن لـەنێوان خـۆیو ژنەکەیـدا زیـاتر دەبێت .

لەتوێژینەوەیەکدا لـە یابـان (توکیـو) دەرکـەوتووە ئـەو ژنانـەی کەتەمـەنیان بەسـێ سـاڵ بچـوکترە لـە مێردەکانیـان ,لـە ژیـانی هاوسـەرێتیی‌یاندا ئاسـودەترو ئـارامترن, بـەڵام ئەوانـەی کەهاوتەمـەنن لەگـەڵ مێردەکانیانـدا یـاخود جیـاوازی تەمەنیان لەسێ ساڵ کەمترە, ئـەوا لـەژیانی هاوسـەرێتیی‌یان ڕازی نـین. هـەروەها دەرکـەوتووە ئـەو پیاوانـەی تەمـەنیان کـەمترە لەتەمـەنی ژنـەکانیان, ژمارەیـان زۆرکەمە.

شـایانی باسـە تەمـەن بەسـاڵ کاریگەریـیـەکی ئـەوتۆی نییـە (هەنـدێجار) لەپرۆسەی گونجانی هاوسەرێتیدا, بەڵام گرنگ ئەوەیە تەمـەنی ئـەقڵیو سـۆزداری لەئاستی پێگەیشتنو پێگەیشتن بووندابێت.

هاوتایی ڕۆشنبیری:

فاکتەرێکی ئاراستەکەرە لە هەڵبژاردندا, دەبینرێت ڕۆشنبیران هاوسـەرەکانیان لەهـەمان ئاسـتی ڕۆشـنبیری خۆیانـدا هەڵدەبـژێرن بەتایبـەتی ئەوانـەیان کـە لەئاستێکی ڕۆشـنبیری بـاڵادان, هەنـدێ جـار هاوتـایی ڕۆشـنبیری لەهەڵبـژاردنی هاوسەردا ڕۆڵێکی کەمتر دەگێرێتو جاری واش هەیە گرنگترە لەهاوتایی ئـایینی زیاتر لـەلای ئەوانـەی کـە لەئاسـتێکی ڕۆشـنبیری بـەرزدان. هاوتـایی ڕۆشـنبیری مەودایـەکی هاوبـەش یـان لەیەکچـوو بـە هـەردوو کەسـەکە دەبەخشـێ چـونکە زانیاریو چالاکیو خولیاو ئارەزووەکانیان لەیـەك دەچـن هـەروەها هـەردوو لایـان هەمان هاوڕێو برادەریان  هەیەو, دیدو تێڕوانینێکی فـراوانو نـەرمیان بـۆ ژیـان دەداتێو زیاتر لەیەك تێدەگـەنو لەیـەك دەبـورنو گونجـان لـەژیانی هاوسـەرێتیدا بەرجەستە دەکات, بەڵام ناتەباییو دووری ئاستی ڕۆشنبیری لەیەکەوە بۆشاییەکی

www.pertwk.com

فراوان لەنێوانیاندا دروست دەکاتو دابڕاوو گۆشەگیریان دەکات لەیەکتریو بەیەك ناگەنەوە.

بواری هاوسەرێتی لەناو دەستەی ڕۆشنبیراندا تەسکە بۆ ئەوانەی ڕۆشنبیری بالآیان هەیە بەتایبەتیش بۆ کچان, بەلاّم بواری هاوسەرگرتن بۆ کچێکی ڕۆشنبیر کە لەئاستێکی ڕۆشنبیری نزمدابێت فراوانترە لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە لەهەمان ئاستدان یاخود بالآترن, هەروەها بواری هاوسەرگرتن بۆ پیاوان لەهەمان ئاستی ڕۆشنبیریو نزمتردا فراوانو گەورەیە.

جگە لەو فاکتەرانە, ***هاوتایی چینایەتیش*** ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لەهەڵبژاردندا بەتایبەتی لەکۆمەڵە چینایەتییەکاندا -وەك هند-. لەم بارەدا تاکەکەس هاوسەر لەچینەکەی خۆی یان لەهاوتایی چینەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت, بەلاّم ئەم فاکتەرە ڕۆڵی لاواز بووە لەکۆمەڵە جولاّوە نوێیەکاندا کەتیایدا ژیانی کۆمەلاّیەتی نەرمو نیانی پێوە دیارە. لەتوێژینەوەکانەوە دەرکەوتووە کەپیاوان زیاتر ڕووبەڕووی هاوسەرگرتن دەبنەوە لەو چینانەی لەئاستی چینەکەی خۆی نزمترن, بەلاّم ژنان کەمتر دەبنە هاوسەری پیاوێك کە لەچینەکەی خۆی نزمتربێت, ئەم بارە کەمتر ڕووبەڕووی ڕۆشنبیرانی نێو چینەکان دەبێتەوە.

گرنگی هاوتایی چینایەتی لەدۆزی هاوسەرێتیدا دەگەڕێتەوە بۆ لەیەك چونیان لەچەندین بواری هەمەجۆردا وەك شێوازی ژیانو لەیەکچونی چەمكو بەهاکانو دیدو بۆچونو ئاستی ڕۆشنبیریو ئابووریو زمان, ئەگەر ئەمانە هەبوون ئەوا لەژیانی زیاتر هەست بەئاسودەیی دەکات لەژیانی هاوسەرێتیدا.

## 2-نزیکی Propenquity

گەلێك زانای وەك بۆسارد Bossand ئەبرامس Abrams پێیان وایە کە تاکە کەس بەشێوەیەکی سروشتی ئەو کەسانە دەناسێو لێیان تێدەگات کە لەنزیکیەوە

دەژین یان کار دەکات لەگەڵیاندا یاخود لێیانەوە فێردەبێت, ئەمەش تارادەیەکی زۆر بواری هاوسەر گرتن لەنێوانیاندا فراوان دەکات. خەڵکی بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن پێویستە یەکتر ببینن وبەیەکبگەن ویەکتر بناسنو بگونجێنو پێکەوە هەڵبکەن, ئەو کەسانەی لەناوچەیەکدا یان گەڕەکێکدا نیشتەجێن, پێکەوە یاری دەکەنو دەچن بۆ هەمان خوێندنگە یان بەیەکەوە کار دەکەن, ئەوا لەنێوانیاندا ئەو هەستەش دروست دەبێت کە هاوسەرگرتن بکەن لەنێوان خۆیاندا, بۆیە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونو هاوسێو شوێنی کارکردنو خوێندن گرنگی زۆریان هەیە بۆ سەر دیاری کردنی ئایندەی تاکەکەسو هەڵبژاردنی هاوسەر, ئەمەش بەڕوونترین شێوە لەگوندو شارۆچکە (قەزاو ناحیە) تارادەیەکیش لەشارە گەورەکاندا دەردەکەوێت.

لێرەدا مەبەست لەنزیکی, نزیك بوونە لەڕووەکانی شوێنو کارو خوێندنەوە. _بوسارد_ لەتوێژینەوەکەیدا جەخت لەسەر فاکتەری نزیکی دەکاتەوە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەرداو دەریخستووە: $6/1$ی ئەو بارودۆخانەی لێیکۆڵیونەتەوە هاوسەرگرتنەکە لەنێوان ئەو کەسانەدا بووە کە نیشتەجێ بوونیان لەهەمان کۆمەڵو دامەزراوی نیشتەجێ بوونو, $4/1$ی‌یان شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەیەکەوە نزیك بووەو $2/1$ش دانیشتووی هەمان گەڕەك بوون, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گونجانو هاوتایی شارستانیو نەژادیو ئاینیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیری, هەرچەندە شوێنی نیشتەجێ بوون لەکۆمەڵە نوێیەکاندا جێگۆڕکێی زۆری پێ دەکرێو جوڵەی زۆری تێدایە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هاوسێیەتی فاکتەرێکی گرنگە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا.

بەڵام سەبارەت بەنزیکی کار, واتە ئەو کەسانەی لەبوارێکدا کاردەکەن ئەوا بۆچونەکانیان بەو ئاڕاستەیەدایە کە هەڵبژاردنی هاوسەر لەنێوانیاندا ڕوو بدات, ئەمەش بەهۆی ئاسانی بواری یەکتر ناسین لەلایەك‌و, کارکردن بەیەکەوە دەبێتە هۆی پێکهێنانی بیرکردنەوەو بۆچوونی هاوبەش لەلایەکی ترەوە, بۆیە هاوبیری‌و هاوبۆچوونو کارکردن هەموویان بەیەکەوە فاکتەری یارمەتی دەرن بۆ دیاری کردنی سنوورەکانی هەڵبژاردن. (سەنتەر) توێژەرێکەو بایەخی داوە بەگرنگی کار لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا, لەتوێژینەوەکەیدا کارەکانی بۆ چەند گروپ‌و دەستەیەك دابەش کردووە بۆ ئەوەی بەئاسانی‌و بەڕوونی گرنگی ئەم فاکتەرە بخاتە ڕوو, بۆ ئەم پلانەی خوارەوە دابەشی دەکات:

أ-کاری کارگێڕی باڵا.

ب-کاری پیشەیی.

ج-کاری کارگێڕی بچووك.

د-نووسینگەیی (المكتبية).

هـ-کرێکاری کارامە.

و-کرێکاری نیمچە کارامە.

ز-کرێکاری ناکارامە

لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوتووە لەو هەموو گروپەدا (جگە لە گروپی أ) پیاوان هاوسەرەکانیان لەهەمان ئاستی کاری خۆیاندا هەڵدەبژێرن. بەڵام سەبارەت بەدەستەی یەکەم 85٪ی پیاوان لەئاستێکی کاری نزمتر لەخۆیان هاوسەردەگرن‌و 15٪یان ژنەکانیان لەهەمان ئاستی کار دایە, ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بریتی بێت لەکەمی ژنان لەدەستەی کارگێڕی باڵادا.

سەبارەت بەنزیکی رۆشنبیری ئـەمیش فاکتـەرێکی گرنگـە بـۆ دیـاری کردنـی بواری هاوسەرگرتن, بۆ نموونە ئەوانەی لەیەك بەش‌و لەیەك کـولیج‌و یـەك زانکـۆو یەك خوێندنگەدا دەخوێنن, بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کـە هاوسـەرەکانیان هاوکـاری خوێندنەکەیان بێت, چونکە ئـەم نزیکی‌یـە بـواری یەکترناسـین‌و لەیەکتێگەیشـتن‌و هەڵبژاردنیان بۆ فەراهەم دەکات.

فاکتەرەکانی هاوتـایی‌و نزیکـی گرنگی‌یـەکی گـەورەیان هەیـە لەهەڵبـژاردنی هاوسەردا, لەکاتێکدا ئەگەر بنەمای هاوسەرێتی ناوخۆیی لەئارادا بێت, بۆ نموونە لەهەندێ کۆمەڵدا هانی ئەوە دەدرێت کـە هاوسـەرگرتن لەناوخۆیانـدا بـێ‌و لـەناو هەمان گروپ تێنەپەڕێت وەك: خێزان-خێڵ-یان لادێ‌و گەڕەك‌و شارو, لەدژی ئەو هاوسەرێتی‌یەن کە لەدەرەوەی گروپەکەدا بکرێت, لەم بـارەدا ئـەو کەسـانەی سـەر بەهەمان گروپن لەڕووی باگراوندی شارستانی (الخلفیە الحچاریە)یەوە لەیەك دەچـن جگە لەوەی ژیان‌و گوزەرانیشیان لەیەك ناوچەدا بەسەر دەبەن.

3-تێرکردنی پێداویستی‌یە شەخسی‌یەکان: Complemntary Needs

جگە لەو فاکتەرە دەرەکی‌یانەی باسکران (هاوتایی‌و نزیکی) هەندێ فاکتـەری شەخسـی نـاوخۆش هـەن کـە ڕۆڵـی خۆیـان دەگێـڕن لەپرۆسـەی هەڵبژاردنـدا وەك تێرکردنـی پێداویسـتی‌یە شەخسـی‌یەکان, فاکتـەرە شارسـتانی‌یە دەرەکی‌یـەکان ئەوەندەیان پێدەکرێت کە بواری هەڵبـژاردنی هاوسـەر لـەنێو دەسـتەیەکی بچـوکی مرۆڤایـەتی‌دا بچـوك بکەنـەوە بـەڵام دەستنیشـان کردنـی هاوسـەر بەکەسـێکی دیـاریکراو دەگەڕێتـەوە بـۆ پێداویسـتی‌یە شەخسـی‌یەکان‌و تێرکردنیـان. لێـرەدا هەڵبژاردنی هاوسەر ئەو پێداویستی‌یە کەسێتی‌یانە دەیوروژێنێت کە بەشـێوەیەکی هەستی (شعوری)و نەستی (لاشعوری) دێنـە دەرکـەوتن, چـونکە تاکەکـەس ئـەو

کەسە هەڵدەبژێرێت کە نوێنەرایەتی پێداویستییەکانی دەکات, ئینجا چون یەك بێت یان جیاواز بێت لەپێداویستییەکانی خۆی گرنگ نییە, بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەڵبژاردنەکە لەنێوان ئەو کەسانەدا بێت کە پێداویستییەکانیان تەواوکەری یەکترین, لەزۆربەی بارەکاندا ئەو پێداویستییانە نادیارنو نەستین.

ژمارەیەك زانای وەك (وینگ, تۆماس, بلیزەر) توێژینەوەیان کردووە بۆ گرنگی تێرکردنی پێداویستییە شەخسییەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەرداو, ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێ بارو ئەزموون لەژیانی تاکەکەسدا هەر لە منداڵییەوە دەست پێدەکاتو ئەبێتە هۆی گەشەکردنو پەرەپێدانی هەندێ پێداویستی کە کەسێتی دەیخوازێتو دەبێت بەشێوەیەکی پەسەند تێربکرێت ئەمەش بۆ هێنانەدی خودو کامڵ بوونی کەسێتی بەباشترین شێوە. هەندێك لەو پێداویستییانە تایبەتن بەئارەزووی گەیشتن بەگرتنی هاوسۆزیو لەیەك تێگەیشتنو پێزانینو بڕواو متمانەوە....و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پێویستی کەسەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەو هاوسەرەی کە بتوانێت ئەو پێداویستییانەی بۆ تێر بکات. وینگ لەیەکتێگەیشتنو خۆشەویستی کردن بەوە لێکدەداتەوە کە هەردوو لایەنەکە پشت بەیەکتر ببەستن بۆ تێرکردنی سۆزو هەستو نەستو پێداویستییەکانی یەکتری.

*ئەم پێداویستییانە هەمەجۆرن (تایبەتیو گشتی)یین لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:*

1-پێویستی بۆ هاوسۆزی.

2-ئارەزوو لەپەسەندکردنی رەخنەو سەرزەنشتو سزا.

3-ئارەزوو بۆ کارلێك کردنو وەڵامدانەوە لەگەڵ یەکتریدا.
4-ئارەزوو (یان پێویستی) بۆ هەڵاتن لەباڵا دەستی کەسانی تر.
5-حەزی سەربەخۆبوونو پشت بەخۆبەستن.
6-حەزی پیاهەڵدانو پێ سەرسام بوون.
7-ئارەزووی خولقاندنو داهێنانو دەستکەوت.
8-ئارەزوو لەوەڵامدانەوەو چاودێریو یارمەتیدانی کەسانی تر.
9-حەزی زاڵ بوون بەسەر کەسانی تردا.
10-گیانی شەرانگێزیو ئازاردانی کەسانی تر.
11-ئارەزوو بۆ کاری جدی لەپێناو بەدەست هێنانی پلەو پایەدا.
12-ئارەزوو بۆ خۆشەویستیو ڕاکێشانی سۆزی کەسانی تر.

دوای ئەوەی بۆچوونی هەردوو لایەنەکە بەرەو تێرکردنی پێداویستییەکان دەڕوا, بەرەو یەکتر دەچنو هاوسۆز دەبنو یەکتریان خۆشدەوێتو دەبنە هاوسەرو, کاتێك هەریەکێکیان پێداویستی ئەوی تریان تێر دەکات ئیدی ئەو کەسەی حەزی لەکۆنترۆڵ کردن بێت بەرەو ئەو هاوسەرە دەچێت کە حەزی لەخۆ بەدەستەوەدانەو هەروەها.

4-بیرۆکەی هاوسەری نموونەیی: Iead Mate

ئەم بیرۆکەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرگەنجێك (کوڕبێ یان کچ) بیرۆکەیەکی یان وێنەیەکی نموونەیی لەمێشکیدایە بۆ ئەو کەسەی کە دەخوازێت بەهاوسەری خۆی بیگرێتو, پێش وەخت وێنەیەکی تەواوەتی لەلای خۆی دروست کردووە سەبارەت بەسیفاتو ئەو خەسڵەتە ئەقڵیو ئاکاریو سۆزدارییو رواڵەتیو

www.pertwk.com

کۆمەڵایەتی‌یانەی کە دەردەکەوێت لە هاوسەرەکەی ئایندەیدا بوونیان هەبێت. یان هەر وەك (لانتز) دەڵێت:

((لەپێش وەختدا کۆمەڵێك سیفاتی سۆزداریو سروشتی –فیسیۆلۆژی–و کۆمەڵایەتی ئاوێتەو پەیوەست کردووە بەوێنەی ئەو بیرۆکە شەخسی‌یەی هەیەتی سەبارەت بەچەشنی ئەو کەسەی کە ئارەزوو دەکات بیکات بە هاوسەری خۆی))

ئەم بیرۆکە پێشینەیە دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی ژمارەیەکی گەورە لەو کەسانەی دەکەونە بواری هەڵبژاردنی هاوسەرەوە, واتا بواری هەڵبژاردن بچوكو تەسك دەکاتەوە. پرۆسەی هاوسەرێتی هەردەم ژمارەیەك لەو کەسانە دورر دەخاتەوە کە لەرووەکانی نەژادیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو نەتەوەییو ئایینی...وە جیاوازن لەکەسەکە. ئەم خەونەش یان بیرۆکەی هاوسەری نموونەیی‌یە زیاتر لەقۆناغی هەرزەکاریدا دێتە دروست بوونو لە لاوێتیدا لەرووونترین شێوەکانیدا دەردەکەوێت. گەنجان قسە لەسەر نیشانەو سیفاتە ویستراوەکانی پاڵەوانی خەونەکانیان دەکەنو خەون بەوەوە دەبینن کە پێیان بگەنو لەپشکنینو گەڕاندان بەدوایاندا تا هیواکانیان بەدی بهێنن.

چەندین زانای سوسیۆلوژیای خێزان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی هاوسەری نموونەیی‌یەوە ئەنجامداوە, دیارترینیان توێژینەوەکانی (برجس والین)و (ئەنسلم)و (ئۆدری)یە, تێکڕا جەخت لەسەر گرنگیو بایەخی بیرۆکەی هاوسەری نوونەیی دەکەنەوە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا, لەزۆربەی توێژینەکانەوە دەرکەوتووە کوڕە گەنجەکان زیاتر جەخت لەسەر سیفاتەکانی شێوەو رواڵەتو جوانی ئەو کچانە دەکەنەوە کە لەخەونەکاندایە, بەڵام ئەو سیفاتانەی لەمێشكو خەونی کچە گەنجەکاندایە سەبارەت بەو کوڕەی کە دەیخوازێت بیکاتە هاوسەری خۆی, زیاتر

پەیوەستن بەرۆشنبیریو پلەو پایەی کۆمەڵایـەتیو هاوتـایی ئـاییـنیو نەژادیـیـەوە نەك بەسیفاتە رواڵـەتیو دەرەکیـیـە جەسـتـەیی‌یەکانەوە. بەهـەر حـاڵ لەسـەرەتای هەمـوو حاڵەتەکاندا سیفاتە ویستراوەکان زیاتر رواڵەتیو جەستەیین, پاشـان لـەنێو ئەو کەسانە کە هەمان سیفاتی جەستەیی یان هەیـە ئـەوەیان هەڵدەبـژێردرێت کـە سیفاتە ئاکاری‌یەکانیشی پەسەندکراوو, ویسـتراوە. بـەڵام (ئەنسـلم) زۆربـەی ئـەو کەسانەی لەتوێژینەوەکانیداوە رێگرتبوون بۆی دەرکەوتووە کە سیفاتە فیسولوژیو کەسێتی‌یەکانی هاوسەرەکانیان چوون یەك یاخود نزیك بـووە لـەو سـیفاتانەی کـە خەونیان پێوە دیووە, بەواتایەکی تر لەهاوسەرە نموونەیی‌یەکەی مێشـکیان چـووە, لێچـوونەکەش بەپلـەی یەکـەم لەسـیفاتە کەسـێتی‌یەکاندا بـووە. هاوکـات بـۆی دەرکەوتووە ژمارەیەك لـەژنو مێردەکـان ئـەو هاوسـەرانەیان دەسـتنەکەوتووە کـە هاوسـیفات بـن لەگـەڵ هاوسـەرە نموونەیی‌یەکانیانـدا, لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەژیانی هاوسەرێتی‌یاندا سـەرکەوتنی گـەورەیان پێـبڕاوە چـونکە سـیفاتی هاوسـەرەکانیان تاڕادەیەك نزیك بـووە لەسـیفاتی هاوسـەرە نموونەیی‌یـەکانیان. لەهەنـدێ حاڵەتـدا سیفاتی هاوسەرە نموونەیی‌یەکە بـەهیچ جۆرێـك لەهاوسـەرکانیاندا بـوونی نـەبووە بەڵام هەندێ سیفاتی تریان تیادا بووە کە باشتر بووە لـەو سـیفاتانەو ئاسـودەییو سـەرکەوتنی هاوسـەرێتی بـۆ فەراهـەم کـردوون. لەهەنـدێ بـاری تـردا کەسـەکە لەهاوسـەرەکەیدا ئـەو سیفاتەنەشـی دۆزیوەتـەوە کـە هاوتـای سـیفاتی هاوسـەرە نموونەیی‌یەکە بـوون بـەڵام ئاسـودەییو گونجـانی هاوسـەرێتی‌یان دەسـتگیر نـەبووە چـونکە چـەندین سـیفاتی تـر هـەبوون کـە رێگـر بـوون بـۆ گونجـانو سـەرکەوتنی هاوســەرێتیان, ئــەوەی شــایانی باســە دۆزینــەوەو هێنانــەدی ســیفاتە دەرەکــیو

www.pertwk.com

جەستەیی‌یەکانی هاوسەری نموونەیی زۆر ئاسانترە لەدۆزینەوەی سیفاتی ئاکاری یان رۆشنبیری یان کەسێتی‌یەکان.

بیرۆکەی هاوسەری نموونەیی وەك باسکرا لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا دروست نابێت بەڵکو بیرۆکەیەکی کۆنەو لەدایك بووی قۆناغی منداڵی‌یەو لەگەڵ ژینگەو ناوەندی کۆمەڵایەتی‌دا کارلێك دەکاتو دەکەوێتە ژێر کاریگەری خێزانو هاوڕێو هاوتەمەنانو هاوپۆلی خوێندنگاو کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوە... پاشان سنورەکانی گەلاڵە دەبنو لەقۆناغی هەرزەکاریو دواتردا سەرهەڵدەدات, کەواتە لەرێی پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی‌یەوە هێدی هێدی بەرجەستە دەبێتو دەبێتە بڕیاردەر لەهەڵبژاردنی هاوسەردا.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بیرۆکەی هاوسەری نموونەیی لەلای گەنجان — بەتایبەتی ئەگەر خەیاڵی بوو- رەنگە ببێتە هۆی دواخستنی تەمەنی هاوسەرگرتن تەنانەت مانەوە بەسەڵتیو قەیرەبوونیش زیاتر لەو کاتانەدا کە گەنجەکە ئەو کەسەی دەستنەکەوێ کە لەخەونو خەیاڵەکانیاندایە.

5-وێنەی باوانی: Partental Image

هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تاکەس بەشێوەیەکی نەستی (لاشعوری) یەکێکی خۆشدەوێ کە هاوسیفاتی دایك (ئەگەر کوڕ بوو) یان باوك (ئەگەر کچ بوو) بچێتو پاشان وەك هاوسەر بۆ ژیانی خۆی هەڵیدەبژێرێت. لەساڵەکانی سەرەتای تەمەندا منداڵ هەستێکی عاتیفی بەهێزو پەیوەندی‌یەکی پتەوی لەگەڵ دایكو باوکیدا یاخود لەگەڵ یەکێکیاندا دروست دەکاتو, تارادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە, ئەم پەیوەندی‌یەش هەردەم لەنێوان کچو باوكو, کوڕو دایکدا دەردەکەوێت. (ئەنسلم) لەتوێژینەوەکانیدا بۆی

دەرکەوتووە مرۆڤ لەهەڵبژاردنی هاوسەردا وابەستەیە بەجۆری ئەو پەیوەندییەوە کە لەگەڵ دایكو باوکیدا هەیەتی, جا ئەگەر ئەو پەیوەندییە پۆزەتیڤو بەهێز بیو لەسەر خۆشەویستیو ڕێز بنیات نرابێت ئەوا لە هەڵبژاردنی هاوسەردا یەکێك هەڵدەبژێرێت کە لەدایك یان لەباوکی خۆی بچێت. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکە نێگەتیڤانە بێتو, ترسو نەگونجانو بێڕێزی لەخۆگرتبێت, یان ئەگەر بێزراوو نەویستراو بێت, لەم بارەدا کەسەکە کەسێك هەڵدەبژێرێت بۆ هاوسەرێتی کەسیفاتەکانی جیاواز بێت لەسیفاتی دایكو باوکی.

ئەگەر کچێك باوکی خۆی خۆشبوێتو پەیوەندی لەگەڵیدا بەهێز بیو لەسەر بنەمای لێك تێگەیشتنو ڕێزگرتن بێت, ئەوا ئەو کچە لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی خۆیدا یەکێك پەسەند دەکات خاوەن کەسێتییەکی بەهێز بێتو حەز بەدەسەڵاتو کۆنترۆڵ کردن بکات چونکە ئەم سیفاتانە لەباوکی ئەو کچەدا نەبووە لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا واتا دایکی کچەکە, پەیوەندی ئەم ژنو مێردە نێگەتیف بووەو ژنەکە زاڵبووە بەسەر مێردەکەیدا, واتا هاوسەنگی لەپەیوەندییەکانیاندا نەبووە, بۆیە ئەم کچەش ئەو سیفاتانە هەڵدەبژێرێت کە چون یەك نەبێت لەگەڵ سیفاتەکانی باوكو دایکیدا. ئەم حاڵەتە ئاراستەکەرە نەك بڕیاردەر بێت. ئەم ڕاڤەکردنە وێنەی برایانەش دەگرێتەوە, واتە کاریگەری خوشكو برا لەسەر یەکتری لەهەڵبژاردنی هاوسەردا.

ئەم ڕایەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆشویستن کارێکی نەستیو خۆنەویستیەو مرۆڤ ناتوانێت زاڵ بێ بەسەریداو کۆنترۆڵی بکات. هەندێ جار وێنەی باوان لایەنگیریو دەمارگیری لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا دروست دەکات, زۆر

www.pertwk.com

جـاریش بـەهۆی نـەبوونی کەسـێك کەسـیفاتی بـاوانی تێـدا بێـت, پرۆسـەی هەڵبژاردنەکە توشی تەنگەژەو دژواری دەبێتو دوادەکەوێت.

6-جیاوازی: Hetrogamay

هەرچەندە فاکتەری لەیەکچوون یەکێکە لەبەهێزترین ئـەو فاکتەرانـەی بـواری هەڵبژاردنی هاوسەر دەستنیشان دەکەن, لەهەمان کاتدا فاکتەری جیـاوازی بـەلای هەنـدێك لەشـارەزایانەوە بایـەخێکی گرنگـی هەیـە لـەدیاریکردنی ئـەو بـوارەدا, چونکە هەندێ جار ئـەو دوو کەسـە لەیەکنەچـووە زیـاتر لەکەسـە لەیەکچـووەکان بەلای یەکتردا دەچن. جیاوازی فاکتەرێکەو هەردوو لایەنەکە بـەلای یەکـدا کـێش دەکاتو پەیوەستیان دەکات بەیەکترییەوە بـۆ تـەواو کردنـی سـیفاتە جیاوازەکـان لەلای هەر یەکێکیان کە لەئاکامدا تێرکردنو چێژو ئاسـودەییان بـۆ دەهێنێـتو ئەو بێزارییەیان لێدوردەخاتەوە کـە دەرئـەنجامی لەیەکچـوونی تـەواوی نێـوان ژنو مێردەکەیە. بۆ نموونە: بەهێز بۆ لای لاواز دەچێ تورە بۆ لای هێمنو لەسـەرخۆو, شەرانگێز بۆ لای ئاشتی خوازو, ناشیرین بۆ لای جوانو, زیرەکی مام ناوەنـدی بـۆ لای زیرەكو... دەچێتو پەسەندی دەکـات... لەزۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەم رایـە واقیع پاڵپشتی لیَ ناکات چونکە پشت بەتوێژینەوەی زانستی چەسپاو نابەسـتێت, راستە هەمەجۆریو جیاوازی تاکەکەسی نێـوان دوو لایـەن, ئاسـودەیی بـۆ ژیـانی خێزانی دەهێنیَو بەسەر ئەو بێزارییەدا زاڵ دەبێـت کـە لـە لەیەکچـوونی رەهـاوە دەکەوێتەوە. بەڵام خولیاو ئـارەزووی هاوبـەشو نزیـكو لەیەکچـوو, هێـزو چـێژو پەیوەندی پتەوی هاوسەرێتیو خێزانی دەستەبەر دەکات.

شـایانی باسـە فاکتـەری لەیەکچـوون لـەدۆزی راکێشـانی دوو لایـەن بـەلای یەکتریدا زۆر بەهێزترە لەفاکتەری جیـاوازی, هەنـدێ جـار جیـاوازی فاکتـەرێکی

یاریدەدەرە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر نەك هەموو فاکتەرەکان بێت, خۆئەگەر بەتەواوەتی هەڵبژاردنی دەستنیشان بکردایە ئەوا دەبوایە زیرەك دەبەنگو, درێژو کورتو, رۆشنبیر نەزانو, رەش سپیو, زەبەلاح بچکۆلەیەکی هەڵبژاردایە.

جیاوازی ئاشکرای نێوان خولیاو ئارەزووو بەهاوو میزاجو باگراوندی شارستانی, زۆرجار دەبێتە هۆی یەکانگیربوونو نەگونجان, راستە ئەگەر لەلای ژنو مێردەکە هەندێ سیفات هەبێو یەکتری تەواو بکەن رەنگە ببێتە هۆی بزواندنو هەمەچەشنەکردنی ژیانی هاوسەرایەتی بەمەرجێك ئەوەندە جیاوازو دوور نەبن لەیەکترییەوە کە هیچ بوارێك نەهێڵێتەوە بۆ گونجانو تەباییو پێکەوە ژیان. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی بۆ دەرخستنی بایەخی لەیەکچوونو جیاوازی کراون لەهەڵبژاردنی هاوسەردا, جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە لەیەکچوون رۆڵی گەورەتر دەگێڕێت لەو پرۆسەیەداو, دەرکەوتووە لەناو چینی مام ناوەندیدا لەیەکچوونێکی مەزن هەیە لەسیفاتە کۆمەڵایەتی-شارستانییەکانی کورو کچدا, هەروەها لەسیفاتەکانی کەسێتیو بۆچوونو خولیاو ئارەزووەکاندا.

7-هەڵبژاردنی پەسەندکراو: prefential matinq

مەبەست لێی هەڵبژاردنێکی هوشیارانەو خۆویستو یاخود خۆنەویستو نەستی هاوسەرە بەهۆی بوونی هەندێك سیفاتەوە کە کەسەکە بەباشی دەزانێو پەسەندی دەکات, ئیتر بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدرێ کە ئەم سیفاتانە لەکەسەکەدا هەیە یان نییە. (ئەم رایە تارادەیەك لەبیرۆکەی هاوسەری نموونەیی دەچێت).

هەڵبژاردنی هاوسەر بەپێی ئەم رایە لەزۆربەی بارەکاندا خۆویستە, بەڵام بەشێکی گەورە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە نەستییە چونکە لەژێر کاریگەری فاکتەرە شارستانییەکاندایە -بەتایبەتی رۆشنبیری-. ئاشکرایە تاکە کەسان

www.pertwk.com

هەڵگری هزرو بیرو بەها کۆمەڵایەتی‌یەکانن‌و لەچەند سەرچاوەیەکی هەمەجۆرەوە پێیاندەگات کە دیارنین‌و راستەوخۆ تێبینی ناکرێن, ئەمەش دەبێتە هۆی دیاری کردنی سنوورەکانی هەڵبژاردن‌و بەشێك لەپرۆسەکە نەستییانە پێك دەهێنن.

بیرۆکەی هەڵبژاردنی پەسەندکراو یان هاوسەری بەباشزانراو بەشێوەیەکی نادیارو شاراوە جەخت لەسەر فاکتەری لەیەکچوونی (ئابوری‌و کۆمەڵایەتی) دەکاتەوە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا. راستە بوارێکی کراوە هەیە بۆ یەکتر ناسین لەنێوان تاکەکانی دەستەو گروپێکی کۆمەڵایەتی‌دا, بەڵام سیفاتە کەسێتی‌یەکانی وەك شێوەو روخسارو چالاکی‌و زیرەکی‌و تەندروستی... لەرووی گرنگی‌یەوە دەکەونە دواترەوە. هەروەها گرنگی ئەم سیفاتانە بەجیاوازی چین‌و کۆمەڵەکان دەگۆڕێت. دەرکەوتووە کە رووخسارو جوانی لەسەرتادا پەسەندن, بەڵام واقیع‌و پێویستی ژیان, کەم بایەخی ئەم فاکتەرە دەردەخەن لەقۆناغەکانی دواتردا, ئەمەو جگە لەوەی جوانی شتێکی رێژەیی‌یەو رەنگە کەسێك سەبارەت بەکەسێکی تر لەوپەڕی جوانیدا بێت بەڵام سەبارەت بەکەسانی تر ناشیرین بێت.

فاکتەری هەڵبژاردنی پەسەند کاریگەری هەیە بەڵام نابێتە فاکتەرێکی بنچینەیی لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا, چونکە ناکرێت لیستێك بکرێت بۆ سیفاتە پەسەندکراوەکان تابتوانن باشترین هەڵبژاردن بەئەنجام بگەیەنن, بەڵام مرۆڤی هۆشیار باش دەزانێت کەسیفاتە پەسەندەکان لەهاوسەردا تاقە دەروازەیەك نین بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن‌و ئاسوودەیی هاوسەرێتی, بەڵکو سەرکەوتن‌و ئاسوودەیی بەرادەیەکی گەورە پشت دەبەستێت بەهەڵبژاردنێکی گونجاوو شیاو بۆ هاوسەرێك کە هاوتابێت‌و, توانای هەبێت لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتی‌دا خۆی رابهێنێ‌و بەسەرکەوتنی بگەیەنێت.

# بەشی شەشەم
# چەمکی هاوسەرێتی

هاوسەرێتی دیاردەیەکی گشتی‌یە لەهەموو کۆمەڵەکاندا بەکۆن‌و نوێ‌و, سەرەتایی‌و شارستانی‌یەوە, زانای هەڵکەتوو (ئەدوارد وستر مارك) دەڵێت لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤدا بوونی هەبووەو دیاردەیەکە لەنێو هەندێ جۆری گیانلەبەری باڵادا دەبینرێت (وەك توتی‌و گوریلاو مەیمون‌و هەندێ شیردەری تر...) بەڵام هاوسەرێتی لەلای مرۆڤی سەرەتایی, سادەو ساکارو سەرەتایی بووە بەبەراورد لەگەڵ مرۆڤی شارستانی‌دا, لەهەمان کاتدا پێشکەوتووو پەرەسەندوو بووە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ سەرجەم جۆری گیانلەبەراندا.

هاوسەرێتی لەلای گیانلەبەران دیاردەیەکی سروشتی ڕووتەو بەرئەنجامی غەریزەی سێکسی‌و پێداویستی زاوزێ‌و پاراستنی جۆری گیانلەبەرە, بەڵام لەلای مرۆڤی سەرەتایی —لەچاخە کۆنەکاندا- هاوسەرێتی بریتی بووە لەنەریتێکی باوی سەرەتایی‌و لەسایەیدا پیاوێك یان زیاتر لەگەڵ ژنێك یان زیاتردا بەشێوەیەکی نیمچە ڕێژەیی بەیەکەوە ژیاون‌و, پەیوەندی سێکسی بەیەکەوە گرێی داون‌و

www.pertwk.com

هەندێك نەریتی وەك بەخێوكردنی منداڵو كاردا بەشكردن... بینراوە. پاشان ئـەم نەریتە بەشێوەیەكی پلە پلە پەرەی سەندو رێكخراوو ملـی كـەچ كـرد بـۆ هەنـدێ رێورەسمو دابو نـەریتو ئـایینو لەدواتریشـدا بـۆ سیسـتمو یاسـا كـە ئـەمڕۆ بـۆ سیستمی كۆمەڵایەتی دیاریكراو گۆڕاوە. كەواتە دەكرێت بڵێین:

هاوسەرێتی لەلای گیانلەبەران هاودەمی‌یە بەڵام مرۆڤ پەیوەست بوونە, لـەلای گیانلەبەران دیاردەیەكی بایولۆژی ڕووتە, بەڵام لەلای مرۆڤ دیاردەیەكی بـایولۆژی كۆمەڵایەتی‌یـەو هەنـدێ فاكتـەری شارسـتانی زاڵـە بەسـەریداو رێكـی دەخـاتو بەرێورەسمێكی تایبەتی دێتە كردنو هەردوو رەگەزەكە دەبێت دان بەئەركو مـافی بەرامبەركەیاندا بنێن, واتە پەیوەندی‌یەكی سێكسی شەرعیو نیمچـە چەسـپاوەو لەراگەیاندنی گرێبەندی هاوسەرێتی (عقد الزواج)یەوە دەست پێـدەكاتو چـەندین ئەركو ماف لەخۆ دەگرێت.

كەواتە سیستمی هاوسەرێتی پێویستی‌یە بۆ هەموو كۆمەڵگاكان (سەرەتاییو شارسـتانی, كـۆنو هاوچـەرخ, رۆژئـاییو نـوێ). هاوسـەرێتی وەك سیسـتمێكی كۆمەڵایـەتی جیـاوازە لـەخێزان وەك رێكخراوێكـی كۆمەڵایـەتی* هاوسـەرێتی سیستمە چونكە بریتی‌یە لەچەند بنەماو شێوازێكی دیاریكراو پێك هـاتووەو تاكـە كەسان دەبات بەرێوەو مل كەچ دەكەن بۆیو, بـەجۆرێك رەفتاركردنـەوە وابەسـتە دەبن, ئەمە لە بارێكدا كە بچنە ژیانی هاوسەرێتی یان لەباری كۆتایی هاتنی ئەو پەیوەندی‌یەدا. بەڵام خێزان رێكخراوێكە یان یەكەیەكە لە كۆمەڵێك كەسی دیـاری كـراو پێـك هـاتووەو هەریەكـەیان پلـەو پایەیـەكی هەیـەو هـەوڵ دەدەن ئامانجـە

* (مەبەست لەرژێم كۆمەڵێك یاساو رێساو شێوازی سەپێنراو بەسەر رەفتاری مرۆڤایەتی‌دا, بەڵام مەبەست لەرێكخراو: یەكەیەكی كۆمەڵایەتی‌یەو ژمارەیەك لەتاكە كەسان لەخۆ دەگرێ كە پەیوەستن بەیەكتری‌یەوەو بۆ گەیشتن بەئامانجە هاوبەشەكانیان تێدەكۆشن).

هاوبەشەکانیان بەدی بهێننو مل کەچن بۆ سیستمی خێزانیی -بنەماو شێوازەکانی رەفتاری خێزانیی- کە گرنگترینیان هاوسەرێتیو خزمایەتیو جیابوونەوەوەو میراتو وەسیەت کردنن...تاد. مەبەست لەڕێکخراو ئەندامێتییە بۆ یەکەیەك کە لەچەند کەسێك پێك هاتبێ‌و, پەیوەندی هەمەجۆر بەیەکەوە گرێیان بداتو وابەستەبن بەرەفتارێکی دیاری کراوەوە. کەواتە تاکەکەس سەر بەڕێکخراوی خێزانییە, بەلاّم مل کەچە بۆ سیستمی هاوسەرێتی. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە جیاوازییەکیتر هەیە لەنێوان هاوسەرێتیو خێزاندا, هاوسەرێتی بریتییە لەپەیوەندی نێوان یەك پیاو یان زیاتر لەگەڵ یەك ژن یان زیاتردا, بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی کە تەنها ژنو مێرد لەخۆدەگرێت, بەلاّم خێزان بەچەمکی کۆمەڵایەتی دەبێت ژنو مێرد, منداڵیان لەگەڵدا بێت, بەواتایەکیتر خێزان یەکەیەکە پێك هاتووە لەژنو مێرد -کە تێرکردنی پێداویستی سێکسیو هاوکاری ئابوریو زاوزێو منداڵ بەخێوکردنیان لەخۆگرتووە-. بونی منداڵ کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ بوونی خێزان, بەلاّم هاوسەرێتی تەنها بەبوونی ژنو مێرد بەرقەرار دەبێت.

<u>هاوسەرێتی</u>: بەهۆی جیاوازی دیدو بۆچوونو روانگەکانەوە پێناسەی هەمەجۆری بۆ کراوە:

<u>بەچەمکی ئایینی</u>: بریتییە لەدارِژراوی خوداو نێراوەکانیو, پەیمانێکی پیرۆزە بۆ رێنماییو بەردەوامی مرۆڤایەتی.

<u>بەچەمکی ئابووری</u>: بەڕای ئابوریناسەکان بریتییە لەیەکەیەکی بەرهەمهێنی بەکاربەرو پشت بەبنەمای کار دابەشکردن دەبەستێ لەنێوان دوو رەگەزدا.

www.pertwk.com

بەچەمکی یاسایی: یاساناسەکان دەڵێن پەیمانێکە لەنێوان دوو کەسدا –نێرو مێ– کە ئەرکو مافەکانی هەردوولا لەخۆدەگرێت لەکاتی چوونە ناو پەیمانەکەو ئەو کاتەش کەدێنەدەرەوە لێی.

بەچەمکی سایکۆلۆژی: زاناکانی دەروون پێیان وایە بریتی‌یە لەیەکەیەك کە پشت بەکارلێك کردنی نێوان دوو رەگەزی جیاواز –کچو کور– دەبەستێت, مەبەستی گەیشتن بەئاسوودەیی هاوبەش کە لەسەر بنەمای هاودەمیو ئەندامێتیو پاشکۆیەتیو هاوبەشیو گونجانی هەردوو لایەنەکە بەندە.

بەچەمکی بایولوژی: بریتی‌یە لەپەیوەندی‌یەکی سروشتی سێکسی لەنێوان ژنو پیاودا بەمەبەستی زاوزێو پاراستنی جۆر.

بەچەمکی کۆمەڵایەتی: هاوسەرێتی بریتی‌یە لەسیستمیکی کۆمەڵایەتی سنوردارو, بناغەی پێکهێنانی خێزانەو, هاوسەرێتی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو کارلێکی داینامیکی بەردەوامە لەگەڵ هێزە شارستانیو کۆمەڵایەتی‌یەکانی تردا, یان پەیوەندی‌یەکی نیمچە چەسپاوە لەرووی شارستانی‌یەوەو بۆ ئارامی تاکە کەسو خێزانو کۆمەڵ هاتۆتە بوون.

بەڵام وردترین پێناسە کە لەهەموویان گشتگیر تربێت پێناسەکەی (ئەدوارد ویستر مارك)ە کە دەڵێت هاوسەرێتی:

پەیوەندی‌یەکی نیمچە چەسپاوە لەنێوان پیاوێك یان زیاتر لەگەڵ ژنێك یان زیاتردا کە تێرکردنی سێکسیو هاوکاری ئابوریو هەندێ جاریش یەك شوێنی نیشتەجێ بوون لەخۆدەگرێت, ئەم پەیوەندی‌یەش مل کەچی دابو نەریتو یاساکانەو, مافو ئەرکی دیاریکراو لەخۆدەگرێتو, ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە هەردوولا دەچنە هاوسەرێتی‌یەوە, یان لەباری منداڵ خستنەوەدا.

سروشتی هاوسەرێتی:

سەبارەت بەسروشتی هاوسەرێتی ئەکرێت بڵێین نیمچە ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە لەسەر گرنگی تێگەیشتنی سروشتی هاوسەرێتی لەپێناو گەیشتن بەو بنەما ڕاستو دروستانەی کە بەهۆیانەوە سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرێتی دەستەبەر دەبێت. لەم بارەیەوە چەندین راو بۆچوونی جیاواز هەیە, هەندێکیان گەشبینانەو هەندێکی تر ڕەشبینانە بۆسروشتی هاوسەرێتی دەڕوانن. لێرەدا بەکورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

1-هاوسەرێتی جگە لەپەیوەندییەکی شەڕانگێزی هێرشئامێز هیچی تر نییەو, هەردوولا کە دێنە هاوسەرێتییەوە هەریەکەیان لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتو هەر لەسەرەتاوە هەوڵدەدات بەهەر شێوەیەكو بەهەر کەرەسەیەك بەرژەوەندییەکانی خۆی بهێنێتەدیو پارێزگاری لێدەکات بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی لاکەی تر رەچاو بکاتو, حەزو ئارەزووەکانی خۆی دەخاتە سەروو هەموو شتێکەوە. بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەن ژنو مێردەکە هۆشیان دێتەوە بەبەرداو تێدەگەن سەرکەوتن لەژیانی هاوسەرێتی بەم شێوەیە دەستەبەر نابێتو دەبێت رەفتارو بیرکردنەوەکانیان بگۆڕنو دەبێت کاربکەن بۆ پتەو کردنو گرێدانی پەیوەندییەکانو پێویستە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردووکیان بخەنە پێش بەرژەوەندی تاکێتی خۆیانەوە. گەیشتن بەم بەرژوەندییە هاوبەشەش کاتی دەوێتو هێدی هێدی گەڵاڵە دەبێت دوای ئەوەی بەشێوەیەکی کامڵ لە سروشتو چەمکی هاوسەرێتی دەگەنو دەزانن مانەوەی ژیانی هاوسەرێتی قوربانی دانو کاری دوولایەنەی دەوێتو دەبێت

www.pertwk.com

ناکۆکیو جیاوازییەکانیان وەلا بنێنو ژیرانە بۆ پتەوکردنی بونیادو قەوارەی خێزان تێبکۆشن.

2-رای دووەم پێیوایە هاوسەرێتی پەیوەندییەکە لەئەنجامی جیاوازییەکانەوە یەکەیەکی تێهەڵکێشی بەرقەرار کردووە, ژنو مێرد لەسەرەتادا هەندێك خەسڵەتی جیاوازیان هەیە چونکە دوو رەگەزی جیاوازن, سەرەڕای ئەگەری هەندێ جیاوازی تر –هەندێکیان ریشەینو هەندێکی تریان رواڵەتین- وەك جیاوازی لەباگراوندی ئابوریو شارستانیو رۆشنبیریو جیاوازی لە سروشت و میزاج و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیان و بەها و نەریتەکان.. تاد هەندێ لەم جیاوازییانە رەنگە ببنە هۆی داڕمانی پەیوەندییە هاوسەرییەکان و خولقاندنی نائارامی لە ژیانی هاوسەرێتیدا, هەندێکی تر لەم جیاوازییانە بێلایەنن و کارکردی نە پۆزەتیف نە نێگەتیفیان نییە, بەڵام هەندێك جیاوازی رەنگە یارمەتیدەربن بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە هاوسەرییەکان چونکە تەواوکەری یەکترین, جا ئەگەر ژن و مێردەکە هۆشیار بن و لە پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان بەگشتی و پەیوەندییە هاوسەرییەکان بەتایبەتی تێگەیشتبن ئەوا سوود لەم جیاوازییانە وەردەگرن بۆ دروستکردنی یەکەیەکی تونددوتۆڵ و تۆکمە و کامڵ, سەرەڕای کارکردنیان بۆ کاڵکردنەوەی ئەو جیاوازییانە کە دەبنە مایەی لاوازکردنی پەیوەندییە هاوسەرییەکان.

کۆنفۆشیوس پێی وایە پەیوەندی هاوسەرێتی لە پەیوەندی نێوان تیمێکی مۆسیقی دەچێت کە چەندین ئامێری هەمەجۆری تیادا بێت, جا ئەگەر ئامێرژەنەکان بە رێکخراوەیی و بەپێی سیستمیك کاربکەن ئەوا میلۆدییەکی جوان و سازگار بەرهەم دەهێنن. گونجان و تەبایی لە پەیوەندییە

هاوسەریەکاندا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت بۆ ئارامی و بەرقەرارکردنی ژیانی کۆمەڵ بەگشتی.

3- رای سێیەم لە دیدێکی رەشبین و تاریکەوە بۆ هاوسەرێتی دەڕوانێت پێی وایە حاڵەتێکی نائارامی و پڕ لە ژان و ماندووبوونە. چونکە ژیان بە تێکڕایی جگە لە حاڵەتی چەرمەسەری و ژان و ماندووبون هیچ واتایەکی تری نییە, مادام هاوسەرێتیش ڕوخسارێکی ژیانە کەواتە هەر ئەوەمان دەستدەکەوێت کە لە ژیانەوە دەستمان دەکەوێت. بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێن ژیان هەر هەمووی خەم و ماندوبوون و نائارامی نییە و هەندێ لایەنی جوان و دڵگیرە و مرۆڤ هەوڵدەدات بە هەموو توانایەکی‌یەوە سیمای جوانی و ئاسوودەیی بەبەر هاوسەرێتی و ژیاندا بکات و ناخۆشی و خەمەکانی لێدوربخاتەوە. مرۆڤی پێگەیشتووی هۆشیار ئەتوانێت رەنج بدات و بەبەردەوامی تێبکۆشێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن و ئارامی بۆ ژیانی هاوسەرێتی و بۆ ژیان بەگشتی.

هاوسەرێتی نوێ بریتی‌یە لە هاوسەنگی لەنێوان دوو هێزدا, یەکەمیان کاردەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ و جێگیر و دووەمیش بۆ نائارامی و لەبەریەکترازان تێدەکۆشێت. هاوسەرێتی سەرکەوتووش بریتی‌یە لە زاڵ بوون و باڵادەستی هێزی یەکەم بەسەر هێزی دووەمدا.

لێرەدا تێگەیشتین کە رێکەوتنێکی گشتی هەیە لەسەرئەوەی کە هاوسەرێتی رەنجی بەردەوام و کاری هەمیشەیی و قوربانی‌دانی هەمبەری ژن و مێردی هۆشیار و کامڵی دەوێت تاکو گونجان و ئارامی و جێگیری و ئاسودەیی بەرقەرار بکەن بۆ ژیانی هاوسەرێتی‌یان.

www.pertwk.com

ئینجــا بۆئــەوەی لــەبارەی هاوســەرێتی‌یەوە بیرۆکەیــەکی هەمەلایەنــە و گشتگیرمان لەلا دروست بێت پێویستە ئەگەر بە کورتیش بووە ئاماژە بۆ پاڵنەر و هاندەرەکانی هاوسەرێتی بکەین.

ڕاستی‌یەکی بەڵگەنەویستە کـە هـەموو پاڵنـەرێك بـۆ تێرکردنـی پێویسـتی و ئامانجێك ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت. کاتێك قسە لەسەر پاڵنەرەکانی هاوسەرێتی دەکەین واتای وایە بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئامانجەکانی هاوســەرێتی دەکـەین, ئـەو ئامانجانـەش هەمەــەجۆرن کـە دەرئـەنجامی پاڵنـەری هەمـەجۆرن, هەندێك لە پاڵنەرەکان کۆمەڵایەتی و هەندێکی تـر کەسـێتین, پاڵنـەری گشـتی و پاڵنەری تایبەتیش هەیە..

پاڵنەرەکانی هاوسەرێتی:

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ گرنگترین پاڵنەری هاوسەرێتی دەکەین:

1- هاوســەرێتی دەســتکەوتە و پاڵنەرەکەشــی بریتی‌یــە لــە گەیشــتن بــە پلەوپایەی کۆمەلایەتی ویستراو — پلەوپایەی کەسێکی باڵقی ئاسایی — یان داننان بە پێگەیشتن و باڵقبوون کە ئەمـەش هەسـتکردن بـە بـڕواو و متمانە و هەڵسەنگاندنی خود و, باوەڕهێنانی خەڵکی بـەو پلـەو شـوێنە سروشتی‌یەی کە مرۆڤە باڵق و کامڵەکان پێیگەیشـتوون, بـەدوای خۆیـدا دەهێنێــت, هــەروەها ئامــانجی تاکەکەســیش —بەتایبــەتی ژن — لــە هاوسەرێتی چاککردنی پلەو شوێنی کۆمەڵایەتی‌یەتی.

2- ڕوانـین بـۆ هاوسـەرێتی وەك ئـەوەی شـتێکی سروشـتی یـان نمونەیـەکی سروشتی ژیان بێت.

3- تاکەکـــەس ڕوو دەکاتـــە هاوســـەرێتی وەك دەروازەیـــەك بـــۆ ڕزگاربوون لە بارو ڕەوشی ژیانی نـاخۆش و پـڕ لـە بێـزاری و هـەڵاتن لـە کەشوهەوای نێو خێزان وەك: هەژاری, ململانێ خێزانیـەکانو دەسـەڵاتی باوك و دایك و فشار و دەمارگیری... تاد.

4- بەدەستهێنانی ئاسودەیی ئـابوری و دەسـتکەوتنی سـامان بـۆ تێرکردنـی هیوا و خولیا و ئارەزووە مادییەکان کە ئەمانەش دەبنە هۆی باشکردنی سەنتەر و پلەوپایەی ئابوری و کار و کۆمەڵایەتی.

5- حەزی زانین یان زانینی نهێنییەکانی ژیانی هاوسەرێتی.

6- تێرکردنی پێداویستی سێکسی کە یەکێکـە لـە پاڵنـەرە سـەرەکییەکانی هاوسـەرێتی لـەلای پیـاوان (بەتایبـەتی لـە کۆمـەڵ ڕۆتینییەکانـدا) بـۆ پارێزگاریکردن لە خود و جۆر.

7- پێداویسـتییە بـۆ هەسـتکردن بـە گرنتـی مـادی و سـۆزداری, چـونکە هاوسەرێتی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی مسۆگەرکردن کە هاوبەشـێك بۆ تاکەکەس- بە شیرینی و تاڵییەوە فەراهەم دەکات تاکو پێکـەوە کـار بکەن بۆ زاڵبوون بەسـەر دژوارییـەکان و لەئەسـتۆگرتنی لێپرسـراوێتی و زیانەکان بۆئەوەی بەیەکەوە بـە ئاسـودەیی و سـەرکەوتن بگـەن, چـونکە هاوسەرێتی وەك سیستمێکی چەسپاوی هەمیشەیی لە جیهانی گـۆڕراوی پڕ لە گۆڕانکاریدا, هێـز و ئـارامی و یـەکێتی و ڕێزگـرتن دەبەخشـێت, چـونکە ڕای گشـتی ڕێـز لـەو ژن و مێـردە دەگرێـت کـە وابەسـتەن بەئەرکەکانیانەوە و بە چاوێکی تایبەتی بۆیان دەڕوانن کە ڕەنگـە ئەگـەر

www.pertwk.com

ژن و مێرد بە ئەرکی هاوسەرێتی خۆیان هەڵنەستن کۆمەڵ سەرزەنشتیان بکات یاخود سزایان بدات.

8- لە منداڵ خستنەوە و پێکهێنانی خێزاندا تاکەکەس هەست بە ئەندامێتی (ئینتیما) دەکات و پێی وایە بەشێکە لە کەسانی تر و پشتیان پێدەبەستێ و ئەوانیش پشتی پێدەبەستن و بیردەکەنەوە بۆی و بۆیان بیردەکاتەوە و, قوربانییان بۆ دەدات و قوربانی بۆدەدەن, هەموو ئەمانە ئاسودەیی دەروونی بۆ دێنن و هەستکردن بە تەنهایی و فەرامۆشکردنی لێ دوردەخەنەوە. ئەمانە و جگەلەوەی ئارەزووی هەیە لە بەشداریکردن لە هەست و نەست و خولیاکانیاندا, حەزی بەشداریکردن یان کارکردن پێکەوە چێژ و خۆشی دەهێنێت و دەیگەیەنێت بە ئامانجە هاوبەشەکان ئەم پاڵنەرەش بە گرنگترین پاڵنەری هاوسەرێتی هەژماردەکرێت.

9- حەزی مولکداریکردن پاڵ بە تاکەکەسەوە — بەتایبەتی پیاو —وە دەنێت بۆ هاوسەرگرتن, ئەم حەزەش پاڵنەرێکی بۆماوەیی ناوەکییە بۆ هاوسەرێتی و مولکداریکردنی هاوبەشی ژیان, ئەم حەزە زۆر جار نەستییەو هەندێ جاریش هەستییە. بەهەرحاڵ پاڵنەرێکە خودپەرستی لەخۆدەگرێت, بۆیە هەندێ یاسا و داب و نەریت سیستمیکی بۆ رێکدەخەن تاکو ستەم و زۆر لەلایەنەکەی تر نەکرێت.

10- خۆشەویستی پاڵنەرێکی گرنگە بۆ هاوسەرێتی, ڕەنگە هەندێ کەس بیر لە هاوسەرگرتن نەکەنەوە بەلام کە دوچاری خۆشەویستی دەبن ناچاردەبن بۆ ئارامی و ئاسودەیی بچنە ژیانی

هاوسەرێتی‌یەوە, یان بۆ ئەوەی هەستی بەرامبەرەکەیان بریندار نەکەن و ناو و ناوبانگی خۆشەویستەکەیان ناشیرین نەکەن بەهۆی ئەو پەیوەندی‌یە خۆشەویستی‌یەوە کە هەیانبووە, بەهۆی هەستکردن بە ئەرك و لێپرسراوێتی‌یەوە ناچاردەبن ژیانی هاوسەرێتی پەسەند بکەن.

هەندێك لەم پاڵنەرانە رەنگە گرنگ و بنچینەیی و گشتی بن بۆ هاوسەرێتی و سەرکەوتنی, بەڵام هەندێکی تریان رەنگە بۆ کەسانێك گرنگ بن بەڵام بۆ کەسانی تر ئەو بایەخەیان نەبێت. بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەری سەرەکی هاوسەرگرتن لە زۆربەی بارەکاندا بریتی‌یە لە گەیشتن بە دڵئارامی و ئاسودەیی و جێگیربوون و مسۆگەرکردنی ژیان.

www.pertwk.com

## بەشی حەوتەم
## وێنەکانی هاوسەرێتی

بەهۆی جیاوازی و هەمەجۆری شارستانی‌یەکانەوە, وێنەی رێکخستنەکانی هاوسەرێتیش جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە, بنەما رەفتاری‌یەکان — یاسا نوسراوەکان و نەنوسراوەکان — هاوسەرێتی رێکدەخەن و چەندین وێنەی جیاجیا دەدەن بە لایەنەکانی پەیوەندی هاوسەری و ژمارەی تاکێتی ژن یان فرەژنی, یان ئەو هاوسەرێتی‌یەی شیربایی تیا دەخوازێت یاخود ئەوەی لەبەردەمی لایەنێکی ئاینی یان مەدەنی یان هەردوکیاندا گرێی هاوسەرێتی تیا دەبەسترێن یان هاندانی هاوسەرێتی لە دەرەوەی گروپدا یان بەپێچەوانەوە, یان ئەو یاسا و نەریتانەی رێ بە هاوسەرێتی کاتی دەدەن یاخود قەدەغەی دەکەن.

لێرەدا گرنگترین وێنەی هاوسەرێتی دەخەینەروو:

### -1 تاکهاوسەری Monoganous

بریتی‌یە لە هاوسەرێتی یەك پیاو لەگەڵ یەك ژندا و, هیچ لایەك مافی ئەوەی نییە بیکات بە دوان واتا پیاو ژنی دووەم بهێنێت یاخود ژن پیاوێکی تریش

مێردی بێت لە هەمانکاتدا. لەکاتێکدا یاساکانی کۆمەڵ تاك هاوسەری پەسەند بکات, ئەوانەی بەپێچەوانەوە هاوسەر بگرن و لە یەك (ژن یان مێرد) زیاتریان بێت ئەوا تاوانی هەمەجۆر Pigamay یان ئەنجامداوەو سزای خۆیان وەردەگرن, سزاکەش بەپێی کۆمەڵەکان دەگۆڕێت و لەنێوان رقلێبونەوە و فەرامۆشکردنی کۆمەڵایەتی و کوشتندایە. شایانی باسە هەمەجۆری هاوسەر بارەکانی شوکردنەوەی بێوەژن و ژنهێنانەوەی پیاو (ژنەکەی مردبێت یان لێی جیابووبێتەوە) ناگرێتەوە.

تاك هاوسەری لەلای (43) کۆمەڵی سەرەتایی و شارستانی پەسەندە (پێویستە بگوترێت سەرجەم کۆمەڵە مەسیحییەکان ئەم وێنەی هاوسەرێتییە پەیرەو دەکەن) و ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵەکانی جیهان بەرەو قبوڵکردن و پەسەندکردنی ئەم شێوەیە دەچن لەبەر هەندێ هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی. تاك هاوسەری بەتایبەتی لە کۆمەڵە پەرەسەندوو نوێیەکاندا دەردەکەوێت و لە زۆربەی یاساکانیاندا بەندی یاسایی هەیە کە هاوسەرێتی چەند دانەیی بە تاوان هەژمارد دەکات و دەبێت سزا بدرێت.

### 2- فرەژنی Polygamy

واتە هاوسەرێتی یەك پیاو لەگەڵ چەند ژنێکدا و لە هەمان کاتدا هەموویان لەلای ئەو پیاوەبن. لە دۆزی فرەژنیدا جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەکاندا هەیە و, لە هەندێکیاندا ژمارەی ژنەکان دیاری نەکراوە لە هەندێکی تردا یاسا یان ئایین دەستنیشانی دەکات (وەك شەریعەتی ئیسلام کە بەرزترین ژمارەی بە چوار ژن دیارکردووە). هەندێك لە مەسەلەی فرەژنی لە کۆمەڵدا پشت دەبەستن بە پێوەری

www.pertwk.com

ژمارەیی, واتا دەکرێت فرەژنـی بـە دیاردەیـەکی ئاسـایی بـزانین ئەگـەر زۆرینـەی خەڵك پیادەیان کـرد, لەراسـتیدا ئـەم پێـوەرە لاوازە و بڕواپێهێنـەر نییـە چـونکە زۆربەی ئەو کۆمەڵانەی ڕێیانداوە بە فرەژنی, تاك هاوسـەری تیایانـدا زۆر زیـاترە لە فرەژنی. ئینجا لەبەر ئەوەی ڕێژەی ئاسایی و سروشـتی هـەردوو رەگەزەکـە لـە زۆربەی کۆمەڵەکاندا ئەوەندە دورنین لەیەکتری‌یەوە, واتا ژمـارەی ژنـان زۆر زیـاتر نییە لە ژمارەی پیاوان, کەواتە دەکرێـت بڵـێین: ئەگـەر هـەر پیاوێـك لـە یـەك ژن زیاتر بهێنێت ئەو دەمە هەنـدێك پیـاو بـەبێ ژن دەمێننـەوە. ئەگـەر ورد بینـەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی پیـاوان یـەك ژنیـان هەیـە وکەمینەیـەکیش لـە ژنێـك زیاتریان هەیە و ژمارەیەك پیاویش بێ‌ژنن. لەسەر بناغەی ئەم راسـتی‌یە ناکرێـت پشت بە پێوەری ژمارەیی ببەستین.

فرەژنـی دیاردەیـەکی گشـتی و بـاو بـووە لـە زۆربـەی کۆمەڵـە سـەرەتایی و شارستانی‌یەکاندا و بە پاڵپشتی چەند هۆکار و پاڵنەرێك پیادەکراوە, هەنـدێ جـار رەهاو هەندێ جاریش دیاریکراو بووە. لەگەڵ ئـەم راسـتی‌یەدا هەنـدێ کـەس ئـەم دیاردەیە بە ئاینی ئیسلامەوە دەبەستنەوە, لەڕاستی‌دا کاتێك کە ئسلام هات, لە سەردەمی نەزانی‌دا (الجاهلیە) ئەم دیاردەیە یەکجار بـاوو بـێ کـۆت و بەنـد بـوو, ئیسلامیش راستەوخۆ دژی نەوەستا و بـە راشـکراوی تـابۆی نـەکردوە و, وای بـە باش زانی ڕێکـی بخـات و بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هـانی نـەدات, لـە قورئـانی پیرۆزدا سورەتی (النساو) جۆرێك لە تابۆی تێدایە کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کـە ڕێ بە چوار ژن دراوە بەمەرجێك پیاو یان مێرد بتوانێت دادپـەروەری لەنێوانیانـدا پیادە بکات, ئینجا مادام لە رووی سۆز و مەعنەوی‌یەوە بواری دادپەروەری نییـە و مەحاڵ و ئەستەمە, کەواتە ڕێی پێنەدراوە و ناڕاستەوخۆ لە دژی وەستاوە. ئەم

خاڵەیە وای لە زاناکانی کۆمەڵناسی و ئایین (بێلایەنەکان) کردووە کە بڵێن ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە فرەژنـی تـابۆ کـردووە و تـەنها لـەباری ئەوپەڕی پێویستیدا یان لە ناچاریدا نەبێت ڕێی پێنادات.

سەرەڕای ئەم راستی‌یە کەچی دیاردەی فرەژنی لە هەموو وڵاتە ئیسلامیەکاندا بووە بە باو و, پیاوان بەبێ هـۆ بـە مـافی خۆیـانی دەزانـن بـۆ تێرکردنـی حـەز و ئارەزووە خودپەرستی‌یەکانیان بەتایبەتیش لە گوندەکان و لەلای ئەو گروپانەی کـە نەخوێندەوارن پێیان وایە نیشانەی هێز و پیاوەتی و سەروەرێتی و حەزی زۆرکردنی منداڵ بوونە, یان بۆ قۆرغ کردنی ژنان بۆ کارکردن لە کێڵگە و مەزراکاندا سـودی لێوەردەگرن.

*شەریعەتی ئیسلامی لەم بارانەی خوارەوەدا بواری بە فرەژنی داوە:*

1- نەزۆکی ژن.

2- نەخۆشی ژن بە رادەیەك بێت نەتوانێت بە ئەرکـەکانی ژنێتـی هەڵبسێت.

3-بەد ڕەفتاری و فەرامۆشکردنی مێرد.

*هەروەها کەسێك بۆی هەیە کە ئەم مەرجانەی تیادابێت:*

1- دەسەڵات و توانای دارایی.

2- پێویستیی دادپەروەری.

3- ڕەوا بێت و پێویست بکات.

4- نابێت ژمارەی ژنەکان لە چوار زیاتر بێت.

www.pertwk.com

گەلێك شوێنەواری خراپ و نێگەتیف لە فرەژنی دەكەونەوە سەبارەت بە تاك و خێزان و كۆمەڵ. سەبارەت بە تاك — ژن و منداڵ و مێرد — ئەبێتەهۆی خولقاندنی چەندین كێشەی دەرونی و شۆزداری و تەنانەت ئەقڵیش, دەبێتە هۆی ئـالۆزكردنی كەسێتی و لەبەریەكترازانیو, سەرچاوەیەكە بۆ دروستكردنی رق و كینە و ئیرەیـی و ئێرەیی لەنێوان ژنەكانداو, ئەمەش بەسەر منداڵەكانـەوە رەنگدەداتـەوە و رق و كینــە و ململانێــی و شــەڕ لــەنێوان خوشــك و براكانـدا پــەرەدەگرێ و, هــەروەها ململانــێش لــەنێوان ژنــەكان و مێردەكــە و, منــداڵ و باوانیانـدا تەشــەنەدەكات. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی هەست نەكردن بـە ئـارامی و ئاسـودەییو, دڵـەراوكێی بــەردەوام لــەنێو ئەنـدامانی خێزانـدا و دواتـریش نائـارامی كۆمەڵایـەتی. ئینجـا كەمبوونــەوەی توانــای بەرهــەمی تاكەكــەس و كۆمــەڵ و پەكخســتنی پرۆســەی پەرەپێدانی ئـابوری. هـەروەها بـە فاكتـەرێكی سـەرەكیش دادەنرێـت بـۆ رودانـی جیابوونەوە و بەجێهێشتن. سەرەڕای ئەمانە گیانی كینە و رق و نائـارامی لـەلای منداڵان پاڵیان پێوەدەنێـت بـۆ بـەرەڵابوون و سـواڵكردن و لادان و كـەتن (الجـنح) كردن.

شایانی ئاماژە بۆ كردنە رێژەی فرەژنی لـە بیسـت و پێـنج سـاڵی رابـوردوودا بەشــێوەیەكی خێــرا دابــەزیوە و هاتۆتــەخوارەوە, گــرنگترین هۆكــاری ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ:

1- زیــادبوونی رۆشــنبیری و هۆشــیاری لــەنێو چــین و توێــژە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵدا.

2- ئازادبوونی ژن و سەربەخۆبوونی و, جگە لە هۆشـیاربونەوە و تێگەیشتنی لایەنەكانی ژیانی هاوسەرێتی و خێزانی.

3- هۆكاری ئـابوری, ئـەمڕۆ فرەژنـی فشـارێكی ئـابوری گـەورە دەخاتە ئەستۆی مێردەوە كە رەنگـە فرەژنـی بایـەخی ئـابوری نـەمابێت وەك جاران هەیبوو لە كۆمەڵ رۆتینی و كشتوكاڵی‌یەكاندا.

4- فشاری یاسایی بەتایبەتی یاسا نوێیەكان, بۆ نموونە لە تـونس لــە ســاڵی 1956 فرەژنــی بــەپێی یاســایەك, بەشــێوەیەكی رەهــا قەدەغەكراوە, هەروەها لە میسر 1953 بەپێی یاسا هێنانی ژنی دووەم دەبێ بـە رەزامەنـدی ژنـی یەكـەم بێـت و لەبـەردەمی دەزگـا قەزائی‌یـە رەسمی‌یەكاندا تۆمـار بكرێـت, لـە عێـراقیش لـە یاسـای بـاری كەسـێتی ژمارە 188 (یاسای ژمارە 21 لە ساڵی 1978دا) هاتووە كە دەبێـت قــازی رازی بێــت و هۆكــاری زۆر پێویســتی لەپشــتەوە بێــت و ژنــی یەكەمیش رەزامەندی لەسەر بێت, ئەگەرنا ئەوا ژنەكە مافی خۆیەتی لە مێردەكەی جیاببێتەوە. خۆ ئەگەر هێنانی ژنی دووەم لە دەرەوەی دادگـا بكرێت یان قازی رازی لەسەر نەبێت ئەوا بە تاوان دادەنرێ و یاسا سـزای مێردەكە دەدات بە بەندكردنی لە 3 – 5 ساڵ یان پێبژاردنی (الغرامـە) دارایی لە (300 – 100)دینار (لـە سـاڵی 1978) یـان هـەردوكیان بەیەكەوە.

5- جگە لەم هۆیانە, فشاری نارەسمی و رای گشـتی رۆڵـی خـۆی بینیوە لەوەدا كە هانی نادات و لە دژی دەوەستێتەوە.

3- فرەمێردی PoLyandry

بریتی‌یــە لــە شــووكردن و هاوســەرێتی ژنێــك لەگــەڵ چــەند پیاوێكـدا لــە هەمانكاتدا, ئەم جۆرە هاوسەرێتی‌یە لە كۆمــەڵ سـەرەتایی‌یەكاندا بـاوبووە بـەڵام

ئەمڕۆ بە دەگمەن بوونی هەیە و دەبینرێت جگە لە دوو کۆمەڵی سەرەتایی نەبێت کە ئەوانیش (مارکسیان Marqussian) کە لە دورگەکانی باشوری رۆژهەلاّتی ئاسیا دەژین, هەروەها تیرەی (تۆداس Todas) لە هندستان. لەلای ئەو دوو تیرەیە فرەمێردی باشترین و سروشتیترین جۆری هاوسەرێتییە و دابونەریت هانی دەدەن. ئەم جۆرە هاوسەرێتی —بەتایبەتی لە چاخە سەرەتایی و بەراییەکاندا- پەیوەست بووە بە کەمی و دەگمەنی ژنەوە لەو کۆمەلاّنەدا.

لەم جۆرەدا پەیوەندی ژن و مێردەکان لە سنوری تێرکردنی سێکسی و هاوکاری ئابوری و .. تاد بووە و مافەکانی هاوسەرێتی بەپێی داب و نەریتو یاساکانی کۆمەڵە رێکخراو و دیاریکراو بووە. بەلاّم ئەگەر ژنێك یەك مێردی هەبووایە ئەوا داب و نەریت رێی داوە پەیوەندی سێکسی بە پیاوی ترەوە — برا و بێگانە — ببەستێ بەبێئەوەی ئەو پەیوەندییانە ئەرك و مافەکانی هاوسەرێتی لەخۆ بگرێت, لەم حاڵەتانەدا بە فرەمێردی هەژمارنەکراوە. فرەمێردی دوو شێوەی سەرەکی بەخۆوە دەبینێت:

1- فرەمێردی بێگانە: لەلای تیرەی مارکسیان ژنانی چینە بالاّکان بۆیان هەیە لەگەڵ چەند پیاوێکی تریشدا هاوسەرێتی ببەستن کە هیچ جۆرە خزمایەتییەکیان لەگەڵیدا نەبووە, بەلاّم لە دۆزەکانی لێپرسراوێتی ئابوری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەمەجۆردا بۆ ژنەکە بەشدارییان کردووە و کاروبارەکانیان بەرێوەبردووە و فەرمانەکانی ژنەکەیان جێبەجێکردووە.

2- فرەمێردی خزمانە: ئەم شێوەیە لەلای تیرەی تۆداس لە هندستان پیادەدەکرێت و چەند برایەك مێردی یەك ژنن و, ئەرك و

مافـەکانی هاوسـەرێتی بەشـێوەیەکی رێـك و پێـك کۆمـەڵ لەنێوانیانـدا دابەشـی دەکـات, بـەڵام بـاوکێتی منـداڵ بـە مەراسـیمێکی دیـاریکراو دەسەلمێنرێت. لەم کۆمەڵیەدا باوکایـەتی دیاردەیـەکی سروشـتی نییـە تـا پشـــت بـــە فاکتـــەرە بـــایولۆژی و سروشـــتییەکان ببەســـتێت, بـــەڵکو دیاردەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی دەســـتکردە و بەرئـــەنجامی مەراســـیمێکی دیاریکراوە لەکاتی دووگیانیدا یان پاشتر, و منداڵ دەکرێتـە کـوڕی یـان کچی یەکی لەو برا مێردانە.

4- کۆ هاوسەری Group Marriage

بریتییە لە هاوسەرێتی چەند پیاوێك لەگـەڵ چـەند ژنێکـدا لـە هەمانکاتـدا, تیایدا هەریەکە لەو پیاوانە مێردی هەر ژنێکن لەو ژنانە لە یەك کاتدا. ئەم جۆرە هاوسەرێتییە لە چـاخە سـەرەتاییەکانی مێـژوودا هـەبووەو بـە کـۆنترین جـۆری هاوسەرێتی هەژماردەکرێت کە کۆمـەڵی مرۆڤایـەتی بەخۆیـەوە دیویـەتی. بـەڵام تەنانـــەت لـــەو سەردەمانەشـــدا وەك بنەمایـــەکی گشـــتی رووینـــەداوە, بـــەڵکو بنەمایەکی جیا بووەو لەگەڵ جۆرەکانی تردا ئەم هاوسەرێتییەش بینراوە.

ئەمڕۆ وێنەی ئەم هاوسەرێتییە لەلای کۆمەڵێك لە کۆمەڵە سـەرەتاییەکاندا بـوونی هەیـە و دەردەکـەوێت ئـەویش لای تیرەکـانی (کـاینگ کـانگ Kaing kang) لـە وڵاتـی بـەرازیل. لـە توێژینەوەیەکـدا کـە بـۆ ئـەو تیرانـە کـراوە, دەردەکەوتووە لە ماوەی (100) ساڵدا رێژەی لە 62٪ لە کۆهاوسەرێتی بـووە و لە 14٪ فرەمێردی و لە 18٪ فرەژنی و لە 6٪ تاك هاوسـەری بـووە. هـەروەها تێبینی ئەوەش کراوە کە پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی بازنـەی هاوسـەرێتیدا — لەلای ئەو گروپانە- بێکۆت و بەند و رێ پێدراو بوو بـەڵام پەیونـدی نێوانیـان لـە

زۆربەی جارەکاندا هیچ لێپرسراوێتیەکی ئابوری و ئـەرك و مـافی لەخۆنـەگرتووە, ئەمەش وای لە هەندێك لە شارەزایان کردووە بڵێین پەیوەنـدی لـەم جـۆرە ناکرێـت بەکۆ هاوسەری یان گروپایەتی ناوزەد بکرێت.

**هاوســەرێتی بــەپێی ئــەو لایەنــەی کــە گرێبەســتی هاوســەرێتی لەبەردەمدا دەبەسترێت, بەسەر ئەم شێوانەدا دابەشدەکرێت:**

-1 هاوســەرێتی شــەرعی Religious Marriage یــان یاسایی:

ئـەو هاوسـەرێتیەیە لەبـەردەمی لایـەنێکی شـەرعی ئـایینیدا گرێدەدرێـت و دەبەسـترێت وەك قـازی یـان پیـاوی ئـایینی – شـێخ یـان باوەڕدارێـك – یـان لـە کەنیسەدا یان لەلای کاهینێك.. تاد. ئەم شێوەیە لە زۆربەی کۆمەڵە سەرەتایی و شارستانییەکاندا پـەیڕەو دەکرێـت, لـە هـەموو کۆمـەڵ سـەرەتاییەکاندا پیـاوی ئـایینی لێپرسـراو بـووە لەسـەر گرێـدان و پێکهێنـانی پـەیمانی هاوسـەرێتی و ڕێورەسمەکانی و, هەمان حـاڵیش لـە هەنـدێك کۆمـەڵی شارسـتانیدا دەبینرێـت, بەڵام لە هەندێك لەو کۆمەڵیانەدا پێویست بەوە دەکـات پـەیمانی هاوسـەرێتی لـە فەرمانگە رەسمییەکانـدا تۆماربکرێـت سـەرەڕای گرێـدانی لەبـەردەمی دەسـەڵاتە ئایینییەکاندا.

-2 هاوسەرێتی مەدەنی: Civil Marriage

ئەم هاوسەرێتییە بەپێی پەیماننامەیەك دەکرێت کە هەردوو لایەن لەبـەردەمی لایـەنێکی رەسمـی حکومـەتی لێپرسـراودا ئیمـزای دەکـەن دوای ئـەوەی مـەرجی پێویست جێبەجێ دەکەن و هەندێك باجی رەمزی دەدەن. ئەو لایەنە حکومییەش وەك نوسینگەکانی دادنووس یـان هەنـدێك نوسـینگە و بریکـاری مۆڵـەت پێـدراو

لەلایەن دەوڵەتەوە یاخود لە لای دادگای مەدەنی دەکرێت. ئەم شێوەیە لە زۆربەی کۆمەڵ نوێیە ئازادەکاندا پراکتیزە دەکرێت و رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە.

3- هاوسەرێتی عورفی: Common Law Marriage

ئەو هاوسەرێتی‌یە لەسەر بناغەی رێکەوتنی هەردوو لایەن بەرقەرار دەبێ و وەك ژن و مێرد بەیەکەوە ژیان دەگوزەرێنن بەبێ پشت بەستن بە بڕیارێکی دیاریکراو یان گرتنەبەری رێورەسمی باو و دارێژراو لەلایەن دابو نەریت و یاساکانەوە و, لەلای هیچ لایەنێکی رەسمی و ئاینی تۆمارناکرێت, لێرەدا ژن هیچ مافێك یان میراتیەکی ناکەوێت, هەروەها منداڵەکانیش هیچ میراتی‌یەکیان لە باوکەوە پێنابڕێت تەنها لەو بارەدا نەبێت کە بسەلمێنرێت منداڵی بەخێوکردوە تەنانەت ئەگەر منداڵەکە زۆڵیش بێت (ئەم حاڵەتە لە عێراقدا هەیە).

ئەم شێوەی هاوسەرێتی‌یە لە زۆربەی کۆمەڵە کۆن و نوی‌یەکاندا باو و پەسەند بووە لە ئەوروپا هەتا سەدەکانی ناوەڕاستیش هەموو چین و توێژەکان پیادەیان کردووە بەڵام کڵێسەی رومانی هەڵیوەشاندۆتەوە, دوای ئەوەی جەختی کردووە لەسەر گرێدانی پەیمانی هاوسەرێتی لەبەردەمی لایەنی ئایینی‌دا, هەروەها ئەو مەرجەشی داناوە کە دەبێت چەند شاهیدێك هەبن تاکو بەڕەسمی بناسرێت. بەڵام سەبارەت بە رێبازی پروتستانتی هاوسەرێتی عورفی وەك خۆی ماوەتەوە و بەپەسەندی دەزانن بەڵام وەك هاوسەرێتی مەدەنی و شەرعی تەماشای ناکەن و لە بارێکی جیاوازدایە, وەك نەبوونی مافەکانی نەفەقە و میراتی لە مێردەکەی و, منداڵیش هیچ میراتیەکی لە باوانەوە بۆ نامێنێتەوە تەنانەت ئەگەر زۆڵیش نەبێت.

www.pertwk.com

دیــد و بۆوچــونەکان لــەبارەی هاوســەرێتی عورفیــەوە — لــە کۆمەڵــە جیاوازەکاندا — وەك یەك نین و جیاوازییان لەنێواندا بەدیدەکرێت, هەندێك پێیـان وایە ئاساییـیە و دەبێت لـە هـەموو شـتێکدا وەك هاوسـەرێتی ئاسـایی تەماشـا بکرێ و, هەندێکی تر جیای دەکەنەوە لە هاوسەرێتی ئاسایی, هەندێ گروپـی تـر دەڵـێن دەبێـت بەرقـەرار بێـت ئەگـەر مەرجـەکانی هاوسـەرێتی ئاسـاییش تـەواو نـەکات, لەلایـەکی تـرەوە بـە نادروسـت هـەژماردەکرێت چـونکە مەرجـەکانی هاوسەرێتی ئاسایی تیادا نییـە. لێـرەدا پرسـیارێك دەکرێـت: بۆچـی ئەوانـە رێی پێدەدەن و سـیفەتی رەسمیشـی نادەنـێ؟ یـان بۆچـی رێی پێـدەدرێت و تۆمـاریش ناکرێت و, وەك هاوسەرێتی ئاسایی هەژمار ناکرێت؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەوەیـە: رێدان بـەم هاوسـەرێتییە لـە هەنـدێ بـاردا بۆئەوەیە منداڵ چاودێری بکرێت و بە زۆڵ ناوزەد نەکرێت و, هـەروەها مافـەکانی ژنیش بپارێزرێت.

ئەم جۆرە هاوسەرێتییە چەندین شوێنەوار و گرفتی هەمەجۆری لێدەکەوێتـەوە بەتایبەتی لە دوای مردنی لایەنێکیانەوە (یان مردنی هەردوکیان — ژن و مێـرد), رەنگە لە دوای مردنی پیاوەکەوە کێشەکان زیاتر دەربکەون, کاتێـك ژنەکـە داوای مافەکانی خۆی و منداڵەکانی دەکات لە میراتـیدا و, هەوڵـدەدات بیسـەلمێنێت و هەمو کەرەسەیەك بەکاردەهێنێت. رەنگە لە دوای مردنی مێردەکـەوە ژنـی دووەم دەربکەوێت و هەوڵبدات بە شاهید (رەنگە ساختەش بێـت) بیسـەلمێنێت کـە ژنـی عـورفی ئـەو پیـاوە بـووەو لـە مافـەکانی هاوسـەرێتیدا بکەوێتـە ململانێـی و پێشبڕکێوە لەگەڵ ژنە راستەقینەکەی پیاوەکەدا. رەنگە پیاوەکـە لـە ژیانـدا بـێ و ژنێکـی تـر بهێنـێ و ژنەکـەی یەکـەمی هەوڵبـدات و شـاهێد پەیـدا بکـات بـۆ

سەلماندنی ئەوەی کە ئەم ژنە تازەیە عورفییە, واتا هاوسەرێتییەکە عورفییە بەمەش لەکاتێکدا کە ئەو کۆمەڵە تەنها بڕیاری لەسەر تاك هاوسەری دابێت, لەم بارەدا بە تاوانی فرەژنی هەژمار دەکرێ و پیاوەکە دەبێت سزا بدرێت.

سەرەڕای ئەم هەموو لایەنە خراپەی هاوسەرێتی عورفی, کەچی هێشتا زۆربەی کۆمەڵەکان بە دەقێکی یاسایی راشکاوانە, ئەم هاوسەرێتییە بە نادروست و تابۆ وەسف ناکەن, هەندێ کۆمەڵ لە یاساکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هاوسەرێتی عورفی وەك هاوسەرێتی شەرعی یان قانونی وایە بە هەموو شوێنەوارەکانیەوە ئەگەر هاتوو ماوەیەك بەسەریدا تێپەڕێت (بۆ نموونە لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێت).

4- هاوسەرێتی چێژ (المتعه) یان کاتی (المؤقت)

هەندێك کۆمەڵ جۆرێك لە هاوسەرێتی پیادەدەکەن پێی دەوترێت هاوسەرێتی چێژ یان کاتی کە هەردوو لایەن پەیمانێکی هاوسەرێتی دەبەستن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو چەند رۆژێك یان چەند هەفتەیەك یاخود بۆ چەند مانگێك درێژە دەکێشێت لەبەرامبەر بڕێ پارە یان کرێیەکی دیاریکراودا, بە تەواوبونی ئەو ماوەیەش پەیمانەکە هەڵدەوەشێتەوە و رۆڵی نامێنێت بەبێ ئەوەی پێویست بە جیابوونەوەی ڕەسمی بکات, هەروەها هەردوو لایەنەکە بۆیان هەیە ئەو پەیمانە درێژبکەنەوە بۆ ماوەیەکی تر لەبری کرێیەکی تردا, رەنگە پەیمانەکە بەبێ بوونی شاهیدیش ببەسترێت وەك ئەوەی پیاوەکە بە ژنەکە بڵێت: تۆم کرد بە هاوسەری چێژ یان کاتی خۆم, ئەویش بڵێت پەسەندم کرد.

ئەم جۆرە هاوسەرێتییە لە هەندێ کۆمەڵی کۆن و نوێدا پیادەکراوە وەك ولاتی فارس و هەندێ ولات لە ئاسیا و ئەفریقا, ئەم جۆرەش لە کۆندا, لە رۆژانی

جەنگ و کۆچ و ڕەوی درێژخایەندا سەریهەڵداوە, بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەو ناوچانەدا دەردەکەوێت کە سەردانی ئایینی تیادا زۆرە, یان کاتێك پیاو" کەسوکار و ژنەکەی بەهۆی سەفەرێکی درێژەوە بەجێ دەهێڵێت یان لەکاتی شەڕی درێژخایەندا, ئەم جۆرە هاوسەرێتی‌یە ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێراندا بەڕادەیەکی گەورە پیادە دەکرێت. لە هەندێ ناوچەی تردا بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پێداویستی هەنوکەیی‌یەوە پیاوان پەنایان بردۆتە بەر ئەم جۆرە هاوسەرێتی‌یە, بەڵام بەهۆی پەرەسەندنە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌یەکانەو وردەوردە ئەم دیاردە بەرەو دیارنەمان چووە چونکە لەگەڵ بارو ڕەوشی هاوچەرخدا ناگونجێ و شوێنەواری نێگەتیفی زۆری لێدەکەوێتەوە ئەمڕۆ زۆربەی ڕۆشنبیران و پارێزگارە سونی و شیعەکان وەکو یەك ڕەتی‌دەکەنەوە و بەباشی نازانن. (شایانی باسە بۆچوون و مەزهەبە ئیسلامی‌یەکان, سەبارەت بە هاوسەرێتی چێژ جیاوازییان لەنێواندایە, مەزهەبی سونی بە دروستی نازانێ و تابۆی کردووە, بەڵام مەزهەبی شیعە لەبەر هەندێ بارودۆخی دیاریکراو بە دروستو حەلاڵی دەزانێ).

**هاوسەرێتی بەپێی ئەو وابەستە دارایی‌یانەی پەیوەنددارن, بەسەر ئەم جۆرانەدا دابەشدەکرێت:**

1- هاوسەرێتی بەشیربایی

بۆ تەواوکردنی هاوسەرێتی لێرەدا پێویستە هەردوولایەن لەسەر ئەوە ڕێکبکەون بڕێك پارەو پوول وەك قەرەبووکردنەوە بدرێت بە کەسوکاری ژنەکە, ڕەنگە قەرەبوونەوەکە لەشێوەی نرخی بووك (Bride Price) یان هاوسەرێتی کڕین (Marriage by Purchase) دابێت. ئەم جۆرە هاوسەرێتی‌یە لە لای هەندێ تیرەی سەرەتایی باو و بڵاوبووە, لە زۆرێك لەو کۆمەڵانەدا وا تەماشای

هاوسەرێتی دەکرێت کە بریتییە لـە کڕینـی ژن و, بـەپێی ئـەو پەیمانـەی ژنەکـەی تیادا دەکرێت, ژنەکە دەبێتە موڵکی پیاو وەك هەر موڵکێکی تـر (خانوبـەرە و مەڕوماڵات) و دەکرێت ئەم دەست و ئەو دەست بکات و بە میرات بمێنێتـەوە. لـە کۆمەڵی کۆنی ڕۆمانی و ئاشوریدا ئەم جۆرە هاوسەرێتییە بوونی هەبووە. لـەلای ئاشورییەکان — هەندێ جار — بەمەبەستی فرۆشتنی کچەکانیان — ئەوانەیان کـە گەشتبوونە تەمەنی شووکردن — ساڵی جارێك دەهێنرانە شوێنێکی دیـاریکراوەوە و, دەڵاڵ دەستی کردووە بە فرۆشتنیان بە نرخی جیاواز (ئەمەش بـەپێی جـوانی و پلەوپایە و دەستڕەنگینی و هەندێ خەسڵەتی تـر. بەمـەرجێك کڕیـار بیکـات بـە هاوسەری خۆی.

لە هەندێ کۆمەڵی تردا هاوسەرێتی لەشێوەی کڕینـی وێنـەییدا بـوە, تیایـدا ئەو نرخەی کەسوکاری بووك لە کەسوکاری زاوای وەردەگرن دەبێت یەکسـان بێـت بەو بڕە دیاریانەی کەسـوکاری بـووك پێشـکەش بـە کەسـوکاری مێـردی دەکـەن و ڕەنگە کەمتریش بێت. لەلای تیرەکانی کارگیز Kargis کەهەندێ تـیرەی تـورکن لـە باشـوری ڕۆژئـاوای سـیبریا — هاوسـەرێتی بەشـێوەیەکە بـاوك — دوایئـەوەی کوڕەکـەی دەگاتـە تەمـەنی (10) سـاڵی — بـووك دەکرێـت بـۆ کوڕەکـەی وەکـو هاوسەر, دوای ئەوەی پێشەکی لەسەر نرخێکی دیاریکراو ڕێکدەکـەون و, زۆرجـار چەند سەرێك مەڕوماڵات یان شتی ترو پاشان بەشێوەی قیسـت بـە چـەند جارێـك ئـەو نرخـە بـە ڕێکـوپێکی دەدرێـت بـە کەسـوکاری بـووك, دوای ئـەوەی زۆربـەی قیسـتەکان بـە کەسـوکاری بـوك دەدرێـت ئەوسـا ڕێ دەدرێـت کوڕەکـە سـەردانی دەسـتگیرانەکەی بکـات و, نابێـت بەهاوسـەری ئەگـەر تـەواوی قیسـتەکان

www.pertwk.com

وەرنەگیرێت, ئەوکاتەش ژنەکە دەبێتە موڵکی مێردەکە و لەوکاتە بەدواوە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ کەسوکاریدا دەپچڕێت و کۆتایی پێدێت.

لەلای هەندێ تیرەی هەداستا Hadasta ی هندییەسوورەکان کە لە باکوری ویلایەتی داکوتای ژورودا نیشتەجێن, هاوسەرێتی بە کڕین سەبارەت بە ژنەکە لە بالآترین و شەرەفمەندانەترین ئاستدایە و, تەنها لە شووکردنی یەکەمیدا کڕین هەیە, گەرچی مێرد ژنەکەی کڕیوە بەلآم دەسەلآتی بەسەر ژنەکەیدا زۆر لاواز و کەمە بەڕادەیەك لە قۆناغی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتیاندا مێردەکە دەبێتە خزمەتکاری خۆی و کەسوکارەکەی (مەبەست لە ماڵی باوکی ژنەکەیە). بۆیە لێرەدا کڕینەکە لەشێوەی ئاڵوگۆڕی دیاری گرانبەهادایە.

لە هەموو بارەکاندا دوو راستی سەرەکی دەردەکەون کە بریتین لە:

1- ژن خاوەنی بەها و بایەخە و لەڕووی ئابوریەوە کالایەکی پڕ بایەخ و گرنگەو, بەبێ بەرامبەر ماڵی باوکی خۆی بەجێ ناهێڵێت.

2- بوونی بیرۆکەی مافی موڵکایەتیکردن کە مێرد بەدەستی دەهێنێت —بە موڵکداریکردنی ژنەکەی- لە رێی کڕینەوە.

هەندێ جار هاوسەرێتی ئاڵوگۆڕە واتا ژن بە ژن, ئەم هاوسەرێتییە لە زۆر کۆمەڵی سەرەتایی و شارستانی (رۆتینی) دا پیادەدەکرێت, ئاڵوگۆڕەکە بەم شێوەیەیە: کچ یا خوشك یان کچی نزیکیان ئاڵوگۆڕ پێدەکەن لەبەرانبەر ئەمەشدا کوڕەکە خوشکەکەی خۆی دەدات بەشوو بە کەسێك بەمەرجێك ئەویش خوشکەکەی خۆی بدات بەم کەسە. ئەم بنەمایە وەك گرنتییەك وایە لەبەرامبەر مامەڵەکردنی رەق و خراپی مێرد و کەسوکاری مێردەکەدا لەگەڵ ژنەکەدا.

لـە کـاتی ژن بەژنـدا, مێـرد هەنـدێك وابەسـتەیی لەئەسـتۆدایە و دەبێـت پارێزگاری لێبکات. لە ئوسترالیا لەلای تیرەکانی کورندین مـارا Cournditen ی ئوسترالیا کچان لەقۆناغی منداڵی‌یەوە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێتو, لەلای تیرەکانی بـارگرانگی Bargerang ئوسـترالیا لـەنێوان تـیرە جیاجیاکانـدا ئاڵوگۆڕیـان پێدەکەن.

جۆرێك هاوسەرێتی لە گوندەکانی عێراقدا بـەدیدەکرێت کـە پێـی دەوترێـت هاوسەرێتی خوێنبایی, ئەم جۆرەش لـەکاتی کوشـتنی کەسـێکدا ئەنجامـدەدرێت, کەسوکاری بکوژەکە کچێك یان چەند کچێك پێشکەش بە کەسـوکاری کوژراوەکـە دەکەن بۆئەوەی ببنە هاوسەری پیاوەکانیان, مەبەست لەم کـارەش چـاندنی تـۆوی خۆشەویستی و لێبوردنـە لـەدوای رق و کینـە و دوژمنایەتی‌یـەوە, واتـە هـەردوو خێزانەکە بە پەیوەندی زاوایـەتی گرێـدەدرێ و منـداڵی ئـەم جـۆرە هاوسـەرێتی‌یە رۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن لە کوژاندنەوە ئاشوبی دوژمنایەتی‌یەکەدا. شایانی باشـە ژمارەی ئەو کچانەی لە خوێندا دەدرێن, پشـت بـە پلەوپایـەی کەسـە کوژراوەکـە دەبەستێت.

2-هاوسەرێتی بەبێ شیربایی

ئەم جۆرە بـە ئـاڵوگۆڕکردنی دیاری‌یـەکی هـاونرخ و هاوبـەها ئـەنجام دەدرێـت یاخود بـەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێکی مـادی یـان مانـەوەی پێشـکەش بکرێـت ئـەم هاوسەرێتی‌یە گرێ دەدرێت, یان هـەڵاتنی هـەردوو لایەنـە (رەدوکـەوتن) یـان بـە رفاندن دەبێـت, بـۆ نمونـە رەدوکـەوتن یـان هـەڵاتنی هـەردووکیان Elopment دیاردەیەکی ناسراوە لە زۆربەی کۆمەڵ سەرەتایی و شارسـتانی‌یەکاندا, تێڕوانینـی هەر کۆمەڵێـك بـۆ رەدوکـەوتن جیـاواز لـەتێڕوانینی کۆمەڵێـەکی تـر, بـەڵام لـە

www.pertwk.com

هەموو کۆمەڵکانـدا بـە ڕەزامەنـدی و ڕێکـەوتنی هـەردوولا دێتـە دی و زۆربـەی جاریش کەسوکاریان دژ بەو هاوسەرێتی‌یەن.

لە کۆمەڵە سەرەتایی‌یەکاندا هاوسەرێتی هەڵاتنیان بە دەستدرێژیکردن بۆسەر مافی هەردوو خێزانەکە هەژمارکردووە, بۆیە شـوێن پێیـان هـەڵگرتوون‌و لـەکاتی دۆزینەوەی شوێنەکەیاندا سزایان داون, سزاکەش بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵەکـە دیاریکراوە, لە هەندێ کۆمەڵدا سزاکە بریتی‌بووە لە جیاکردنـەوەیان لەیـەکتری و, ئەگەر بۆ جاری دووەم هەڵاتنایە ئەوا لێیـان خـۆش دەبـوون و وازیـان لێـدەهێنان, بەڵام ئەگەر لەپاش ماوەیەك بدۆزرانایەتەوە و ژنەکە منداڵێکی ببوایە لەم بـارەدا لێیان خۆش دەبون و هاوسەرێتی‌یەکەیان پەسەند دەکرد.

بەڵام هاوسەرێتی رفاندن, بریتی‌یە لە دەسـتکەوتنی ژن لـەرێی هێـزەوە بـەبێ ڕەزامەنــدی خــۆی و خێزانەکــەی, ئەمــەش پێشــێلکردنی مافــەکانی خێــزان و گروپەکەیە و, زیاتر لە کۆمەڵی سەرەتایە تیرەیی‌یە رۆیتنی‌یەکاندا دەردەکەوێت, لە رووی کۆمەڵایەتی و یاسایی‌یەوە سزای بۆ دانراوە, جۆری سزا و بـڕی سـزاکەش لـە کۆمەڵێکـەوە بـۆ یـەکێکی تـر دەگۆڕێـت, بـۆ نمونـە لـەلای تیرەکـانی کـورین (Kurin) و تیرەکانی باشوری وێڵزی نوێ ئەم جـۆرە هاوسـەرێتی‌یە دیاردەیـەکی ناسراوە و سزایەکی ئەوتۆ نادرێـت و پاشـان رفێنـەر و رفێنـراو لـە رووی شـەرع و یاساوە دەبنە هاوسەری یەکتری ئەگەر ئەم مەرج و بارودۆخانە لەئارادا بێت:

1- دەبێ کچ و کوڕەکە سەر بە هەمان چینی کۆمەڵایەتی بن.
2- ژنەکە دووگیان بێ و منداڵی یەکەمی ببێت.
3- کەسوکاری مێرد لە کوشتاردا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت.

4- به خوشك يان به كچێكی خزميان قەرەبووی بكەنـەوە, واتـا كەسـوكاری كوڕەكە كچێك بدەن بە كەسوكاری كچەكە.

رەنگە هاوسەرێتی بە رفاندن شـێوازێك بێـت لـە تۆڵەسـەندنەوە لـە گروپێكـی دیـاریكراو, لـەم بـارەدا كچـە رفێنراوەكـە دەدرێـت بـە یـەكێ لـەو پیاوانـەی كـە رفاندوویانە, پیاوەكە مافی ئەوەی هەیە بەپێی ڕێورەسمێكی دیاریكراو بیكات بـە هاوسەری خۆی.

## دوو جۆر هاوسەرێتی هەیە كە بەرئەنجامی تـابۆی سێكسـین لـەنێوان تاكەكەسانێكی دیاریكراودا, ئەوانیش بریتین لە:

1- هاوسەرێتی دەرەكی: Exogamy

ئەمە هاوسەرێتی نێوان كوڕ و كچێكە كە نامۆن بەیەكتری و هەریەكەیان سەر بە گروپێكی جیاوازن, واتـە هاوسـەرگرتن لـەنێوان ئـەو كەسـانەدا قەدەغەیـە كـە پەیوەنـدی خزمایـەتی راسـتەقینە یـان دروسـتكراویان لەنێوانـدا هەیـەو ئـەم حەرامكردن و بەدروسـت نەزانیـە چـەند وێنەیـەك بـەخۆوە دەگرێـت, وەك ئـەوەی هاوسەرگرتن لەنێوان ئەو تاكەكەسانەدا نادروست بێت كە بەرەی یەك سكن لـەنێو تیرەیەكدا, بەواتایەكی تر لەو كۆمەڵە سەرەتاییيانەدا كە رێكخـراوی دایكایـەتی تیایدا دەردەكەوێت, یان لەنێوان نەوەكانی پـوردا (خوشـكی بـاوك) یـان ئەوانـەی هەڵگری هەمان ناونیشانی خێـزانین, ئەمـەش لەبەرئـەوەی گوایـە پەیوەندیيـەكی خزمایەتی لەنێوانیاندا هەیە.

رەنگە حەرام كردنەكە لەنێوان ئەو گروپانە بێت كە لە ناوچەیەكی دیاریكراودا نیشتەجێن و, هیچ جۆرە پەیوەندیەكی خزمایەتیش لەنێوانیاندا نەبێت وەك تـیرەی

www.pertwk.com

(ئۆنا) ی سەرەتایی لە ئەمریکای باشور, بەهەرحاڵ هاوسەرێتی دەرەکی لە زۆربەی کۆمەڵەکانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت بە سەرەتایی و شارستانییەوە.

2- هاوسەرێتی ناوخۆیی Endogamy

لەم چەشنە هاوسەرێتییەدا تاکەکانی گروپەکە پێویستە لەنێوان خۆیاندا ژن و ژنخوازی و هاوسەرێتی ئەنجام بدەن و بەدەر لە گروپەکەی خۆیان بە تابۆی دەزانن, لەوانەیە هاوسەرێتییەکە لە سنوری خێزانێك یان خێڵ و تیرەیەك تێنپەرێت, هەندێ جاریش لەنێوان دانیشتوانی یەك گەرەك یان یەك لادێ و شاردا ئەنجام دەدرێت, ئەم وابەستەبوونەش کارکردی داب و نەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵ.

هاوسەرێتی سەرکەوتوو:

لەبەر بایەخی هاوسەرێتی لە بەردەوامبوونی یەکەی خێزان بەتایبەتی و کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی, زۆرێك لە زاناکانی سوسیولۆژیا لێکۆڵینەوەکانیان ئاراستەی هاوسەرێتی سەرکەوتوو کردووە و بە دوای بنەماکانیدا گەراون و لە چۆنیەتی گەیشتن بە سەرکەوتنی هاوسەرێتییان کۆڵیوەتەوە. هاوسەرێتی سەرکەوتوو بەو واتایە نایەت کە نموونەیی (میپالی) و کامڵ بێت و هیچ کەم و کورتی و کێشەیەکی تیادا نەبێت, چونکە هیچ هاوسەرێتییەك نموونەیی نییە و گەیشتن بەو کامڵ بوونەش ئەستەم و مەحاڵ و دەگمەنە.

پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە سەختە بتوانرێت و هەوڵبدرێت بۆ ریزبەندکردنی هەندێ سیفاتی دیاریکراو و کامڵ تاکو وەسفی مێرد یان ژنی پێبکەین و بڵێین ئەم خەسڵەتانە ئەگەر هەبوون, ئەوا لە ژیانی هاوسەرێتییاندا سەرکەوتوودەبن, خۆ ئەگەر لایەنە باشەکانیشمان کۆکردەوە و ئەوا ئەستەمە هەموو ئەو خەسڵەتانە لە یەك کاتدا لە یەك کەسدا بوونیان هەبێت.

هەرچەندە ناکرێت خەسڵەتە کەسیی‌یەکان کە یاریدەرن بۆ سەرکەوتنی هاوسەرێتی کۆبکەینەوە و دەستنیشانی بکەین, بەڵام هەندێ توێژینەوە لە هەوڵی دیاریکردنی ئەو خەسڵەتانەن, کە بەناوبانگترینیان توێژینەوەکەی (تیرمان) ە کە بەسەر (792) خێزاندا — ژن و مێرد — ئەنجامی داوە و بۆی دەرکەوتووە, ئەم خەسڵەتانەی کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە گرنگترین سیفاتی ژنن لە سەرکەوتنی هاوسەرێتی‌دا:

1- سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر کەسانی ترو دەبێت لە مامەڵەکردنیاندا بەرجەستەیان بکات.
2- رەفتارکردن بەشێوەیەکی سروستی نەك دەستکرد.
3- هاوکاریکردن بەرادەیەکی زۆر لەگەڵ کەسانی تردا لە رۆڵە سەرەکی و لاوەکی‌یەکاندا.
4- لێبوردن و پەسەندکردنی ئامۆژگاری کەسانی تر.
5- ئەنجامدانی ئەو کار و چالاکی‌یانەی کە چێژ و خۆشی بۆ کەسانی‌تر دەهێنێت.
6- رێکخستنی کاروبارەکانی خۆی.
7- گەشبینی لە فەلسەفەی ژیاندا و میانرەوی لە دید و بۆچووندا (بەرامبەر بە ئایین و ئاکار و سیاسەت و ئابوری).
8- خەرجکردنی پارە و پوول بەشێوەیەکی مامناوەندی.
9- حەزکردن بە یارمەتیدانی کەسانی تر.

*بەڵام سەبارەت بە خەسڵەتەکانی مێردی سەرکەوتوو لە ژیانی هاوسەرێتی‌دا, ئاماژە بۆ ئەم خەسڵەتانە دەکات:*

1- بوونی کەسێتی هاوسەنگ و جێگیر و ئارام لە ڕووی سۆز و عاتیفەوە.
2- هاوکاریکردنی کەسانی تر بەتایبەتی لەگەڵ لێپرسراو و سەرۆکەکان و خانماندا.
3- باوەڕبوون بە یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا.
4- یارمەتیدانی لاواز و بێدەستەڵاتەکان.
5- بڕوا بەخۆبوون لەنێو گروپەکاندا.
6- چالاکی لە کار و کردەوەکانیدا.
7- بەرگەگرتنی لێپرسراوێتی بە رادەیەکی زۆر.
8- رێکخستنی ژیانی خۆی و, حەزکردن بە رێکخستن لە کاروبارەکانیدا.
9- گەشبینی لە فەلسەفەی ژیاندا و میانڕەوی و هاوسەنگی لە دید و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئابورییەکاندا.
10- پەیوەست بون بە بەها ئاکاری و سێکسییەکانەوە.

## بنەماکانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو:

سەرکەوتنی هاوسەرێتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە چەمك و ئامانجەکانیەوە هەیە, ئەم چەمك و ئامانجانەش بەپێی کۆمەڵ و شارستانێتییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت, هەروەها سەرکەوتنی هاوسەرێتیش واتای جیاواز وەردەگرێت بە جیاوازی کۆمەڵ و, چین و توێژەکان لەنێو یەك کۆمەڵدا. ئەو هاوسەرێتییەی لە کۆمەڵێکی رۆتینیدا بە سەرکەوتوو دادەنرێت, رەنگە لە کۆمەڵێکی کراوە و ئازادیخوازدا بە سەرکەوتوو هەژمار نەکرێت, لە کۆمەڵی سەرەتاییدا جیاوازە لە

کۆمەڵی شارستانی, هەروەها چەمکی هاوسەرێتی سەرکەوتوو لە کۆمەڵی کشتوکاڵیدا جیاوازە لە کۆمەڵی پیشەسازی.. تاد.

گەلێك لە زاناکانی کۆمەڵناسی توێژینەوەیان ئەنجام داوە بۆ دیاریکردنی بنەماکانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو, لەم بارەیەوە جیاوازی لە دید و بۆچوونەکانیاندا بەدیدەکرێت و رای جیاوازیان هەیە, لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترینیان:

1- بەردەوامی: Continvety

هاوسەرێتی سەرکەوتوو بەوەدا دەناسرێتەوە کە سیمای بەردەوامی پێودیارە و, بارەکانی هەڵوەشان و بەجێهێشتن و جیابوونەوەی تیادا نییە و بەدی ناکرێت, پێوەری بەردەوامی یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی هاوسەرێتی بەڵام مەرج نییە هەموو پێوەرەکان بێت چونکە دەیان و سەدان ژن و مێرد هەیە لە ژیانی هاوسەرێتییاندا سەرکەوتوو نین و بەردەوامیشن لە ژیانی هاوسەرێتیدا لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و نائارمی و ئاژاوانەشدا کە رۆژانە دێتە رێیان و ناتوانن چارەسەریان بکەن کەچی جیا نابنەوە لەیەکتری.

بۆیە ناکرێت بەردەوامی خێزان و هاوسەرێتی بە سەرکەوتنی هاوسەرێتی هەژمار بکەین, رەنگە هۆیەکانی جیانەبوونەوەیان بریتی بێت لە:

1- بە هیوا بوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.
2- هەستکردنی ژن و مێردەکە بە ئەرکی مانەوەیان – لەبەر بنەماڵەی هەردوولا- کە ئەمەش گرنگترین هەست و نەستی کەسێتییە.
3- بوونی منداڵ و بەرژەوەندی منداڵەکانیان.
4- پەسەندنەکردنی جابوونەوە لەلایەن رای گشتییەوە.

www.pertwk.com

5- حەرامکردنی جیابوونەوە لە ئایندا.
6- کۆت و بەندی یاسایی بۆ جیابوونەوە.
2- پەرەسەندنی کەسێتی:

بەپێی ئەم چەمکە هاوسەرێتی سەرکەوتوو دەبێت بۆ گەشەکردن و گەڵاڵەبوون و پەرەسەندنی کەسێتی ژن و مێرد کاربکات و تیایدا هەردوکیان بواری گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان بۆبڕەخسێ و, هەریەکەیان توانا و بەهرەکانیان پەرەپێبدەن.

ئاشکرایە خیزانی جێگر و ئارام کە لەسەر هاوسەرێتی سەرکەوتوو بنیات نرابێت و تەبایی و ئاسوودەیی تیادا بێت, دەبێتەهۆی ئارامی کەسێتی و پەرەدان بە توانا و بەهرەی ئەندامەکانی, بەپێچەوانەشەوە ئەو هاوسەرێتی‌یەی شکست دێنێ و سەرکەوتوو نییە, هەردەم کێشە و نائارامی‌یەکانی ناوی دەبنە رێگر لە ئاست گەشە و پەرەپێدانی کەسێتی ئەندامەکانی‌دا. لەلایەکی ترەوە هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە ئاسوودەیی لە پەیوەندی هاوسەرێتی و گونجان و لێکتێگەیشتنی ژن و مێرد, مەرج نییە ببێتە هۆی گەشە و پەرەدان بە کەسێتی و هێنانەدی هیوا و ئاواتەکان لە ژیاندا, ئەوەتا مۆسیقارو داهێنەری جیهانی (بیتهۆڤن) کە هەموو تواناکانی خۆی بەرجەستەکردوە و دەیان شاکاری داهێنەرانەی بەرهەمهێناوە و لەریزی بلیمەتەکاندایە, کەچی لە ژیانی هاوسەرێتیدا شکستی هێناوە و ئاسوودەیی نەبینیوە تیایدا, هەروەها سیاسەتمەداری گەورەی ئەمریکا (ابراهام لنکولن) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین سەرۆکەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەمیش لە ژیانی هاوسەرێتیدا

نائاسودە و ناجێگیر بووە. کەواتە ناکرێت بڵێین پەرەسەندنی کەسێتی و هێنانـەدی هیوا و تواناکان, هەر لە ژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوودا فەراهەم دەبێت.

پێویستە بگوترێت ئەم دوو نموونەیەی باسکران, باری دەگمەنن و ناکرێت بینـە بناغـە و پشـتیان پـێ ببەسـترێت. بەشـێوەیەکی گشـتی ئاسـوودەییو ئـارامی و سەرکەوتنی هاوسەرێتی بناغەیە بـۆ پەرەپێـدانی کەسـێتی و بـەدیهێنانی توانـا و هیواکان.

3- تێرکردن و قەناعەتکردن:

ئەو هاوسەرێتی‌یە سەرکەوتووە کە ژن و مێرد تیایـدا لـە ژیانیـان رازی بـن و قەناعەتیان پێی هەبێت واتە گونجاو و تەبا و ئاسوودە بـن. لێـرەدا دەکرێـت بڵـێین بوونی کێشە و جیاوازی لە ژیانی هاوسـەرێتی‌دا, ئـەو واتایـە نـادات کـە ژن یـان مێرد یان هەردوکیان قەناعەتیان بە ژیـانی هاوسـەرێتیان نیـە, چـونکە دیـاردەی کێشە و ناخۆشی تارادەیـەك سروشـتی و گشـتی‌یە بەتایبـەتی لەسـەرەتای ژیـانی هاوسەرێتی‌دا چونکە هەریەك لە دوو رەگەزەکە ئامانج و پێداویسـتی و هەسـت و نەسـتی تایبـەتی خۆیـان هەیـە, ئـەم بـارەش ئەگـەر کاربکرێـت بـۆ رێکخسـتن و گونجاندنیان تـا ببنـە هـۆی تـەواوکردنی یـەکتری, ئـەوا لـە کۆتـایی‌دا یەکەیـەکی توندوتۆڵ و گونجاو دروست دەبێ کە پشـت بـە بنـەمای قەناعـەتکردن و تێرکـردن ببەستێت.

توێژینـەوەکان سـەبارەت بـە قەناعـەتکردن لـە سـەرکەوتنی هاوسـەرێتی‌دا دەریانخستوە کە پیاوان زیاتر لە ژنان, قەناعەتیان بە ژیانی هاوسەرێتی‌یان هەیـە, هەروەها پلە و لایەنەکانی قەناعەتکردنیان بەمشێوەیە دابەشکردووە:

أ- هاوسەرێتی زۆر سەرکەوتوو, ئەوەیە کە ژن و مێرد قەناعەتی تەواوەتی لە هەموو بوارەکانیاندا تیادا بێت.

ب- هاوسەرێتی سەرکەوتوو (بەشێوەیەکی ڕێژەیی) لە هەندێ لایەنیدا قەناعەتکردنی تیا نیە بەڵام لایەنەکانی قەناعەتکردن تیایدا زاڵە.

ج- ئەو هاوسەرێتی‌یەی گومان هەیە لە سەرکەوتنی تیایدا قەناعەتنەکردن هەیە بەڵام ژن و مێردەکە هەوڵ دەدەن زاڵ بن بەسەریدا چونکە پەیوەندی‌یەکانیان بەهێزە و یارمەتی‌یان دەدات.

د- هاوسەرێتی سەرنەکەوتوو, هەردوولایەن قەناعەتیان نی‌یە بەڵام هیچ جۆرە هەوڵێك نادەن بۆ چارەسەرکردن.

هـ- هاوسەرێتی شکستخواردوو (فاشل) هیچ جۆرە قەناعەتێکی لەناودا نییە و ژن و مێردەکە ناچار بە جیابوونەوە دەبن.

3-یەکێتی:

مەبەست لەیەکێتی تێکەڵبوونو ئاوێتە بوونی کەسێتی ژنو مێردە تاکو هەریەکێکیان ئەوی تر تەواو بکات لەپێناوی گەیشتن بەگونجاندنو هێنانەدی بەرژەوەندی هاوبەشی گشتی هەردووکیان.

توێژینەوەکان دەریانخستوە هەندێك فاکتەر دەبنە هۆی ئاوێتە بوونو نزیك بوونەوەو هەندێکی تریش دووریان دەخەنەوە لەیەکتری, ئەمەش بەپێی کەسێتیو بارو رەوشە جیاجیاکان, گرنگترین ئەو فاکتەرانەش بریتیە لە:

1-پلەی ئاڵوگۆڕکردنی سۆزو خۆشەویستی لەنێوان ژنومێردا.

2-باگراوندی شارستانیو رادەی لەیەکچونیان, رەنگە ببێتە هـۆی ئاوێتـە بونیـان یـان دوور خسـتنەوەیان لەیەکتریولەوانەشـە فاکتـەرێکی بێلایـەن بێـتو کاریگەریەکی لاوازهەبێت.

3-گونجاندنی سێکسی.

4-هاوتایی لەفەلسفەی ژیانو ئامانجەکانیانداوبوونی چەمكو بەهای هاوبەش.

5-خولیاو ئارەزوی هاوبەش, سەرەڕای میزاجو سروشتی لەیەکچوو.

6-ئایین ـ هاوئایینی یان جیاوازی ئـایین رەنگـە فاکتـەری بـەهێز یـان لاواز بێـت لەئاوێتە بوندا.

7-بوونی منداڵ ئەگەر بەحەزو ئارەزوی هەردوولا هاتنە درووست بوون, هـاوڕابن لەسەر بوونو ژمارەیان.

8-کەسـوکاری ژنو مێـردو رادەی دەسـت تێوەردانیـان لـەکاروباری ژنومێـرددا, کەببنە هۆی خولقاندنی کێشەو گرفت لەژیانی هاوسەرێتیاندا.

9-هاوڕێو برادەران, بوونی هاوەڕێی هاوبەش رەنگە رولی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ ببینێت لەئاوێتە بووندا.

10-کاروباری دارایی, بوونی داهـاتی مـامناوەنـدیو پاشـەکەوت کـردنو گـرنتی تەندروستیو بوونی بودجەو پلان بۆ خـەرجی ...تـاد بـەباشو بـەخراپ رۆڵـی خۆیان هەیە.

11-ئیرەیی یەکێکە لەفاکتەرە بەهێزەکان بۆ رێگرتن لەئاوێتە بوون, رەنگە غـیرە کردن هیچ بڕوبیانویەکی نەبێت بگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی دەروونیو هەست کردن بەگومانو وەهم, لەم بارەدا دەبێتە هۆی لاوازکردنـی پەیوەندیـەکانو نـەبوونی ئاوێتە بوون, رەنگە غیرە کردن لەهەندێك بیانوی دروستو ماقوڵەوە سەرچاوە

www.pertwk.com

بگرێتو لەبەرئەنجامی تێبینی کردنی هەندێك رەفتاری گومان لێکراوەوە بێت لەلایەن ژن یان مێردەوەو, بەنەمانی هۆکارەکانی ئەمیش بوونی نەمێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئیرەییکردن هەردەم بەرئەنجامی ترسانە لە لەدەستدانی خۆشەویستیو دڵسۆزی لایەنی بەرامبەرو حەزکردن بەپەیوەست بوونو پارێزگاری لێکردنی, لەوانەشە لەئەنجامی حەزی خاوەنداریێتی کردنەوە بێت, بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا ئیرەییکردنی بەهێزو بەردەوام گوزارشت لەدەستچوونی سەروەری دەروون دەکات, چونکە خۆشەویستی راستەقینەو دڵسۆزی تەواوەتی بەگومان بردن یان بەهێز, دەستگیر نابێتو بەڵکو بەخواهیشتو خۆبەخشانە پێشکەش دەکرێت, لەوانەیە لایەنی دوەم پێی قبوڵ نەکرێت بڕواو متمانە لەدەست بدرێتو گومان کردن برینداری بکاتو, وابزانێت ژیان بردنە سەر لەگەڵ کەسێکی ئیرەییکەردا سوکایەتیو ژانو ئەشکەنجەیە.

ئیرەییکردنی بەهێز بەڵگەیە بۆ کامڵنەبوونی کەسێتیو فاکتەرێکی یاریدەدەرە لەدوور خستنەوەی یەکێتیو ئاوێتە بووندا. چونکە غیرە کردن خۆی لەخۆیدا بەتەنها کارناکاتە سەرهاوسەرێتی بەڵکو: دەربڕینو گوزارشتەکانی هەر لەرەخنەگرتنو, گومانبردنو, پرسیارکردنو, داواکاری بۆڕونکردنەوەو, کۆتو بەندکردنی ئازادیەکانو, خستنە رووی توڕە بوونو, دەمارگیریو, لەدەستدانی ڕێزو پیشاندانی باڵادەستیو کۆنترۆڵ کردن... تاد ئەمانە هەموویان گونجاندنی هاوسەرێتی کەمدەکەنەوەو شکست بەپرۆسەی هاوسەرێتی دەهێنن.

12-باڵادەستیو حەزکردن بەکۆنترۆڵکردن ئەبنەهۆی نەگونجانو پەیوەندی هاوسەرێتی دەکەن بەجەنگ لەپێناو شەرەفمەندیو پلاندانان بۆسەرکەوتن, هەرلایەنە لەکۆنترۆڵکردنی بەرامبەرەکەیدا دەبێت.

4-هاودەمی:

واتا بوونی پەیوەندی کەسێتی هەمبەری پشت بەستوو بە لەیەك تێگەیشتنو هاوسۆزیو خۆشەویستیو بڕواو ڕێزگرتنی بەرامبەر. هەروەها بوونی چالاکیو خولیاو ئارەزوی هاوبەش, هەموو ئەم شتانە دەبنە هۆی دروستکردنی هاودەمی پڕ لەئاسودەییو چێژ لەنێوان ژنو مێرداوپاشان سەرکەوتنی هاوسەرێتی.

بوونی خولیای هاوبەش( لەلایەنەکانی وەرزش, مۆسیقا, نیگار کێشان...) هێز دەدەنە بەرپەیوەندی هاوسەرێتیو, جوانو دڵگیری دەکەن لەهەمان کاتدا خولیاو ئارەزووی تاکایەتی ژنو مێرد کەگونجاوبێتو تەواوکەری یەکتربن, چێژی زیاتر بەژیانی هاوسەرێتی دەدات بەمەرجێك تەواو دژ بەیەك نەبن کەببێتە هۆی خولقاندنی کێشەو گرفت لەنێوانیاندا.

ئینجا بۆئەوەی حەزو خولیا هاوبەشەکان ببنە فاکتەری کاریگەر لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندی هاودەمی لەنێوان ژنو مێردا, پێویستە راستەقینەو رەسەن بنو گوزارشت لەناخی کەسەکە بکەن نەوەك رواڵەتی بنو تەنها بۆ خۆدەرخستن بێتو پاش ماوەیەك وەلا بنرێت.

5-خۆگونجاندن:

هاوسەرێتی گونجاو بریتیە لەیەکێتیو یەکڕایی ژنو مێرد لەسەر چەمکەکانو دیدو بۆچونو کاری هەردووکیانو سەرجەم کاروبارەکانی هاوسەریتیو خێزانی.

گونجاندن لەنێوان ژنو مێرددا کاتێك بەسوکیو بەئاسانی بەرقەرار دەبێت ئەگەر هەریەکەیان کەسێتی بەرامبەرەکەی بناسێتو بزانێت حەزو ئارەزوو شێوازی بیرکردنەوەو رەفتارکردنی چۆنەو, جەخت لەسەر ئەو بارە بکاتەوە کەخۆشیو ئاسودەیی بۆ بەرامبەرەکەی دەهێننو واز لەرقو کینەو بێزار کردنو هەراسان کردن بهێنێتو دوور کەوێتەوە لێیانو هانی ئەو شتانە بدات کەئەو پەسەندی دەکات, بەبێ گوێدانە حەزو ئارەزوەکانی خۆی. چونکە تێگەیشتن لەهاوسەری ژیان دەبێتە هۆی چاوپۆشیکیردنی کەمو کورتیەکانی. لەوانەیە زۆر جار خۆگونجاندن لەگەڵ کەسێکدا باشترو چاکتر بێت لەوەی هەوڵبدرێت ئەوکەسە لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت, ئەگەری خۆگونجاندن پێویستی بەسیمای نەرمونیانی کەسێتی هەیە کەئەمیش خەسڵەتێکی گرنگە لەسەرکەوتنی هاوسەرێتیدا.

تاوتویێ کردنی کاروبارەکانو گفتوگۆ کردن لەسەریان, یارمەتی دەرە بۆ دەرخستنی کێشەکانی خێزانو تێگەیشتنیان بەشێوەیەکی ئاشکرا, نەك شاردنەوەو خەفەکردنیان, بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت چارە سەربکرێتو کۆتاییان پیبێت. مەبەستمان لەگفتوگۆ دیالۆگی بەتاڵو بێزەنتی نیە کەتەنها هەر ووشە بێت لەبازنەیەکی داخراودا بسوڕێتەوە, چونکە ئەم بارە دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەکان نەك چارە سەرکردنیان, ئەمەش پێویستی بەلێبوردنو سنگ فراوانیو دوور کەوتنەوەیە لەگیانی خۆپەرستیو توندو تیژی.

6-ئاسوودەیی:

هەندێك کەس پێیان وایە سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی هاوسەرێتی بەندە بەبوونو نەبوونی ئاسوودەیی هاوسەرێتیەوە. ئازادی لەکۆمەڵ ئازادیخوازەتاکایەتیەکاندا مەبەستی سەرەکی هاوسەرێتیەو هێمای سەرکەوتنی

هاوسەرێتیە. گەرچی هەتا ئێستا ڕێکەوتنی گشتی لەسەر ئاسودەی نیەو, چەمکێکی ڕێژەییەو بەجیاوازی تاکەکەسانو بارو ڕەوشەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت. بەلاَم ئەگەر بمانەوێت هەندێك لەداواکاریەکانی ئاسودەیی دەستنیشان بکەین, پێویستە بەشێوەی چۆنایەتیو چەندایەتی بۆ پێکهێنەرەکانی بڕوانینو دەبێت بلێین: ئاسودەیی لەتێرکردنی پێداویستی‌یە بنچینەییەکانی تاکە کەسەوە سەرچاوە دەگرێت: وەك هاودەمیو قەناعەتکردنو گونجانو هاوبەشی کردن لەخۆشەویستیو تێر کردنی سێکسیو حەوانەوەی جەستەو ڕێزگرتنی کەسێتی...تاد.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئاسودەیی چەمکێکی ڕیژەیی‌یەو بەئاسانیو بەوردی نایەتە پێوانە کردن, بەلاَم هەندێك لەتوێژەرەوەکان هەولێانداوە لەسەر بناغەی ئاسوودەیی هاوسەرێتی, مانای سەرکەوتنی هاوسەرێتی لێکبدەنەوەو بەچەند ئەنجامێکی ورد گەیشتوون, ئاسوودەییان دابەشکردووە بۆ چەند پلە یەك وەك: ئەوپەڕی ئاسوودەیی ـ ئاسوودەیی مام ناوەندی ـ نەبوونی ئاسوودەیی ـ نەگبەتی. هەندێکیان بەپشتبەستن بەحوکمەکانی ژنو مێردەکە, بوونو نەبوونی ئاسوودەیی لێکدەدەنەوەو هەندێکی تریشیان پشت بەحوکمەکانی کەسوکارو هاوڕێ یان تێبینی دەرەکی دەبەستن.

ئەو توێژینەوانە لەیەکێك لەئەنجامەکانیاندا دەلێت: زۆربەی ئەو بارانەی لێکۆلێنەوەیان بۆکراوە, ژنو مێردەکە هەستیان بەئاسوودەیی کردووە لەژیانی هاوسەرێتیداو بەسەرکەوتوو ناویان بردووە, بەلاَم ئاماژەشیان بۆ ئەوە کردووە کە کێشەو ناکۆکیش لەنێوانیاندا هەبووە, بەلاَم فاکتەری ئاسوودەیی زالبووە بەسەر

www.pertwk.com

کێشــەکانداو ئــەو بایەخــەی بــۆ نەهێشــتوونەتەوە کــە دەربکــەونو ببنــە ڕێگــری ئاسوودەیی‌و سەرنەکەوتنی هاوسەرێتی.

جگــە لــەم بنــەما یانــەی ئاماژەمــان بــۆکردن, هۆکــاری تــریش هەیــە بــۆ پێوانەکردنی سەرکەوتنی هاوسەرێتی, بەڵام ناکرێت پشت بەیەك پێوەر ببەستین بـۆ لێکدانـەوەی سـەرکەوتن لـەژیانی هاوسـەرێتیدا. بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێـت بڵـێین: ئـەو هاوسـەرێتییە سـەرکەوتووە کـە زۆرتـرین فاکتـەرو بنـەمای تێدابێت‌و کارلێکبکەن بۆ سەرکەوتنی هاوسەرێتی بە شێوەیەکی بەردەوام.

## بەشی هەشتەم
## ڕێکخستنی هاوسەرێتی

ڕێکخستنی هاوسەرێتی دیاردەیەکی دێرینەو دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتی, (ویستەر مارك) دەڵێت هاوسەرێتی نەریتو خویەکی سەرەتایی بووە, پاشان بەهۆی دووبارە بووەنەوەوە پەرەی سەندووەو ڕێکخراوەو ئاراستەکراوەو دواتر بەپێی یاسا ڕەسمییەکان سنووری بۆ دیاریکراوەو خراوەتە چوارچێوەی سیستمێکەوە.

بایەخی ڕێکخستنی هاوسەرێتی لە بەرژەوەندی تاکەکەسەکانو خێزاندایەو دەبێتە هۆی ئارامی دەروونیو دڵنیاییو هەستکردن بەئاسایشو بەرقەرارکردنی خۆشەویستیو دواتر ئارامی ژیانی خێزانیو کۆمەڵایەتیو ڕێگەگرتن لەململانێو پەشێویو ئاژاوە. ئەگەر تاکەکەس لەڕووی دەروونییەوە هەست بەئارامیو دڵنیایی نەکات, ئەوکاتە خێزانیش ئەو جێگیرییەی نامێنێتو ئاژاوەی تێدەکەوێتو شیرازەکەی تێکدەچێتو سیستمی کۆمەڵایەتی لەبەیندەچێتو ژیانی مرۆڤ وەك ژیانی ئاژەڵو گیانلەبەرانی لێدێت.

www.pertwk.com

کەواتە ئامانجی ڕێکخستنی هاوسەرێتی کۆتو بەندکردنو سنوردانان نییە, یان دروستکردنی کێشەو تەگەرەو هان نەدان نییە, بەڵکو مەبەستی سەرەکی لەڕێکخستنی هاوسەرێتی چاودێریو پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولایەنەکەیە (کوڕو کچ) ئینجا ئارامیو جێگیریو خێزانو کۆمەڵە. هەرلەم سۆنگەیەوە زۆربەی یاساکانی هاوسەرێتی سەریانهەڵداوە لەتەواوی کۆمەڵەکاندا بەکۆنو نوێیانەوەو کاریانکردوە بۆ ڕێکخستنی گرێو پەیمانی هاوسەرێتیو ڕێو ڕەسمو وێنەو نەریتو ئەو شوێنەوارانەی لەهاوسەرێتییەوە دەکەونەوەو هەوڵیشدراوە تاکەمترین ڕادە کۆتو بەند دابنرێتو زۆرترین ئازادی فەراهەم بکرێت.

گرێبەستی هاوسەرێتی:

پەیمان یان گرێبەستی هاوسەرێتی" بریتییە لەو بەڵگە ماددیەی کە خەسڵەتی ڕێکخستنو سیستمایەتی بە هاوسەرێتی دەبەخشێت, واتا دەیکاتە سیستمێکی کۆمەڵایەتی باوەڕپێکراو, پەیمانی هاوسەرێتی لەکۆمەڵە سەرەتاییەکانیشدا بوونی هەبووەو خەسڵەتی سیستمو شەرعییەتی داوە بە هاوسەرێتی, چونکە کۆمەڵێك بنەمای باوەڕپێکراو, لەلایەن کۆمەڵەوە هەبوون بۆ ڕێکخستنو داڕشتنی هاوسەرێتیو گرێبەستی هاوسەرێتی خۆی لەخۆیدا بۆپراکتیزەکردنی هاوسەرێتیو چاودێریکردن هاتۆتەبوون.

بەشێوەیەکی گشتی گرێبەندی هاوسەرێتی (ئایینی ئاسمانی بێت یان دنیایی) لەهەموو حاڵەتەکاندا جیاوازی هەیە لەهەموو پەیمانو گرێ ئاساییەکانی تر, ئەمەش ڕاستیەکەو مشتومڕ هەڵناگرێت, ئەم پەیمانە لەنێوان خەڵکی دەبەسترێت

تاکوو سیمایەکی یاسایی بدات بەپەیوەندیەکەو دەوڵەتیش دەبێتە لایەنی سێهەم تیایدا.

هەرچی پەیمانو بەڵێنێك هەیە بواری ئەوەی تێدایە دەستکاری بکرێت, بەڕاستکردنەوەو فراوانکردنو بچوکردنەوەو تەنانەت بەهەڵوەشاندنەوەش بەپێی ئارەزوی هەردوو لایەنەکەو بەوپەڕی ئازادیەوە, بەڵام گرێبەستی هاوسەرێتی بواری ڕاستکردنەوەو گۆڕینو هەڵوەشاندنەوەی تێدا نیە بەڕەزامەندی دەوڵەت نەبێت, چونکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد دەوڵەت لایەنی سێهەمە تێیدا, بۆیە دەکرێت بڵێین پەیمانی هاوسەرێتی گرنگترینو گەورەترین گرێیە لەژیانی تاکە کەسو کۆمەڵدا, ئەم گرێو پەیمانە پیرۆزە دەبێت رێزی لێبگیرێتو پارێزگاری لێبکرێت بۆیە دەبینین هەموو کۆمەڵگاکان بایەخی تایبەتی پێدەدەنو رێکی دەخەنو پارێزگاری لێدەکەنو خەڵکی هاندەدەن بێنە ناویەوەو کۆتو بەندی توندوتیژ لەبەردەمی هەڵوەشاندنەوەیدا دروست دەکەن, لەنێو کۆمەڵگاکاندا بەرز بوونەوەی رێژەی هاوسەرێتی دڵخۆشکەرەو زیادبوونی رێژەی جیابوونەوەی ژنو مێردیش جێگەی نیگەرانیەو بەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەو ترسناك هەژمار دەکرێت. هەرلەبەر ئەمەیە دەروازەکانی هاوسەرێتی هەردەم والآنو دەراوزەکانی جیابوونەوەش تەسكو ئەڵقە رێزی گەورەیان پێوەیە.

مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرێتی:

هەندێك مەرج هەیە پێویستە لەکاتی بەستنی گرێی هاوسەرێتیدا لەئارادا بن وەك:

1-ڕەزامەندی ـ مەرجێکـە لـەگرێی هاوسـەرێتیدا, لەزۆربـەی کۆمەڵەکانـدا ئـەم گـرێو پەیمانــە بەرێکــەوتنو رازی بــوونی هەردوولایەنــە (کــوڕوکچ) یــان نوێنــەرەکانیان دەبەســترێت, بنچــینەی هاوســەرێتی ڕەزامەندیــە, چــونکە هاوسەرێتی خۆی لەخۆیدا بەرێکەوتنی هەردوو لایەنی پەیوەندارــ ژنومێـرد ـ دێتە گرێدانو مافی ئەوەشیان هەیە کەسانی تر بکەن بەنوێنەری خۆیان. بـەڵام ئەگەر ئەو دوولایەنە کامڵ نەبنو توانایان نەبێت لەم بارەدا دایكو بـاوك یـان بــەخێو کــەریان, دەبێــت رازی بــوونی خــۆی لەسەربەســتنی ئــەو پەیمانــە نیشـانبدات. ئەگـەر وانـەبوو ئـەوا ـ لەزۆربـەی کۆمەڵگاکانـدا ـ ئـەو پەیمانـە بێنرخەو هەڵدەوەشێتەوە.

گەرچی ڕەزامەندی هەردوو لایەنەکـە لەزۆربـەی کۆمەڵەکانـدا لـەڕوی تیـۆری یاساییەوە بڕیاری لەسەر دراوە, بەڵام لەژیانی واقعیدا مەسەلەکە بەجۆرێکی ترەو وا تەماشای گرێی هاوسـەرێتی دەکرێـت وەك ئـەوەی لـەنێوان دوو خێزانـدا بێـتو بۆبەرژەوەنـدی ئـەو دوو خێزانــە بێــتو لەســەر ڕەزامەنــدی ئــەوان وەســتابێت, ڕەزامەندی ژنو مێردیش رواڵەتیەو هەندێك جاریش ڕەچاوناکرێتو بوونی نیە.

هاوسەرێتی بەزۆر یان ناچار کـردن (ناچـارکردنی لایـەنێك یـان هـەردووکیان, لەلایەن کەسوکارو بێگانەوە بەبێ ڕەزامـەندیو لەژێر فشاری هەرەشـەو ترسـاندنو ئازارداندا بۆ بەهاوسەر بـوونو بەسـتنی گرێـی هاوسـەرێتی) لـەڕووی یاسـاییەوە, لەزۆربــەی کۆمەڵەکانــدا دژ بەبنــەمای ڕەزامەندیــە, بۆیــە ئــەم جــۆرە گرێدانــە نادروســتەو شـایانی هەڵوەشـاندنەوەیە دەبێـت جیاببنـەوە, تەنانـەت لەهەنـدێك کۆمەڵگادا بەتاوان هەژماردەکرێتو سزای یاسایی بۆ دانراوە.

2- بەپێی یاساکان گرێبەستی هاوسەرێتی بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کـە بـاڵقبوون, ئەگەر دوولایەنەکە نەگەیشتبوونە ئاستی بڕیـاردانو کامـڵ نـەبوبن ئـەوا ئـەم گرێیـە نابەسـترێت یـاخود دەبێـت رەزامەنـدی دایـكو بـاوك یـان بەخێوکـەر وەربگیرێــت بەمـــەرجێك بەشـــێوەیەکی دروســت بێــتو شــوێنەوارەکانی هاوسـەرێتیو بەرژەوەنـدی هـەردولا رەچـاوبکرێت لەلایـەن دایـكو بـاوك یـان بەخێو کـەرەوە. تەمـەننی بـالق بـوونیش لەکۆمەڵێکـەوە بـۆ کۆمـەڵێکی تـر دەگۆڕێت, لەهەندێك کۆمەڵگادا بەشانزە ساڵ دیاری کراوەو لەهەندێکی تـردا بەبیست ساڵو زۆربەی کۆمەڵەکانیش هەژدەیان دیاری کردووە.

3- عەقڵو پەی بردن, واتا ئـەو لایەنـەی دەچـێتە پـەیمانو گرێـی هاوسـەرێتیەوە دەبێـت عاقـڵ بێـت, مرۆڤـی شـێتو کـەم ئـەقڵو, نەخۆشـی ئـەقڵی مانـای هاوسەرێتیو ئەرکەکانی ژیانی هاوسەرێتی نازانێـت, بۆیـە هەرپـەیمانێك یـان گرێیەکی هاوسەرێتی ببەستێت, دروسـت نیـەو ناتـەواوە چـونکە پـەی بـردنو تێگەیشـتنی لەگەڵـدا نییـە. زۆرێـك لەکۆمەڵـەکان بەخێوکـەری شـێتەکەیان سەرپشـك کـردوە بـۆ بەسـتنی گرێـی هاوسـەرێتی بـۆی, بـەڵام لەهەنـدێك کۆمەڵگادا رێ بەمرۆڤی شێتو کەم ئەقڵ نادرێت گرێی هاوسەرێتی ببەستێت لەترسی گواستنەوەی نەخۆشیەکەی بۆ منداڵەکانی, هەندێك کۆمـەڵی تـر دان بەو گرێی هاوسەرێتیەدا نانێت کەکەسێك لەباری لەدەستدانی ئەقڵو هۆشـیدا بەستویەتی ئەگەر دۆخەکە کاتی بێـت یـاخود بـەهۆی هەڵچـونو بـارو دۆخـی کتوپڕو.....تاد بێت.

4-تۆمار کردن ـ زۆربەی زۆری وولاتان لەم سەردەمەی ئێستاماندا, تۆمار کردنی گرێبەســتی هاوســەرێتی لەفەرمانگەیــەکی رەسمــی ( دادگــا, دادنــوس,

www.pertwk.com

بالۆێزخانــه, یــان لەکڵێســه, پیــاوی ئــایینی...)دا بەمــەرجێکی پێویســتی دادەنێنو تەوزیمیەو هەر کەسێك سەرپێچی بکات سزا دەدرێت.

تۆمار کردن چـەندین ئامـانجی لەپشـتەوەیە وەك دڵنیـا بـوون لـەو مەرجانـەی لەهاوسەرێتیەکەدا یە لەڕوی یاساییەوە (وەك هەلومەرجی گرێـی هاوسـەرێتیەکەو رەزامەندی هەردوولاو رازی بوونی دایكو باوكو ـ ئەگـەر پێویسـت بـوو ـ شـیاوی دروسـتی هاوسـەرێتیە) جگـە لـەوەی بەشـێوەیەکی رەسمـی دەچەسـپێنرێتو رادەگەیەنرێت...تاد.

لەمپەرەکانی هاوسەرێتی:

هەرلەکۆنـەوە لەمپـەرەکانی هاوسـەرێتی دانـراونو دیاردەیـەك نـین لـەم سـەردەمانەدا پەیـدابووبن, لەتـەواوی کۆمەڵگاکانـدا بەسـەرەتاییو شارسـتانیەوە چەندین سنوری چەسپاو هاتونەتە بوونو, بوونەتە رێگر لەبەردەمی هاوسەرێتیدا, ئەمەش وای کردوە هەندێك شێوەی هاوسـەرێتی پەسـەندو رەوابێـتو, لەهەنـدێك حاڵاتی تریشدا ناپەسەندو نادروست بێت. لێـرەدا ئامـاژە بـەو لەمپـەرە گشـتیانە دەکەین کەلەزۆربەی کۆمەڵەکاندا هەیەو پەیڕەو دەکرێن:

1-تابۆی هاوسەرێتی لەسەر بنەمای خزمایەتی* ئینجا ئەو خزمایەتیە سروشـتی (واتە لەڕێی خوێنەوە بێت) یان وەرگیراو بێت ( وەك زاوایەتیو هەڵگرتنەوە).

گرنگترین ئەو لەمپەرانەی لەسەر بنەمای خزمایەتین بریتین لە:

* بەنادروستی ناسینی هاوسەرێتی لە تـەواوی کۆمـەڵگا سـەرەتایی و شارسـتانیەکاندا بـوونی هەیـە, رەنگە هەندێکیان رەسمی و نوسراوبن و بە بەندی یاسایی دیاریکرابن, یاخود شاراوە و نەنوسراو بن و, رەگ و ریشەیان لەنێو داب و نەریتەکاندا بێت و بووبن بە پاڵنەری رەفتار و پشتاوپشت مابنەوە.

أ-هاوسەرێتی نێوان خزمە سەرەکیەکان لەهەردووخێزانی گەشە پێکردنو زاووزێیدا:

لێرەدا هاوسەرێتی تاکە کەس لەگەڵ تاکەکانی ئەو خێزانەدا قەدەغەیە کەتیایدا لەدایك بووە یاخوود تیایدا گەشەی کردووەو گەورە بووە. واتا کوڕ ناشێت دایكو خوشکی خۆی بەهاوسەر بگرێتو, کچیش باوكو برای ببنە هاوسەری. هەروەها هاوسەرێتی نێوان تاکە کەسو ئەندامانی خێزانی زاووزێیایەتی نەشیاوو قەدەغەیە" وەك هاوسەرێتی باوك بەکچی ژنەکەی, یان دایك بەکوڕی مێردەکەیو, برا بەخوشك. هەروەها ئەوهاوسەرێتیەش نەشیاوو قەدەغەیە کەلەنێوان: کوڕو پوردا ( خوشکی دایكو خوشکی باوك) یان لەگەڵ نەنکیدا, هەروەها کچ لەگەڵ خاڵو مامو باپیریدا. واتا هاوسەرێتیو پەیوەندی سێکسی لەنێوان تاکەکانی هەردوو خێزانەکەدا قەدەغەو نەشیاوە, ئەم قەدەغە کردنە پێی دەوترێت: ئەوەی حەرامکراو(In cest taboo) لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم حەرامکردنە بنەمایەکی گشتیەو لەهەموو کۆمەڵەکاندا (سەرەتاییو شارستانی) وەکو یەك پیادەی دەکەن*.

ب ـ تابۆ بەهۆی زاوایەتیەوە:

پەیوەندیە خزماتیەکان (هاوسەرێتیەکان) کەلەسەر بنەمای زاوایەتیە, رەنگە ببێتە لەمپەرو هاوسەرێتی حەرام بکات لەنێوان چەند کەسێکی دیاری کراودا بۆنمونە: هاوسەرێتی پیاو لەگەڵ دایکی ژنەکەیدا ـ لەدوای مردنی ژنەکەی یاخود

---

لە هەندێ کۆمەڵدا بۆئەوەی (نادروستی هاوسەرێتی) پراکتیزە بکەن, لە قۆناغی منداڵیەوە هەردوو رەگەزەکە لەیەکتری جیادەکەنەوە, یان بەتوندی سزای ئەو کەسانە دەدەن کە سەرپێچی دەکەن.

* لەئەمریکاو زۆربەی کۆمەڵە ئەورپیەکاندا هاوسەرێتی نێوان کوڕو کچی مامو خاڵ بەیەکجاری تابۆو نەشیاوە.

www.pertwk.com

لەدوای جیابوونەوەیان هەرگیز نابێتو قەدەغەیە. یان هاوسەرێتی ژن لەگەڵ باوکی مێردەکەیدا, یان کوڕ لەگەڵ ژنی باوکیدا, یاخود کچ لەگەڵ مێردی داکیدا...تاد. ئەم جۆرە هاوسەرێتیانە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەسەرەتایی‌و شارستانیەوە, ناشێتو ڕێ پێنەدراوە[**].

ح ـ تابۆ بەهۆی هەڵگرتنەوەوە: ـ

لەهەندێك کۆمەڵدا ئەو خزمایەتیەی لەهەڵگرتنەوە دروست دەبێت وەك ئەو پەیوەندیە خزمایەتیە وایە کەلەسەر بنەمای خوێنە. واتا ئەو کوڕو کچەی کەهەڵگیراونەتەوەو بەخێو کراون وەك ئەو کوڕو کچە تەماشا دەکرێن کەبەشێوەیەکی سروشتی لەدایكو باوکەکەوە کەوتونەتەوە.

د ـ وەك درێژ کردنەوەیەك بۆ تابۆی کەسە نزیکەکان بنەمای هاوسەرێتی دەرەکی(Exogomy) وحەرامکردنی هاوسەرێتی ناوخۆی (Exogomy) دەرکەوتن لێرەدا حەرامکردن لەنێو تاکەکانی خێزانی گەورەی لێکدراودا سەری هەڵداو, لەوانەیە ئەم حەرامکردنە ئەو کەسانەش بگرێتەوە کەیەك ڕەچەڵەکیان بووە, یان سەر بەهەمان خێڵو تیرەو هۆزن. خۆئەگەر لەم یاسایە سەرپێچی بکرێت هاوسەرێتی بێتە پێك هاتن ئەوا لەبنچینەوە نادروستەو بەتاوان هەژمار دەکرێتو لەڕوی کۆمەلایەتی‌و یاسایسەوە سزا دەدرێت[***].

---

[**] لەدەوڵەتە ئیسلامی‌یەکاندا خزمایەتی زاوایی وەك خزمایەتی سروشتی دەبێتە رێگر لەبەردەمی هاوسەرێتیدا, هەروەها لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا –لەواشنتۆنی پایتەختو هەندێك ولایەتی باکوری رۆژهەلاتو باشوری رۆژهەلات– هاوسەرێتی بەهۆی زاوایەتی‌یەوە قەدەغەو حەرامە, هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم کردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕەنگە بەهۆی هاوسەرێتی ئەو جۆرە لەخزمایەتی‌یەوە بکەونەوە.

[***] حەرامکردنی سێکس‌و هاوسەرێتی لەنێو خزمانی یەك گروپدا, ئەمڕۆ لەژمارەیەك کۆمەڵگای دیاریکراودا پیادە دەکرێتو, جاران لەزۆربەی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا دیاردەیەکی باو بووە,

بەتایبەتی ئەوانەی کەتیایدا رەچەڵك گەڕاوەتەوە بۆ دایكو دایكسالاری بووە, بەلام ئەمڕۆ لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا حەرامکردنی هاوسەرێتی بۆ تاکەکانی رەچەڵەکێك دیاردەیەکی باوە ـ جگە لەکۆمەڵی جوولەکە کەتیایدا هاوسەرێتی کچ لەگەڵ خاڵی خۆیدا دروستەو حەرام نییە. هاوسەرێتی برا لەگەڵ خوشکیدا لەلای هەندێك نەتەوەی کۆن وەك بنەماڵەی فیرعەونەکانو بنەماڵەی میرەکانی ( دوورگەکانی هاوای ) پیادە کراوە ئەمەش بەمەبەستی راگرتنی شکۆو پیرۆزی خوێنی حاکمەکان چونکە پێیان وابوە هیچ کەسێك شایستە نیە ببێتە هاوسەری خوشك جگە لەبراکەی.

حەرامکردنی سێکس لەنێو خزماندا سەرنجی زۆربەی زاناکانی کۆمەڵناسیو ئەنترۆ پۆلۆژیای راکێشاوەو وایلێکردون بەدوای زانینی هۆیەکانی بوونیدا بگەڕێن لەکۆمەڵگاکاندا.لەم بارەیەوە چەندین دیدو بۆ چوون سەریان هەڵداوە ( ویستەر مارك ) پێی وایە حەرامکردن بەرئەنجامی دوورکەوتنەوەی سێکسیە لەنێوان ئەندامانی یەك خێزانداو, دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئارەزوی سێکسی یان لەهەمبەر یەکتریدا ئەمەش بەهۆی هاوگوزەرانیو پێکەوە ژیان بووەلەیەك شوێنی دیاریکراودا“ لەئاکامدا وایان لێهاتووە دژ بەبیرۆکەی هاوسەرێتی لەنێو خۆیاندا بوەستنەوەو بۆ هاوسەر گرتن ڕولەدەرەوەی خۆیان بکەن. ئەم دوورکەوتنەوەیەش بەتێپەر بوونی زەمەن لەدەروونی تاکە کەسەکاندا ڕەگی داکوتاوەو پشتاوپشت ماوەتەوەوبووە بەسیستمێکی کۆمەلایەتی چەسپاوو جێگیر.

بەڵام ( دورکهایم ) ئاماژە بەوە دەکات کەحەرامکردن بەرئەنجامی دەرکەتنی ئایینە سەرەتاییەکانەو لەبنچینەدا سیستمێکی ئایینیە. لەهەموو کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا هەرگروپێك تەوتەمێکی تایبەتی پیرۆزیان هەبوەو ئیتر گیاندار بوبێت یان بیّ گیان, بەدەوری ئەو شتەوە خەرمانەیەکی پیرۆز هەبووەو, تاکە کەس لەبەرامبەریدا بەجۆرێك لەدوور کەوتنەوەو حەرامکردن (Taboo) رەفتاری کردووەو پێیان وابوە ئەم تەوتەمە چۆتە خوێنو دەروونی هەموو تاکەکانەوەو هەربەشێك لەبەشەکانی کەسەکە ـ بەتایبەتی خوێنەکەی ـ پیرۆزو حەرامە. بەپێی بنەمای دوورکەتنەوەو تابۆ پیرۆزیان دەرکەوتوە بۆیە پیاوانی ئەو گروپە لەژنەکانی هەمان گروپ دوور کەوتونەتەوەو هاوسەرێتی لەنێوانیاندا حەرام کراوە چونکە پەیوەندیان بەیەك تەوتەمەوە هەبووە.

ماکلینان (Mclennan) پێی وایە هاوسەرێتی لەدەرەوەی خێزانو گروپدا دەگەڕێتەوە بۆ دەگمەنی ژن بەهۆی زیندە بەچاڵ کردنی کچانەوە. ئەم دیاردەیەش پیاوانی ناچار کردووە لەدەرەوەی گرپەکەیاندا بەدوای ژندا بگەڕێنو, بەتێپەڕبوونی زەمەنیش ئەم حاڵەتە بووە بەنەریتێکی بەباشزانراو لەناخی تاکە کەسەکاندا چەسپاوەو پێچەوانەی ئەم نەریتەش بێزراو ناپەسەند بووە, لێرەوە هاوسەریتی ناوخۆ حەرامکراوو دەرەکی بەباش زانراوە.

بەڵام( مۆرگان ) دەڵێت هۆکاری بوونی هاوسەرێتی دەرەکیو حەرامکردنی هاوسەریتی ناوخۆی دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئازادیو بەرەڵایی سێکسیدا کەدیاردەیەکی باوبووەو ململانیّو ناکۆکی لێکەوتۆتەوە. چونکە پیشبڕکێی پیاوان بۆ دەسکەوتنی ژن لەسنوری یەك خێزاندا بۆتە هۆی ململانیّو کوشتنی بەردەوام لەنێوانیانداو دواتریش هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی خێزانیو خزمایەتیو حاڵەتی

www.pertwk.com

2-تابۆ لەبەر هۆكارە تەندروستیە بۆ ماوەییەكان:

هەندێك جار داب‌و نەریت یان یاساكان لەبەر هۆكاری تەندروستی ئـەقڵی یـان جەستەیی هاوسەرێتی حەرامدەكەن‌و, بەهۆی هەندێك نەخۆشـی بـۆ مـاوەیی وەك پەركەم‌و سیل‌و نەخۆشی كۆئەندامی زاوزێ‌و... تاد ڕێ نادەن هاوسەرێتی بۆ ئـەو جۆرە نەخۆشانە دروست ببێت,هەروەها لەهەندێك كۆمەڵدا شێت‌و كەم ئەقڵ بـۆی نیە هاوسەر بگرێت.

ئـەم قەدەغـە كردنـە بۆئەوەیـە ئـەو جـۆرە نەخۆشـیانە لـەڕێی بۆمـاوەوە نەگوێزرێتـەوە یـاخود لەوبۆچـونەوە سەرچـاوە دەگرێـت كـە ئـەو جـۆرە نەخۆشـانە لەواتای هاوسەرێتی‌و لێپرسراوێتی‌و ئەركەكانی هاوسەری ناگـەن‌و پـەی پێنابـەن. لەهـەموو بارەكانـدا هەوڵـدەدرێت پارێزگـاری لەبەرژەوەنـدی گشـتی بكرێـت‌و نەوەیـەكی نـوێی تەندروسـت بەرهـەم بهێنرێـت. پشـكنینی پزیشـكی پێویسـت ئەنجامـدەدرێت‌و دەبێـت لەبـەردەمی لایـەنی رەسمـی بـاوەرپێكراودا بسـەلمێنرێت‌و

---

بەرەڵایی سێكسی. بۆیە لەبەرژەوەندی گروپەكەدا بووە سنورێك بۆ ئەم بەرەڵایی سێكسـی‌و ململانـێ‌و هەڵوەشاندنەوەیە دابنێت ئەمەش بـەهۆی حـەرامكردنی هاوسـەرێتی لـەنێوان ئەنـدامانی یـەك خێـزان‌و بنەماڵەداو لێرەوە بەشێوەیەكی مەبەستدار سیستمی حەرامكراوەكان سەری هەڵداوە.

هەندێك كەسیش پێیان وایـە حـەرامكردنی هاوسـەریتی لـەنێوان خزمانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئاكامـە خراپانەی بەسەر تەندروستی رەگەزی مرۆڤایەتیەوە بەجێی دەهێڵێت چونكە ئـەم جـۆرە هاوسـەرێتیە دەبێتە هۆی لاوازكردنـی زاوزێ‌و دەركـەوتنی هەنـدێك خەسـڵەتی خراپـی جەسـتەیی‌و ئـەقڵی, بـەهۆی گواستنەوەیانەوە لەڕێی بۆماوەوە, كاتێكیش عەقڵی سەرەتایی پەی بەم شوێنەوارە خراپانە بـردووە, وای لێهاتووە بڕیاری حەرامكردنی هاوسەرێتی لەنێوان تاكەكانی یەك خێزان یان یەك گروپدا بدات. ئەم راستیەش بەشێوەیەكی راست‌و دروست حـەرامكردن لەكۆمەڵـە شارسـتانیەكاندا دەسـەلمێنێت. بـەڵام بـاوەڕ هێنـان بـەوەی كەئـەقڵی سـەرەتایی ئـەم راسـتی‌یە زانسـتیانەی زانیـوە, مەسـەلەیەكە هـەروا بەئاسانی قبوڵ ناكرێت.

جەخت لەسەر لەش ساغی هەردوو رەگەزەکە دەکرێتەوە بەرلەوەی ببنە هاوسەری یەکتری.

3-جیاوازی ئایین:

هاوتایی نێوان ژنو مێرد دیاردەیەکی پەسەندو ویستراوە لەهەموو کۆمەڵە مرۆییەکاندا. بەڵام جیاوازی نێوان کۆمەڵگاکان سەبارەت بەم خاڵە لەوەدایە کەهەندێکیان بەمەرجێکی بنچینەیی دادەنێنو بەرەسمی بڕیاریان لەسەرداوەو, لەهەندێکی تردا دابو نەریتەکان ڕێ نادەن بەهاوسەرێتی لەگەڵ ئایینی جیاوازدا هەندێکی تریش شەریعەتە ئایینیەکان رێگرە لەبەر دەمیدا.

4-جیاوازی نەژادیو چینایەتی

هەندێك لەدابو نەریتو یاساکان هاوسەرێتی تاکەکانی نێوان یەك نەژادو چینە جیاوازەکان سنوردار دەکەنو جەخت لەسەر ئەو هاوسەریتیە دەکەنەوە کەلەنێوان یەك چینو یەك نەژاددا ئەنجام دەدرێت.

هەندێك لەنەریتەکان بەراشکاوی رێ دەگرن لەهاوسەرێتی نێوان نەژادە جیاوازەکان, وەك حەرامکردنی هاوسەریتی نێوان رەش پێستو سپی پێست لەهەندێك ویلایەتی ئەمریکادا, یان حەرامکردن لەنێوان چینە جیاوازەکاندا لەوڵاتی هندستان.

5-تەمەنی هاوسەرێتی:

رەنگە تەمەنی ژنو مێرد یان یەکێکیان بەشێوەیەکی کاتی ببێتە رێگری هاوسەرێتی, لەهەرکۆمەڵێکدا ئەگەر کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرێتی دیاری کراو بوو, ئەوا هەر هاوسەرێك تەمەنی کەمتر بێت لەوتەمەنە دیاریکراوە رێی پێنادرێتو قبوڵ ناکرێت. لانی کەمی تەمەنی هاوسەرێتی لەڕووی یاساییەوە

بەپێی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردادێت, بەلاَم زۆربەی زۆریان ئەو تەمەنی کەدەستنیشانیان کردووە دەکەوێتە نێوان (16-18) ساڵیەوە ئەمە بۆ کچ, بۆ کوڕیش دەکەوێتەوە نێوان (18-21) ساڵیەوە ( زۆر جار ئەو تەمەنە پێی دەوترێت تەمەنی باڵق بوون ) بەلاَم لەهەندێك کۆمەڵدا ڕێ بەهاوسەرێتی ئەوکەسانەش دەدرێت کەتەمەنیان کەمترە لەو ڕادەیەی ئاماژەمان بۆ کردن ئەمەش بەهۆی باڵق بوونیان لەپێش وەختدا( وەك لەهندستانو ناوچە گەرمەکانی تر ).

لەزۆربەی کۆمەڵەکاندا ڕێ دراوە هاوسەرێتی ئەو کەسانەی کەلەڕوی یاساییەوە گەیشتونەتە تەمەنی باڵق بوونو پێویست بەوە دەکات ڕەزامەندی دایكو باوکیان بۆ هاوسەرێتی وەربگیرێت.

ئەم حەرامکردنە لەزۆربەی کۆمەڵە پێشکەوتوو تازە پێگەیشتوەکاندا پیادە دەکرێت, مەبەستیش لەدیاریکرنی ئەو تەمەنە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە خراپەکانی هاوسەرێتی پێشوەخت ـ واتە پیش تەمەنی یاسایی ـ گرنترین ئەو لایەنە خراپانەش بریتین لەمانە:

1-شوێنەواری سروشتی:

گەرچی ئەو راسیتیە سەلمێنراوە کەکچ توانای دوو گیانیو منداڵ بوونی هەیە لەوکاتەدا کە راستەوخۆ دەکەوێتە دوای باڵق بوونو سوڕی مانگانەوە, بەلاَم لەڕوی تەندروستییەوە باشتر وایە حاڵەتی دووگیانی بکەوێتە دوای (3-4) ساڵی دوای یەکەم سوڕی مانگانەوە, چونکە باری دووگیانی ڕێ دەگرێت لەگەشەو پێگەیشتنی جەستەییو ڕەنگە تەندروستی ژنەکە تێکبداتو تووشی نەخۆشیو ماندووبوونی بکات.

ئەو توێژینەوانەی لەم بارەیەوە ئەنجامدراون دەریان خستووە ئەگەری مردنی دایکی دووگیان لەنێوان تەمەنی (10-14)و ـ لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکەیدا ـ پێنج جاران زیاترە لەئەگەری مردنی ئەو دایکانەی دەگەنە تەمەنی (20-24) بەتایبەتی لەکاتی لەدایك بوونی منداڵەکەیدا.

2-شوێنەواری دەروونیو کۆمەڵایەتی:

کچو کوڕ لەتەمەنی هەرزە کاریدا ـ بەتایبەتی تەمەنی کەمتر لەشانزە ساڵ ـ لەلایەنی سۆزو سۆزدارییەوە پێنەگەیشتوونو هەردەم هەست بەدڵەڕاوکێو نائارامیو ناجێگیری دەکەنو لەبڕیاریاندا خێراو هەڵەشەنو سیماکانی لەخۆبایی بوونو نکۆڵی کردنو... تاد یان پێوە دیارە. هەموو ئەم حاڵەتانە وای لێدەکەن لەهەڵبژاردنی هاوسەردا توشی دژواریو زەحمەت ببێتو لەسەر بنەمایەکی دروستو هاوسەنگ" ژیانی هاوسەرێتی بۆ نەبرێت بەڕێوەو بەرگەی لێپرسراوێتی هاوسەرێتی خێزانی ناگرێتو کوڕ ناتوانێت وەك مێردو باوك رەفتار بکاتو کچیش زەحمەتە بەئەرکەکانی ژنێتیو دایکایەتی, وەکو پێویست هەڵبستێت بۆیە لەکۆمەڵە نوێیەکاندا ڕای گشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەلەخوار تەمەنی یاساییەوە هاوسەرێتی قەدەغە بکرێتو ڕێی پێنەدرێت.

www.pertwk.com

## بەشی نۆیەم
## ڕێکخستنی جیابوونەوە

جیابوونەوەی ژنو مێرد:

مەسەلەی جیابوونەوەو ڕێکخستنی, تایبەت نییە بەسەردەمێکی دیاریکراوەوە بەڵکو مەسەلەیەکی جیهانیو هەتاهەتاییەو, سەرنجی فەیلەسوفو بیریارو پێشەوا ئاینیو مەدەنیەکانی, وەك یەك ڕاکێشاوەو, هەمووان بۆ داڕشتنی چارەسەرو یاسای پەیوەندار تێکۆشانو تێدەکۆشن.

بایەخدان بەمەسەلەی جیابوونەوەو ڕێکخستنی, دیاردەیەکی کۆنەو هاوجوتە لەگەڵ هاوسەرێتیو ڕێکخستنیدا, هاوسەرێتیو جیابوونەوە دوو دیاردەی پەیوەستدارو تێهەڵکێشن بۆیە یاساکانیش پەیوەستو تێهەڵکێشنو بەزەحمەت لەیەکتری جیادەکرێنەوە. جیابوونەوەش وەك هاوسەرێتی سیستەمە, سیستمیش دەبێت گونجانو ڕێکخستنو هاوسەنگی تێدا بێت. بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەی داڕشتنی چارەسەری یاسایی بۆجیابوونەوە هەماهەنگە لەگەڵ مەسەلەی چارەسەرە یاساییەکانی هاوسەرێتیدا, بۆیە یاساکان پێویستی بەسیاسەتی ئەقڵانی هەیە

لەهەردوو حاڵەتی هاوسەرێتیو جیابوونەوەدا. لەزۆربەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا هەوڵـدەدرێت یاسـاکانی هاوسـەرێتیو جیابوونـەوە نـوێ بکرێتـەوە هـەردووکیان لەیاسایەکی یەکگرتووی بارەکـانی کەسـێتی (الاحـوال الشخصـیە) کۆبکرێنـەوەو کەســەرەتای هاوســەرێتیو چــۆنیەتی گرێبەســتی هاوســەرێتیو تۆمــارکردنو شوێنەوارەکانو چۆنیەتی کۆتـایی پێهێنـانی بـەجیا بونـەوە یـان هەڵوەشـاندنەوە ـ لەخۆ بگرێت, هەروەها جەخت لەسەر مافەکانی هەردوو لایـەنو ئـەو منداڵانـەش بکرێتـەوە کەبەرهـەمی هاوسـەرێتی دوولایەنەکـەن. بەشـێوەیەك ئـەو یاسـایە فەلسەفەی هاوسـەرێتیو جیابونـەوە لەسـەربنەماکانی بـەها ئاکارییـە باوەکـانی کۆمەڵگا دابڕێژرێت.

یاساکانی لەیەك جیابوونەوە لەم سـەردەمەدا بـۆ ئـەوە کاردەکـات نیاتنـەرو پۆزەتیڤ بێتو یارمەتی دەربێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکانو پلان دانان بۆ ئاینده نەك بریتی بێت لەیاسای خراپو نێگـەتیڤو چـەمکە ئایدیالیسـتیەکان زاڵـبن بەسـەریداو هەربەتـەنها جـەخت لەسـەر هەڵـەو کـەموکورتیو سەرزەنشـت بکاتەوە.

تاکــە کــەس لەزۆربــەی کۆمەڵەکانـدا بەئاسـانی نـەیتوانیوە جیابونـەوەی دەستبکەوێتو, هەتا سەرەتای چەرخی بیستەم یەکێك بووە لەدژوارترین مەسـەلە شەخسیەکان* بەڵام ئەم حاڵەتە لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە گۆڕانکاری بەسـەردا

* لەزۆربەی کۆمەڵگا مەسیحیەکاندا –بەتایبەتی کاسۆلیکیەکان– یاساکان جیابونەوەیان گەیاندۆتە ئاستەمو مەحاڵ, بۆ نمونە لەبەریتانیا لەسـەرەتادا جیابونـەوە بـەبڕیارێکی کلێسـە بەرقـەرار دەبـوو,و دەستکەوتنی ئەو بڕیارەش قورسو دەگمەن بوو, پاشـان دەبوایـە بڕیـاری پـەرلـەمانی بـۆ دەرچـوایە, دوای ئەوەی باجێکی قورس دەدرا بۆیە تەنها دەوڵەمەندەکان هەتا ساڵی 1857 بۆیان هەبووە سوود لەم بڕیارە پەرلەمانییە وەربگرن.

هاتو مەوداو هۆکارەکانی فراوان بوون. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەدا کەڕوویانداوە کەچی یاساکانی جیابوونەوە لەکۆمەڵە کاسۆلیکیەکاندا بەتایبەتی لە(ئیرلەنداو, ئیسپانیاو, ئیتالیاو, زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین)دا, زۆر دلڕەقەو هۆکارەکانی زۆربچوکو تەسکنو واتا بەئاسانی نایەنە جێبەجێکردن, بەڵام لەدەوڵەتە پرۆتستانتیەکاندا گەرچی لەڕووی یاساوە ـ تیۆریەوە ـ پرۆسەی جیابونەوە قورسو دژوارە, بەڵام لەواقیعدا بەئاسانی جێبەجێدەکرێتو ئەگەر هەردوولا ڕێك بکەون یان هەر لایەکیان ئارەزووی لەجیابووەنەوە بێت ئەوا جێبەجێدەکرێت. بەڵام لەیەکێتی سۆڤیەتی جاراندا یاسای جیابوونەوە ئاسانکاری زۆری تێدایەو, بەپێی تیوری جیابوونەوە بریتیە لەکردەوەیەکی کارگێڕی رەسمیو بەرێکەوتنی هەردوولایەنەکە یان بەئارەزوی یەکێکیان جێبەجێدەکرێتو, لەماوەی چەند خولەکێکدا تۆمار دەکرێتو بۆ هەردوولایەنەکە دەخوێندرێتەوە بۆئەوەی رەزامەندی خۆیانی لەسەر بدەن. بەڵام ئەگەر لەسەر داوای لایەنێك بێت (ژن یان مێرد) ئەوا ئەولایەنە دەچێتە لای دەزگا رەسمییەو پەیوەندارەکەو تۆماری دەکاتو, فۆرمی جیابوونەوەکە بۆ لایەنەکەی تر ڕەوانە دەکرێت, یان لەڕێی ڕۆژنامەوە بڵاویدەکاتەوە ئەگەر ناونیشانی لایەنەکەی تر نەزانراو بێت لەم حاڵەتەدا ئەو لایەنەی کەدەبێت نەفەقە بدات پێویستە لەماوەی ساڵێکدا بیدات

---

بەڵام لەگوندە ئینگلیزیەکاندا بەهۆی هەژاری تاکە کەسەوە —چونکە باجی جیابوونەوە زۆر بوو— دیاردەی فرۆشتنی ژن سەری هەڵداو هاوڵاتی بەبێ چوونە دادگا بەئاسانی لەژنەکەی رزگاری دەبوو. لەهەندێ وڵاتی تردا وەك بەرازیل دەوڵەت جیابوونەوەی ژنو مێردی حەرامکردبوو, بۆیە هەردووکیان بۆ دەوڵەتێکی دراوسێ هەڵدەهاتن (وەك دەوڵەتی ئۆرۆگوای) وە لەوێ لەیەکتری جیادەبوونەوە پاشان دەگەڕانەوە بەرازیلو بەئارەزووی خۆیان هاوسەریان هەڵدەبژاردەوە. ئەم حاڵەتانەش بەرئەنجامی بوونی ئەو بۆشاییە بوو لەنێو یاساکانی هاوسەرێتیو جیابوونەوە یان لەنێو دابو نەریتە پەیڕەو کراوەکاندا.

بەلایەنەکەی تر. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی ناچارکراوە نەفەقەکە بیدات کرێکار نەبێت ئەوا لەماوەی شەش مانگدا پێویستە ئەو خەرجیانە بداتو, خەرجی منداڵیش بەرێکەوتنی هەردوولا دەدرێت یان هەردووکیان دەیدەن. لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەمین یاسای جیابونەوە لەویلایەتی( پەنسلڤانیا) لەساڵی (1785)دا دەرکراوە, زینا تاقە هۆکارو بیانویەك بووە, بەڵام لەساڵی (1857) چەندین هۆکاری تری دیاریکردووە بۆجیابوونەوە وەك: بەجێهێشتنو کۆچو مامەڵەکردنی توندو تیژ جگە لەزیناو ناپاکی هاوسەرێتیو ئەم یاسایە لەهەموو هەرێمی ووڵاتە یەکگرتووەکاندا پراکتیزە کراوە جگە لەویلایەتی نیۆیۆرك کەدواتر یاسای بۆ جیابوونەوە دارشتووەو, ویلایەتی (سوت کارولینا) هەتا لەساڵی (1949) ڕێی بەجیابوونەوەی ژنو مێرد نەداوە.

هۆکارەکانی جیابونەوەی ژنو مێرد:

بەپێی یاسا هۆکارەکانی جیابونەوە ـ لەکۆمەڵە جیاوازەکاندا ـ هەمە جۆر بووەو کەوتۆتە نێوان سادەترینو ئاڵۆزترین هۆکارەوە, هەرچەندە زۆرو هەمە جۆرن, بەڵام چەندین هۆکار هەن کەگشتینو لەهەموو کۆمەلەکاندا دەردەکەونو, هەندێك هۆکاریش تایبەتینو لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت* لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین بیانووە یاساییە گشتییەکانی جیابوونەوە دەکەین لەم چەند خاڵەدا:

* هۆکارەکان لەڕووی بایەخیانەوە بەپێی کۆمەڵەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت, هەندێك لەو هۆکارانە لەکۆمەڵێکدا زۆر گرنگن کەچی لەکۆمەڵێکی تردا هیچ بایەخێکیان نییە. لە وڵاتی چین زۆر بڵێی (چەنەبازی) هۆکارێکە بۆ جیابوونەوەو, لەلای تۆداس هەندێ جار ئەگەر ژن کارکردن قبوڵ نەکات ئەوا جیابوونەوە ڕوودەدات واتە بیانووی جیابوونەوە لەئارادایە.

1-زینا كردنو ناپاكی هاوسەرێتی.

2-نەزۆكی ـ نـەزۆكی ژنو مێـرد لەهەنـدێك كۆمـەڵدا بیانویەكـە بـۆ داواكردنـی جیابوونـەوە لەلایـەن هەردووكیانـەوە, بـەڵام لەهەنـدێك یاسـادا پیـاو بـۆی هەیەلەژنەكـەی جیـا بێتـەوە ئەگـەر ژنەكـەی نـەزۆك بـوو, بـەڵام ژن مـافی داواكردنی جیا بوونەوەی نییە بەهۆی نەزۆكی مێردەكەیەوە.

3-زیان ـ لەزۆربەی كۆمەڵەكاندا مافی ژنو مێردە داوای جیا بوونەوە بكەن ئەگەر بـەهۆی پەیوەنـدی هاوسـەرێتیانەوە زیـان بەهـەردووكیان یـان بەیـەكێكیان بكەوێت. زیانەكە رەنگە ماددی یان مەعنەوی بێت. زیـانیش خـۆی لەخۆیـدا شـتێكی رێژەییـەو ئـەوەی لەكۆمەڵێكـدا بـەزیان هـەژمار دەكرێـت رەنگـە لەكۆمەڵێكی تردا بەو شێوەیە تەماشا نەكرێت. لەوانەیە زیانەكەش لەهەردوو لایەنەكە بكەوێت یاخوود لەیەكێكیان بكەوێت.

4-جیاوازیو ناكۆكیو ململانێی نێـوان ژنو مێـرد كـەژیانی هاوسـەرێتی بكـات بەدۆزەخ.

5-توندو تیژی جەستەییو ئەقڵی.

6-نەخۆشـیو نـەنگی جەسـتەییو عـەقڵی كەببێتـە هـۆی ئـەوەی رێ بگرێـت لەئەركەكانی هاوسەرێتیو مافەكان پێشێل بكات.

شوێنەوارەكانی جیابوونەوەی ژنو مێرد:

جیابوونـەوە چـەندین شـوێنەواری مـاددیو مەعنـەوی لێدەكەوێتـەوە لـەڕوی یاسـاییەوە وەك پێبـژاردنو مـافی سـاوایەتیو مـیراتو چـاوەڕوانیو پێویسـتی هاوسەرگرتنەوە... تـاد لەیاسـاكاندا شـوێنەواری دارایـی دەخرێتـە ئەسـتۆی ژنو مێردەكـەوە یـان بەتـەنها دەخرێتـە ئەسـتۆی مێـردەوە. لەهەنـدێك یاسـادا بڕێـك

لەوابەستەبوونی ماددی لەئەستۆی مێرددایەو دەبێت بەژنو بەمنداڵەکانی بداتو تەنانەت ئەگەر ژنەکەش توانای بەخێو کردنی خۆیو منداڵەکنیشی هەبێت. بەڵام لەهەندێك یاسای تردا ئەو لایەنەی توانای دارایی هەیە ـ ژن بێت یاخود مێرد ـ ناچار دەکرێت لایەنەکەی تر بەخێو بکاتو گوزەرانی دابین بکات. لەوانەشە یاساکان موڵکەکانی ژنو مێرد بەیەکسانی دابەش بکاتو یەکی نیوەیان بداتێ تەنانەت ئەگەر موڵکەکان لەبنچینەدا هی یەکێکیشیان بێت.

بەڵام هاوسەر گرتنەوە یان مانەوەی چاوەڕوانی ئەو ماوەیەیە کەژنو مێرد ئازادنین هاوسەر بگرنەوە دوای ئەوەی لەیەکتر جیا دەبنەوە, ئەم شوێنەوارەش لەزۆربەی کۆمەڵە شارستانیو سەرەتاییەکاندا بۆئەوەیە سەرلەنوێ چاو بەپرۆسەی جیابوونەوەکەدا بخشێنرێتەوە, یاخود بۆ ئەوەیە دڵنیا بن لەو منداڵەی لەمنداڵدانی ژنەکەدایە, بۆ ئەوەی چارەنووسی دەستنیشان بکرێت. ماوەی چاوەڕوانی لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێتو دەکەوێتە نێوان چەند مانگێکەوە تاماوەی یەك ساڵ. لەهەندێ کۆمەڵگادا تەنها ژنەکە ناچار بەچاوەڕوانکردن دەکرێتو لەهەندێکی تردا هەردووکیان دەبێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هاوسەر نەگرنەوە.

بەڵام مەسەلەی ساوایەتی لەهەموو یاساکاندا گرنگی پێدراوە, هەندێکیان بەشێوەیەکی ڕەها (منداڵی ساوا یان بەخێو کردنی منداڵو منداڵەکان ) مافی ساوایەتی بەدایك دەدەن, لەهەندێکی تردا ئەو مافە بۆ دایکە هەتاماوەیەکی دیاری کراو بەڵام لەدوای ئەو ماوەیە دەگوێزرێتەوە بۆ باوك یان بۆ کەسو کاری باوك. لەهەندێك یاساشدا مافی ساوایەتیو پەروەردەکردنی منداڵ دەدرێت

www.pertwk.com

بەلایەنێکی گونجاوو شیاو, یان بەشێوەیەکی رەهایی ئەم مافە دەدرێت بەباوك یان کەسو کاری باوکو, دایك بۆی نییە بەشداری بکات تیایدا.

شوێنەوارەکانی جیابوونەوەی ژنو مێرد:

جیابوونـەوە چـەندین شـوێنەواری مـاددیو مەعنـەوی لێدەکەوێتـەوە لـەڕوی یاسـاییەوە وەك پێبـژاردنو مـافی سـاوایەتیو مـیراتو چـاوەڕوانیو پێویسـتی هاوسەرگرتنەوە... تـاد لەیاسـاکاندا شـوێنەواری دارایـی دەخرێتـە ئەسـتۆی ژنو مێردەکـەوە یـان بەتـەنها دەخرێتـە ئەسـتۆی مێـردەوە. لەهەنـدێك یاسـادا بڕێـك لەوابەستەبوونی ماددی لەئەستۆی مێرددایەو دەبێت بەژنو بەمندالەکانی بـداتو تەنانەت ئەگەر ژنەکەش توانای بەخێو کردنی خۆیو مندالەکنیشی هەبێت. بـەلام لەهەندێك یاسای تردا ئەو لایەنەی توانای دارایی هەیە ـ ژن بێـت یـاخود مێـرد ـ ناچار دەکرێت لایەنەکـەی تـر بـەخێو بکـاتو گـوزەرانی دابـین بکـات. لەوانەشـە یاساکان مولکەکانی ژنو مێرد بەیەکسانی دابەش بکاتو یـەکی نیوەیـان بـداتێ تەنانەت ئەگەر مولکەکان لەبنچینەدا هی یەکێکیشیان بێت.

بەلام هاوسەر گرتنەوە یان مانەوەی چاوەڕوانی ئـەو ماوەیەیـە کـەژنو مێـرد ئازادنین هاوسەر بگرنەوە دوای ئـەوەی لەیـەکتر جیـا دەبنـەوە, ئـەم شـوێنەوارەش لەزۆربەی کۆمەلە شارستانیو سەرەتاییەکاندا بۆئەوەیە سەرلەنوێ چاو بەپرۆسـەی جیابوونەوەکـەدا بخشـێنرێتەوە, یـاخود بـۆ ئەوەیـە دلنیـا بـبن لـەو منداڵـەی لەمنداڵـدانی ژنەکەدایـە, بـۆ ئـەوەی چارەنووسـی دەستنیشـان بکرێـت. مـاوەی چـاوەڕوانی لەکۆمەلێکـەوە بـۆ یـەکێکی تـر دەگۆڕێـتو دەکەوێتـە نێـوان چـەند

مانگێکـەوە تامـاوەی یـەك سـاڵ. لەهەنـدێ کۆمـەڵگادا تـەنها ژنەکـە ناچـار بەچاوەڕوانکردن دەکرێـتو لەهەنـدێکی تـردا هـەردووکیان دەبێـت بـۆ ماوەیـەکی دیاری کراو هاوسەر نەگرنەوە.

بەڵام مەسەلەی ساوایەتی لەهـەموو یاسـاکاندا گرنگـی پێـدراوە, هەنـدێکیان بەشێوەیەکی رەها (منداڵی ساوا یـان بـەخێو کردنـی منـداڵو منداڵـەکان ) مـافی ساوایەتی بەدایك دەدەن, لەهەندێکی تـردا ئـەو مافـە بـۆ دایکـە هەتاماوەیـەکی دیاری کراو بەڵام لەدوای ئەو ماوەیە دەگوێزرێتەوە بۆ باوك یان بـۆ کـەسو کـاری بـاوك. لەهەنـدێك یاساشـدا مـافی سـاوایەتیو پـەروەردەکردنی منـداڵ دەدرێـت بەلایەنێکی گونجاوو شیاو, یان بەشێوەیەکی رەهایی ئەم مافە دەدرێت بەباوك یان کەسو کاری باوكو, دایك بۆی نییە بەشداری بکات تیایدا.